# منداڵ فێرمەکە، هەلی بۆ بڕەخسێنە.

"ژان بیاژێ"

هەل ڕەخساندن بەشێکە لە پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن، لە وێوە هەنگاوەکانی فێرکردنی منداڵ دەست پێدەکات، وەك پڕۆسەیەکی پەروەردەیی درێژخایەنی بەردەوام، بۆیە تا هەل بۆ منداڵەکە نەڕەخسێنرێت ناتوانرێت پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردنیش دەستپێبکەین.

سەرپەرشتی زانستی : سالار جەلال ئەحمەد
سەرپەرشتی هونەری : عوسمان پیرداود کواز
خالد سلیم محمود
تایپکردن : شڤان سایبر عولا
نەخشەسازی بەرگ : عوسمان پیرداود کواز
نەخشەسازی ناوەرۆك: شڤان سایبر عولا

# پەروەردەی هونەر

## بۆ باخچەی منداڵان

## ڕێبەری مامۆستا


ئامادەکردنی

م . خەلیل عەلی عەبدوڵا

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

**پ.ی.د. عەباس مستەفا عەباس**

**پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن**

**د. شێروان حسێن خۆشناو**

**پێداچونەوەی زانستی**

**د. قادر حسێن ساڵح**

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٧ | پێشەکی |
| ٨ | سروشتی منداڵ |
| ٩ | مەبەستی پەروەردەکردن بە ڕێگەی هونەر |
| ٩ | کاری پەروەردەی هونەر لە کۆمەڵگەدا |
| ١٠ | پەروەردەی هونەرو گەشەی چێژی هونەریی |
| ١٠ | کاریگەری پەروەردەی هونەر لە کۆمەڵگەدا |
| ١١ | منداڵ و داهێنان |
| ١١ | ئایا منداڵ کەسێکی داهێنەرە؟ |
| ١٣ | ئایا ژینگەی فێرکاری ئێمە، توانای داهێنان گەشە پێدەدات؟ |
| ١٤ | چالاکی هونەری و گەمە هۆکارێکە بۆ داهێنان |
| ١٥ | قۆناغەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیکتۆر لۆنفێلد) |
| ١٥ | ڕێگاو شێوازەکانی پێشکەشکردنی پرۆگرامەکان لە باخچەی منداڵاندا |
| ١٩ | گرنگی چالاکییە هونەرییەکان لەسەر گەشەی کارامەیی بیرکردنەوەی منداڵ |
| ٢٠ | ئەو ڕێگاو شێوازانەی توانا کارامەییەکانی بیرکردنەوەی منداڵی باخچەی منداڵان گەشە پێدەدات |
| ٢٢ | چالاکی گروپکاری و تاککاری بە شێوەی کۆمەڵەی بچووك |
| ٢٢ | جیاوازی لە نێوان ڕێگای وانەگوتنەوەو شێوازی وانەگوتنەوەدا |
| ٢٣ | هەڵبژاردنی ڕێگاو شێوازی جیاواز بۆ گوتنەوەی وانەی هونەر لە باخچەی منداڵان |
| ٢٧ | پێداویستی |
| ٣٠ | ئارەزووی منداڵ |
| ٣٢ | تواناکانی منداڵ و ئامادەبوون و گەشەپێدانی خووەکان |
| ٣٢ | خووی منداڵ |
| ٣٣ | ڕۆڵی چالاکییە هونەرییەکان لە گەشەپێدانی خووەکان |

| | |
|---|---|
| تایبەتمەندییەکانی مامۆستای هونەر لە باخچەی منداڵاندا | ٣٤ |
| گەشەپێدانی توانا پیشەییەکانی مامۆستای هونەر | ٣٩ |
| ڕێساکانی ئاسایش و خۆپاراستن لە وانەی هونەردا | ٤٢ |
| پلان | ٤٤ |
| گرنگی پلان دانان | ٤٥ |
| جۆرەکانی پلان | ٤٦ |
| جۆرەکانی پێشانگە | ٤٧ |
| بنچینەکانی کردنەوەی پێشانگە | ٤٨ |
| پلاندانان بۆ کردنەوەی پێشانگە | ٥٠ |
| پۆلی تایبەت بە وانەی پەروەردەی هونەر | ٥١ |
| مەرجەکانی پۆلی تایبەت بە وانەی پەروەردەی هونەر | ٥٢ |
| **خشتە پلانی مامۆستا** | |
| خشتەی پێشنیازکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا | ٥٣ |
| **تەوەری یەکەم** | |
| **وانەی یەکەم** | |
| **دەربڕینی هونەری بە نیگارکێشان** | |
| ژینگەی خێزان | ٥٩ |
| **وانەی دووەم** | |
| هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەو چارەسەرکردنی – ڕێنمایی بۆ مامۆستا | ٧١ |
| فەلسەفەی هونەری منداڵ | ٨٥ |
| خشتەی نرخاندن | ٨٦ |
| **تەوەری دووەم** | |
| **یاریکردن لەنێوان خاڵ و هێڵ و ڕەنگدا** | |
| پێکگەیاندن و ڕەنگکردن | ٨٧ |
| **تەوەری سێیەم** | |
| **ناسینەوەو هەڵبژاردنی ڕەنگەکان** | |
| **وانەی یەکەم** | |
| ناسینەوەی کەرەستە ڕەنگییەکان | ١٠٤ |

| | |
|---|---|
| وانەی دووەم | |
| ڕەنگ کردن | ١١٤ |
| **تەوەری چوارەم** | |
| کاردەستی | |
| وانەی یەکەم | |
| هەویرکاری | ١٣٧ |
| وانەی دووەم | |
| بەکارهێنانەوە | ١٤١ |
| وانەی سێیەم | |
| لکاندن – کۆلاج | ١٤٧ |
| وانەی چوارەم | |
| خوری، دەزوو، داوکاری | ١٥٣ |
| وانەی پێنجەم | |
| نیگارکێشان بە لمی ڕەنگاو ڕەنگ | ١٥٨ |
| وانەی شەشەم | |
| یاریکردن لەناو لمدا | ١٦١ |
| وانەی حەوتەم | |
| هونەری ئامادەکردنی خواردن | ١٦٦ |
| **تەوەری پێنجەم** | |
| کاردەستی | |
| بڕین و لێکبەستن و ڕەنگ کردن | ١٧١ |
| فەرهەنگۆك | ٢٠١ |
| سەرچاوەکان | ٢١٧ |

# پێشەکی

مامۆستای بەڕێز، ئەم بەرهەمە، جگە لەوەی بابەتێکی هونەرییە، بەڵام زۆربەی بابەتەکان لە بواری پەروەردەدا دەخولێنەوەو بۆ ئەم مەبەستەش، هونەرەکەمان خستۆتە خزمەت پەروەردەوە، تا مامۆستا بتوانێت، ئاستی زانین و زانیاری لای منداڵی کورد گەشە پێ بدات لە ڕێگەی هونەری شێوەکاری و کاردەستیدا. بۆیە لێرەدا (هونەر هۆکارە، نەك مەبەست). ئەوەی گرنگە بۆ مامۆستا، کە وەك بنەمایەکی فەلسەفی لە سەری بڕوات ئەوەیە، کە: ((منداڵ فێرمەکە، بەڵکو هەلی بۆ بڕەخسێنە)). ئەمەش بەو مەبەستەی منداڵ پشت بەخۆی ببەستێت. ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵێك کێشەی ڕاستەقینە دێتە بەردەمت، بەڵام وریایی و بەئاگایی بەڕێزتان، دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی منداڵەکە لەڕێگەی دۆزینەوەی چارەسەری ڕاست و دروستدا. کە هەندێك لە چارەسەرییەکان مادیین، وەك دابینکردنی کەرەستەو دەستەبەرکردنی بودجەی پێویست بۆ وانەکە، بەڵام ئەوەی هەستیارو گرنگ بێت، لایەنە شاراوەکەیە، کە بە لایەنی دەروونی دادەنرێت و پێویستە مامۆستا بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەو پێشهاتەکاندا بکات، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان نە ڕووبەڕووی بۆتەوەو نە بینیویەتی. کەواتە مامۆستا نابێت چارەسەر بۆ هیچ کێشەیەك دابنێ، تا نەزانێت هۆکارەکەی چییە؟ چونکە ئەگەر چارەسەر بدەیت بە منداڵەکەو نەزانیت هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەکە چییە؟ هێندەی، کە کێشەکەت لێ ئاڵۆزدەبێت و ناتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت، بۆیە بەئاگابوون لە منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن، بەرچاوڕوونیت پێدەدات و بەئاگات دەکات لە هەر پێشهات و جووڵەیەکی نەشیاو لە پۆلدا.

مامۆستای بەڕێز، لەگەڵ چالاکیەکاندا هەوڵبدە منداڵ بوروژێنی، تا منداڵەکە هەست بە بوونی خۆی بکات هەروەها هەوڵ بدە منداڵەکان زۆرترین پشکی گفتوگۆیان بەربکەوێت لەناو پۆلدا، تا هەموویان بەشدار بن. هەروەها دروستکردن و ڕەخساندنی ئەم دیبەیتانە، منداڵ وریا دەکات و هەست و سۆزی بۆ ماددەکە، ئنجا بۆ زانیاریەکان زۆرتر دەبێت، تا وای لێدێت هێدی هێدی هەست و سۆزی بۆ هاوڕێکانی دەجولێت و هاوکاری و هاوسۆزیان بۆ دەردەبڕێت. بێگومان هەموو ئەوانەش لەڕێگەی کاری بەکۆمەڵ و هەرەوەزی دێنە دی. بۆیە پێویستە پشودرێژبیت و خۆت لە کێشەکان نەدزیتەوە، چونکە خۆدزینەوە لەکێشەکان، هێندەی تر کارەکەت لێ ئاڵۆزو قورستر دەکات، بۆیە باشترە بیکەیت بە نەریت و ڕووبەڕووی کێشەکان بەرەوەو چارەی گونجاوو شیاویان بۆ بدۆزەوە. ئێمەش هەوڵ دەدەین لە پراکتیك و لەناواخندا هەندێك لەو کێشانەت بۆ ڕاڤە بکەین و چارەسەرو بەرچاو ڕوونی پێویستت بۆ بخەینە بەردیدەت و تۆش لە کۆتایی هەر چالاکییەك هەڵسەنگاندن بۆ منداڵەکان ئەنجام بدەو ئاستی ژیری و کارەمەییان بەراورد بکەو بزانە پلان و چالاکییەکەت جێگەی گرتووە لە ناخی منداڵەکاندا یا نا؟ پێش دەستبەکاربوونیشت هەوڵبدە بابەتەکان بخوێنیتەوە، تا چاکتر ئەو منداڵە بناسیت، کە کاری لەگەڵ دەکەیت.

م. خەلیل عەلی

## دەستپێك

شایانی باسە، دەبێت مامۆستای باخچەی منداڵان ئاگاداری هەست و ئاستی منداڵ بێت و شارەزایی لە گەشەو شێوازی بیرکردنەوەو خەیاڵکردنی منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن بێت و فەرامۆشی نەکات. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو پێویستە مامۆستا پەیوەندی بگرێت بە دایی و بابی منداڵ و لە نزیکەوە گفتوگۆیان لەبارەی منداڵەکەوە لەگەڵدا بکات و ڕەوشی دەروونی و فیزیکی منداڵەکە ئاگاداربێت، تا بتوانێت هەڵسەنگاندنێکی ڕاست و دروست بۆ منداڵەکە بکات و بەشێوەیەکی تەندروست منداڵەکە ئاڕاستە بکات.

## سروشتی منداڵ:

ئەو کاتەی منداڵ لەدایك دەبێت، نە هێزی هەیەو نە بیر، نە زمانی هەیەو نە تێڕوانین. هیچ شتێك لە بارەی چاکە نازانێت و خراپە لە باشە جیاناکاتەوە. تەنانەت هیچیش لەبارەی ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانەوە نازانێت، بەڵام پەروەردەکردن بە هەموو جۆرەکانیەوە زانراوو نەزانراو، مەبەست و بێ مەبەست، لەماڵ، لەفێرگە، لەناو کۆمەڵگە، ئەوانە هەموویان منداڵ والێدەکەن، ببێتە هاوڵاتیەکی کۆمەڵایەتی. بۆیە پێویستە، هەموو کەسێك وا بکات پەروەردەیەکی تەندروست و باش پێشکەش بە منداڵەکەی بکات. هەرچەندە کەرەستەکانی پەروەردەکردنیش جیاوازبن بەڵام هەریەکە لە: (باوك، دایك، مامۆستا، پیاوانی ئاینی، ڕامیاری، پارێزەر، نووسەر، کارگەر، بازرگان، هونەرمەند...) هەموو ئەوانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ هەیە، تاببێتە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی باش فێربێت، تا وەك مرۆڤێکی تەندروست تێکەڵی کۆمەڵگاکەی بێت.

وەك دەبینین لە ڕابردوودا زۆر لە بیرمەندە کۆمەڵایەتیەکان هەمیشە لە نووسینەکانیاندا دەیان گوت: ((مێشکی منداڵ، وەك پەڕەیەکی سپی وایە، چی لەسەر تۆماربکەیت ئەوە تۆمار دەبێت و ئەگەر ویستمان بیسڕینەوە ئەوا پاشماوەکەی هەردەمێنێ.)) یان دەیان گوت، ((منداڵ وەك تۆپە هەویرێك وایە، چۆنمان بوێت و چیمان بوێت لێیدروست دەکەین.)) ئەگەر دەستەواژەی دووەم بۆ ڕابردوو ڕاست بوبێت، ئەوا بۆ ئەمڕۆی سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و هەموو لایەنەکانی ژیان ڕاست نییە، چونکە منداڵ خۆی بونەوەرێکە، کە لەدایك دەبێت هەستەکانی کار دەکەن و هەست بەدەوروبەری دەکات، ئەمەش وادەکات لەدوایدا، ژینگەو دەوروبەر کاریگەری ڕاستەخۆو ناڕاستەوخۆ لەسەر گەشەی جەستەیی و هزری منداڵەکە دروست بکات. جا ئەم کاریگەریانە، باشبن یان خراپ، لێکەوتەکانی لەگەڵ گەشەی منداڵەکەدا دەردەکەون و شێوازی پەروەردەکردنەکەی لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتییاندا ڕەنگ دەداتەوە.

# مەبەستی پەروەردەکردن بە ڕێگەی هونەر

## وانەکانی خوێندن و جیاوازی لە ئامانج و کاردا

شایانی باسە، پەروەردەی هونەر، وەك هەموو وانەکانی تری خوێندن کاریگەری لە ئامادەکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و خەملاندنی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی دروستدا هەیە. بۆیە دەبێت لەوە بگەین، کە هەموو وانەکانی خوێندن، بەرپرسن لە پەروەردەکردنی منداڵداو هەروانەیەکیش ئەرکێکی دیاریکراوو جیاوازی لەسەرە، کە جیاوازە لە وانەکانی تری خوێندن. بۆ نموونە: ((ئەرکی وانەی زمانەوانی جیاوازە لە وانەکانی وەرزش و ئاین، هەروەك چۆن وانەی زانست ئامانجەکانی جیاوازە لە ئامانجەکانی وانەی وێنە و کاردەستییەکان و پەروەردەی کشتوکاڵ. کەوتە ئەگەر ئەم جیاوازیانە نەبووایە، ئەوا وانەیەك بەسەر وانەیەکی تردا زاڵ دەبوو. بەڵام بوونی چەندین پلانی جیاواز لە پەروەردەکردن و خوێندندا، بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە هەر وانەیەکی خوێندن، ئەرك و فەرمانی جیاوازی بێت و ئامانجی هەر وانەیەکیش جیاوازبێت لە وانەیەکی تر.)) لە ڕاستیدا، هەر لەبەرئەوەشە ناتوانین ئەرك و فەرمانی وانەیەك زاڵ بکەین، یان بی سەپێنین بەسەر وانەیەکی تر داو بڵێین وانەی زمانی ئینگلیزی، یان بیرکاری زۆر گرنگترە لەوانەی وێنە یان وەرزش، چونکە هەر وانەیەك تایبەتمەندی خۆی هەبەو ئەرك و فەرمانی جیاوازی لەسەرشانەو هەموو شیان لە پەروەردەکردنی منداڵدا یەکدەگرنەوە بە باشترین شێوەو هەڵبژاردنی ڕێگایەکی دروست بۆ پەروەردەکردن و فێرکردن، کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی منداڵ و وای لێبکات ژیانی ئاسایی تێکەڵی ژیانی ڕۆژانەی بکات لە دەرەوەی باخچەی منداڵان.

## کاری پەروەردەی هونەر لە کۆمەڵگەدا

پەروەردەی هونەر Art education، دەستەواژەیەکی هونەرییە و دەگەرێتەوە بۆ چارەکی دووەمی سەدەی بیست، بەڵام لە کوردستان زیاتر بەکاری دەست و هونەری پراکتیکی ناسێنراوە. شایانی باسە، پەروەردەی هونەر بە پێی کەرستە بەکارهاتووەکان لە کارە هونەریەکەدا شێوەی کارو ناوی کارە هونەریەکە دەگۆڕێت، بەڵام تێگەیشتنە گشتییەکە بۆ پەروەردەی هونەر ئەوەیە:

١- گەشەی چێژی هونەری و ئاستی جوانناسی لای منداڵ.

٢- کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەو بێزاریەی کە لە ئەنجامی خوێندنی وانە زانستییەکانەوە بۆ منداڵ دروست دەبێت.

٣- بەسەربردنی کاتێکی خۆش و چێژ لێوەرکرتن لە وانە کردارییەکان.

٤- دەرخستنی توانای هونەری و بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی لای منداڵ.

## پەروەردەی هونەرو گەشەی چێژی هونەری

گرنگترین ئامانجەکانی پەروەردەی هونەر لە کۆمەڵگەدا، گەشەپێدانی هەستی جوانناسییە لەناو تاکدا. پەروەردەکردنی ئەم جوانناسییە لەهەست و نەستداو گونجاندنی لەگەڵ سروشتدا. ئەوەش بەوە دەبێت لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا لەبۆتە بدرێتەوەو لە هونەرێکی نەخشە بۆ کێشراوی تازەگەریدا ڕێکبخرێتەوە. گەشەپێدانی تواناکانی تاك لەسەر هەڵبژارنی دروست و جیاوازی کردن لەنێوان بینراوەکاندا، دوو کاری زۆر گرنگن بۆ بنیات نانی هەستێکی ویژدانی لە کەسایەتی منداڵدا، تا بتوانێ لە قۆناغەکانی تری خوێندندا بەکاریانبهێنێتەوە لە کاتی بیرکردنەوە و توانا هەستییەکانیدا. بەوەش پەروەردەی هونەر، هەستی هاوکاریکردنی بەکۆمەڵ و بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە کۆمەڵگە لە ڕوحی تاکەکاندا دەڕوێنێ و کاردەکات بۆ کردنەوەی چاوو گوێی تاك و بینینی هەموو کارە جوانەکانی دەوروبەری بەڕوونی، دواتریش شانازی بە مێژووی خۆیەوە دەکات و کەلتورو فەرهەنگەکەی لەلا بەرزدەبێت و هەوڵدەدات بۆ قۆستنەوەی کاتی بێکاری، تا بتوانێت کارێك بکات جێگە بگرێت، جا ئەو کارە کاری دەست بێت، یان وێنەکێشان، یان هەرکارێکی هونەری تر... کەواتە دەبێت بەهەر کەرەستەیەکی بەردەستەبێت کارەکانی ڕایی بکات و سستی نەنوێنێ لەکارکردندا وهەوڵی قۆستنەوەی کاتی بێکاری بدات بۆ کارکردن.

## کاریگەری پەروەردەی هونەر لە کۆمەڵگەدا

پەروەردەی هونەر، بەرپرسە لە گەشەپێدانی چێژی جوانناسی لای منداڵان لەدەرەوەو ناوەوەی فێرگەدا، بۆ ئەو مەبەستەش مامۆستا نوێخوازەکان پێیان باشە هاوکاری هەبێت لەنێوان باخچەی منداڵان و ژینگەی دەرەوەی باخچەی منداڵاندا، تا کێشە لە نێوان ئەوەدا دروست نەبێت کە لە باخچەی منداڵان لە لایەك و ماڵ و کۆمەڵگە لە لایەکی ترەوە فێری دەبێت، تا بەهۆیەوە جیاوازی نەکەن لەوەی بەیانی فێری بووە لە باخچەی منداڵان و ئەوەی ئێوارە فێری دەبێت لەسەر

شەقامەکان. کەواتە ئەرکی باخچەی منداڵان، ئەوەیە ژینگەی دەرەوەی باخچەی منداڵان ببەستێتەوە بە ناوەوەی باخچەی منداڵان، بە مەبەستی گەشەسەندنی زانست و هونەرو ڕۆشنبیری لەیەک کاتدا. هەروەها پێویستە چالاکییەکان بەوە پێوانە بکرێن، تا چەند کاری جوان و فێرکردنی دروست پێشکەش بە ژینگەی دەوروبەر دەکەن و پرۆسەی پەروەردەی هونەر بەژینگە ناوخۆییەکەی کۆمەڵگەوە دەبەستنەوە، نەک ئەوەی من پەروەردەی دەکەم و دروستی دەکەم لە باخچەی منداڵانداو (دایی و باب)یش لەماڵەوە بەلەقەیەک بیڕوخێنن. کەواتە پێویستە هاوسەنگی پەروەردەکردن ڕابگیرێت لە نێوان ماڵ و باخچەی منداڵاندا و ئەمەش لەڕێگەی ئەو کۆبونەوانەی کە هەفتانەو مانگانە لە نێوان دەستەی باخچەی منداڵان و دایی و بابی منداڵەکان ڕێکدەخرێت و ئامانجە دیاریکراوەکان دەپێکێت.

## منداڵ و داهێنان

لە ڕاستیدا، داهێنان بریتی نییە لە هەڵپەیەکی تاکە کەسی، بەڵکو داهێنان، نوێکردنەوەی ژیانە، کارێکی کۆمەڵایەتییە، هونەرییە، فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییە بە کۆمەڵێک مەرجەوە. لەبەر ئەوە گەشەپێدانی توانای داهێنان لای منداڵ لەو کردارە بەرفراوان و گەشە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیانەی جیانابێتەوە، کە منداڵ ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو کۆمەڵگەش لەخۆیان دەگرێت لە سەر هەموو ئاستەکان. بۆ نموونە، ساڵانی یەکەمی تەمەنی منداڵ بنەمایەکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی منداڵ، بۆ پەروەردەکردن، ئاڕاستەکردن، ڕێکخستن و دەرخستنی توانا شاراوەکان، لەوانە: داهێنانەکانی. هەر بۆیە زۆر لە کۆمەڵگەکان چاودێرییەکی تەواوی منداڵ دەکەن، بەتایبەت لە ڕووی گەشەپێدانی توانا داهێنان لای منداڵانی ژێر تەمەنی خوێندن.

## ئایا منداڵ کەسێکی داهێنەرە؟

لە ڕاستیدا، منداڵ کۆمەڵێک تایبەتمەندی داهێنەرانەی تێدایە، چونکە توانای زیرەکی بەهێزە لە سەر حەزلێبوون و گورج وگۆڵی و دڵخۆشی و دەستوەردان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری نوێ. تەنانەت هەندێکجار سەرکێشی زۆر دەکات بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکان و وەڵام دانەوەی پرسیارە ونەکان، ئەمەش بۆ دۆزینەوەی سروشتی دەوروبەری. بۆیە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی منداڵی تێیدا دەژی لە ڕێگەی یاری کردن و زاڵ بوون بەسەر جووڵەو چالاکیەکانیدا، هەموو ئەوانە بە کرۆکی بەدەستهێنانی زانیاری دادەنرێن لای منداڵ، بۆ گەشەپێدانی وروژاندن و گورج وگۆڵی و توانای

بیرکردنەوە لە داهێنانەکانیدا، چونکە منداڵ کەسێکی زۆر خەیاڵییەو لە خەیاڵ و فەنتازیادا دەژیت، حەز دەکات هەموو شتێك بزانێت، بە هەموو شتێك بگات، دەست لە هەموو کەرەستەیەك وەربدات و خاوەنی هەموو شتێك بێت. لەبەر ئەوەیە چالاکییە خەیاڵییەکانی سنوریان نییە، زۆر کاریگەرە بەو کارانەی گەورەکان ئەنجامی دەدەن. زۆر چالاکانە دەردەکەوێت لەوکارانەی ئازادی زۆرتری پێ دەبەخشن. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە پەروەردکار، هیچ بەربەستێکی بۆ دروست نەکات، جا ئەو کەسە (دایی و باب) بێ، یان (مامۆستا) یان (چاودێر)، بەڵکو پێویستە لەوە تێبگەین، کەوا لە ڕوانگەیەکی زانستی ڕووتەوە لە داهێنانە هونەریەکانی منداڵ نەڕوانین، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی تەمەن و ئاستی ژیری هەریەك لە منداڵەکان بکەین، چونکە جیاوازی تاکایەتی لەنێوان منداڵەکاندا هەیە. منداڵ بەپێی تەمەن، تا بەرەو سەر بچێ، توانای هەستپێکردن و لێکجیاکردنەوەکانی باشتر دەبێت. داهێنانی منداڵ زۆر گرنگە بۆ گەیشتن بە شێوازی بیرکردنەوەی منداڵەکە. بۆ نموونە هەندێکجار منداڵ لە ڕێگەی وێنەکانییەوە کۆمەڵێك هێماو بابەت دەدرکێنێ، کە لەوانەیە لەڕێگەی گفتوگۆو قسەکردنەوە نەتوانێ ئەم دەستەواژانە دەرببڕێت، جا ئیدی بەهۆی ترسەوەبێت، یان ئاستی زمانەوانی پێنەگەیشتبێ، یان شەرم لەگەورەکان بکات، یان حەزی پێنەکات. هەرلەبەر ئەوەیە منداڵ لە وێنەکانیدا بەسوود وەرگرتن لە ئازادییە دەستەبەرکراوەکە، وێنە خەیاڵیەکانی دەکێشێت. بۆیە جۆرێك لە سوریالیەتی پێوە دیارەو هیچ وابەستەبوونێکی بە ڕاستیەوە نامێنێ.

زۆر لە توێژینەوە زانستییەکان و توانا بەدەست هاتووەکانی ژیانی مەیدانی ئەوەیان سەلماندوە، زۆر لەو خێزان و دایك و باوك و ئەو مامۆستایانەی بڕوایان بە داهێنانی منداڵەکانیان هەیە، ئەوا منداڵەکانیان زۆر چالاك و چاوکراوەو زیندوو سەرکێشن و زۆرتر هەوڵ دەدەن. بێگومان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەو زانیاریانەی لەو ژینگەیەی بۆی ئامادە دەکەن، تا خەون و ئاوات و داهێنانەکانی خۆی تێدا بەرهەم بهێنێ. ئەوەمان بیرنەچێت، شێوازی ڕاهێنان بۆ بەدەست هێنانی زانیاریەکان و ڕێکخستنەوەیان و گونجاندنیان لەگەڵ یەکدی، هۆکارێکی ترە بۆ سەرخستنی توانای داهێنان لای منداڵ. کەواتە، داهێنان پەیوەستە بەو ژینگەیەی بۆ منداڵ ئامادەکراوە، بۆ ئەوەی داهێنانی تێدا لەدایك بێت. ئەمەش پەیوەستە بە کۆمەڵگەو ئاستی ڕۆشنبیریەکەی. داهێنان لەو کۆمەڵگەیانەدا گەشە دەکات، کە بێ ترس و دوودڵی هەل بۆ منداڵ و نەوەکانیان دەڕەخسێنن، ئەزموون لەنەوەکانی ڕابردوو وەردەگرن و بەکاریان دێننەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، هانیان دەدەن لەسەر ڕەخنەگرتن و گەشەپێدانی بیروهۆشیان لەسەرجەم بوارەکاندا. لەو ڕووەشەوە دەبێت بواری

پەروەردە، ئەم هەلە بۆ منداڵ بڕەخسێنێ لە پۆلدا، بە تایبەتیش باخچەی منداڵان و ئاستی هۆشیاری مامۆستا، بەڕێوەبەر، سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، لەسەریانە ئاگاییان لە سەرجەم گۆڕانکارییە زانستی و پەروەردەییەکان لە جیهاندا هەبێت، تا بتوانن هەل بۆ منداڵ بڕەخسێنن لە ژینگە پەروەردەییەکەیاندا (منداڵ فێرمەکە، هەلی بۆ بڕەخسێنە).

لە کۆمەڵگە تەندروستەکاندا، وەك هێزێکی زیندوو خاوەن چالاکی و متمانە بە خۆبوو، سەیری منداڵ دەکرێت.لەگەڵ ئەوەی چێژی ئایندەو دڵنەوایی دەروون و ئاواتی ئایندە لای منداڵ خۆیەتی.

ئەو منداڵەی پەروەردەیەکی تەواو وەردەگرێت، بە دڵنیاییەوە لە ڕووی تەندروستی فسیولۆجی و دەروونی و هەست و هۆشەوە بەرەو پێشەوە هەنگاودەنێ. لێرەدا، خێزان بەگشتی و دایی و باب بە تایبەتی، دەروازەی تایبەتی منداڵن بۆ چوونە ناو کۆمەڵگە، چونکە بە پلەی یەکەم هەر ئەوان داڕێژەری کەسایەتی منداڵن بۆ ئایندە، بۆ ئەو مەبەستەش باوك دەبێت لێبوردەبێت، تا ئەوکاتەی لێبوردەییەکەی دەبێتە هۆی دروستکردنی منداڵێکی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز، تا پشت بەخۆی ببەستێت لە ژیانیدا.

هەروەها کەسایەتی (دایکی وریا) بریتییە لە دایکی خوێندەوار، ڕۆشنبیر، خاوەن ئەزموون لە ژیان، تا بتوانێت خۆشەویستی لەدڵی منداڵەکەی بڕوێنێ و وای لێبکات خەڵك و ژیانی خۆشبوێت و بچێتە ناو هەستیانەوەو لێیان تێبگات. لە ئەنجامدا خۆشەویستی گەڕان لای منداڵەکە گەشە دەکات و حەزەکانی تێر دەکات و ڕۆحی پێشنیار کردن و خۆسەپاندن لەڕێگەی داهێنانەوە چالاك دەبێت.

مخابن، زۆر کات منداڵ لە چاوی هەندێ مامۆستاوە بە ئاژاوەگێڕو هەڵگەڕاوەو دژە زانست و زانیاری دەبینرێن، کە ئەوە بینینێکی هەڵەو ساویلکانەیە، لەبەرئەوەیە مامۆستایان هانا بۆ ئازاری جەستەیی منداڵ دەبەن و نازانن منداڵ زیاتر پێویستیان بە هۆشیارکردنەوەو فێرکردن و ڕاهێزان و ڕۆشنبیرکردن هەیە. تەنانەت زۆرجار هەندێك لە مامۆستایان فشاری دەروونی و فیزیکی یان ڕەفتاری هەراسانکەر لەبەرانبەر منداڵان دەگرنە بەر، کە ئەمە دژی بنەماکانی مافی منداڵانەو لەگەڵ بنەما پەروەردەییە نوێکانی جیهاندا یەك ناگرێتەوە.

## ئایا ژینگەی فێرکاری ئێمە توانای داهێنانی منداڵ، گەشە پێدەدات؟

لە ڕاستیدا، گەشەپێدانی توانای داهێنان و بیری داهێنان، پەیوەستە بە مامۆستایان و بەرپرسان لە دەزگا پەروەردەییەکاندا، تا چەند گرنگی بە بەهرەی داهێنەرانەی منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن دەدەن و ڕێگایان بۆ خۆشدەکەن، تا تواناو کارامەییان دەربخەن. دڵسۆزی مامۆستا و چاودێرەکان وا

لە منداڵ دەکات هەست بە ئارامی و دڵنەوایی بکات، تا گوزارشت لەخۆی بکات، چونکە دەبێت ئەوە بزانین چاودێری کردنی داهێنەران هیچی لە وانە گوتنەوە کەمتر نییە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا. هەربۆیە دەبێت فێرکار، یان پەروەردکار ئاگای لە گەشەی توانا هزری و هەستییەکانی منداڵ بێت و بزانێت گەشەی هزری و لەشەکی منداڵەکان چۆنەو چەندەو هەست بە جیاوازی تاکایەتی منداڵەکان بکات، چونکە ئەگەر هەست بەوە نەکات، ئەوا هەڵەی گەورە لە پرۆسەکەدا دروست دەبێت و مامۆستاش دەکەوێتە هەڵەی پەروەردەیی لە بوارەکەی خۆیداو هەڵسەنگاندن و ئاڕاستەکردن و بڕیاردانەکانی لەجێی خۆیدا نابن و ناتوانێت کێشە سەرەکیەکان دەستنیشان بکات و چارەسەری پێویستیان بۆ بدۆزێتەوە. کەواتە (مامۆستا دەبێت ئەوەبزانێت، تا هۆکاری کێشەکان نەزانێت و نەیاندۆزێتەوە، ناتوانێت چارەسەریان بکات).

## گەمە وچالاکی هونەری هۆکارێکە بۆ داهێنان

منداڵ خۆڕسکانە وزەیەکی شاراوەی هەیە. لە ڕێگەی چالاکی هونەری و یاریکردنەوە ئەم هێزە شاراوەیە خاڵی دەکاتەوە، چونکە یاریکردن سروشتێکی خۆرسکە لای منداڵ و هاوکاریان دەکات بۆ ئەوەی گەشەو بنیاتنانی جەستەو هزریان بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکات. یاریکردن لای گەوران هۆکارێکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و بە سەربردنی کاتێکی خۆش، بەڵام لای منداڵ پێویستییەکی زۆر گرنگە لە ڕووی: ((هزری، هەستی، دەروونی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری)).

یاریکردن و چالاکی هونەری بەشێکن لە ژیانی منداڵ، یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکی و گرنگەکان بۆ گەشەکردنی سروشتی منداڵ. گەمە چالاکییەکی زیندووە بۆ هاوکاریکردنی منداڵان بۆ دۆزینەوەو ئەزمونکردن، داهێنان و بەدەستهێنانی تواناو زانیاری زۆرتر. گەمە لای منداڵان بۆ کات بەسەربردن نییە، وەك هەندێك لە مامۆستا و دایی و باب دەڵێن. بێبەری کردنی منداڵ لە یاریکردن و ماندووکردنیان بە فێرکردنەوە وا لە منداڵ دەکات دڵیان بمرێت و زیرەکیان بەرەو لاوازی بچێت. بۆیە پێویستە لەسەر ئەو مامۆستایەی لە فێرگەدا وانەی هونەر دەڵێتەوە، باوەڕ بەوە بهێنێ، کە منداڵ ئەندامێکی زیندووی ناوکۆمەڵەو خاوەن هەست و ئارەزووە. دەربڕینە هونەرییەکانی تایبەتمەندی خۆیان هەیە. ئەوەش گرنگترین بیرو باوەڕە، کە دەبێت مامۆستایان ڕەچاوی بکەن، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە مامۆستا سەربەستی تەواو بداتە منداڵ بە ئارەزوی خۆی ڕەفتارو هەڵسوکەوت بکات لە ناو پۆلدا، بەڵکو پێویستە لەسەر مامۆستا، تایبەتمەندی گەشەی منداڵ تەواو ڕاڤە بکات هەر لە سەرەتای گەشەکردنییەوە، هەتا

گەورەبوون. پاشان ڕێگەو بۆچوونی تایبەت دەستنیشان بکات، کە دەگونجێت لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییەی تەمەنە جیاوازەکانی منداڵان هەیانە. بەوە مامۆستا دەتوانێ ڕێنمایی گەشەکردنیان بکات و گەشەی فێربوونە ڕاست و بەکەڵکەکان بۆ منداڵ برەخسێنێ.

هەروەك چۆن زانای سویسری (ڤیکتۆر لۆنفیلد) گەشەی توانای وێنەکێشان لای منداڵ دابەش دەکات بۆ حەوت قۆناغ و ئەو قۆناغانەش بە پێی تەمەنی منداڵ دابەش دەکات. لەو ڕووەشەوە گەشەی لەشەکی و هزری، کاریگەری دەبێت لەسەر کارە هونەرییە بەرهەم هاتووەکەو بەپێی تەمەنەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، تا گەورەتربێت، وێنەکانی جوانترو باشتر دەبێ. ناسینەوەی هێمای ناو وێنەکان ساناترو ڕوونتر دەبێت بۆ بینەر.

## قۆناغەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای ڤیکتۆر لۆنفیلد:

١- قۆناغی ئامادەبوون بۆ هێڵکاری: لە تەمەنی دووای بوون تا ٢ساڵی.

٢- قۆناغی هێڵکاری: لە تەمەنی (٢ تا ٤) ساڵی.

٣- قۆناغی ئامادەبوون بۆ هەستکردن بەشێوەکان: لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی.

٤- قۆناغی هەستکردن بە شێوەکان: لە تەمەنی (٧ بۆ ٩) ساڵی.

٥- قۆناغی هەوڵدان بۆ دەربڕین لە ڕاستی: لە تەمەنی (٩ بۆ ١١) ساڵی.

٦- قۆناغی دەربڕین لە ڕاستی: لە تەمەنی (١١ بۆ ١٣) ساڵی.

٧- قۆناغی باڵق (هەرزەکاری): لە تەمەنی (١٣ بۆ ١٨) ساڵی.

لەم هەنگاوەدا، تەنها خاڵی دووەم و بەشێك لە خاڵی سێیەم هەڵدەبژێرین، کە پەیوەستە بە منداڵی تەمەن (٤ تا ٥) ساڵ. لەسەر جۆری چالاکی و شێوازی جێبەجێکردنیان دەوەستین و لەگەڵ حەزوو ویستی منداڵەکان هەنگاو دەنێین و تۆی مامۆستاش پێویستە ڕەچاوی هەستیاری تەمەنی ئەم قۆناغەی منداڵ بکەیت و هەڵپە نەکەیت لەکاتی جێبجێکردنی وانە کردارییەکاندا.

## ڕێگاو شێوازەکانی پێشکەشکردنی پرۆگرامی هونەر لە باخچەی منداڵاندا

### چۆن بە ئامانجەکان دەگەین؟

شایەنی باسە، مامۆستاو چاودێرەکان، ڕێگاو شێوازی جیاواز بەکاردەهێنن لەگەڵ منداڵەکان و هاوکارییان پێشکەش دەکەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی مەبەستییانە، یان مەبەستمانە وەك مامۆستا. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئامانجی پرۆگرامەکان و ڕێگاو شێوازەکانی

جێبەجێکردنیاندا هەیە. بۆ ڕۆشنکردنی زیاتر مامۆستا سەرپشکە لە هەڵبژاردنی باشترین شێوازو کورترین ڕێگا بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی مەبەستییەتی، بەو مەرجەی لە بەها هونەری و پەروەردەییەکە کەم نەکاتەوەو پرۆسەکە نەخاتە مەترسییەوە. ئەم کارەش لەڕێگەی ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبارو ئارامەوە دروست دەبێت و بەمەش دەبێتە ڕێکخەری ژینگەیەکی فێرکاری باش، تا منداڵەکان بە ئاسوودەیی کارە هونەرییەکانیانی تێدا ئەنجام بدەن. لە هەمانکاتدا دەبێتە پاڵنەرێکی باشیش بۆ منداڵەکان، تا بتوانن هەست و ویست و خواستەکانیان دەرببڕن و خەیاڵ و بیرو هۆشیان بخەنە خزمەت پرۆسەکە، کە دواتر لە هەڵسەنگاندنەکاندا پێش کارو دوای کارکردن ئەم گۆڕانکارییانە بە ڕوونی دەبینین و جیاوازییەکان هەست پێدەکەین. ژینگەی لەبارو ئارام هانی باشتری منداڵ دەدات بۆ فێربوون و حەزوو ئارەزووەکانیان تێردەکات، کە دەبێتە دەستکەوتنی کارامەیی بەشێوەیەکی کرداری و ڕاستەوخۆ بە باشە کار لە ڕەفتاری منداڵەکە دەکات و بەڕوونی ئەم گورجییە بە چالاکییەکانیانەوە دیاردەبێت و دەردەکەوێت.

دەستەی نیشتمانی بۆ پەروەردەی منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن لە واشتن National Association for the Education of Young Children (NAEYC). دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی، کە لە بەکارهێنانی شێوازی جیاواز بۆ پەروەردەکردنی منداڵ چەند ئامانجێك دەپێکێت. لەوانە:

١- منداڵ زانیاری نوێ لەبارەی ژیانی ڕۆژانە بەدەست دەهێنێت.

٢- منداڵ ڕەفتارەکانی ڕێکدەخاتەوە (خۆڕێکخستن) لە ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکەیدا.

٣- گەشەپێدانی کارامەیی لەڕێگەی وانە کردارییەکانەوەو بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا.

٤- گەشەپێدانی خووە ڕاست و درووستەکان لە منداڵدا.

٥- گەشەپێدانی کردارە ژیرییەکان، کە منداڵ ڕۆژانە پێویستی پێی دەبێت.

٦- منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن ئامادە دەکات بۆ گەشەپێدانی توانا زمانەوانییەکانی لەڕێگەی کارامەیی و لە ڕێگەی (خوێندنەوە، نوسین، گفتوگۆو بیستن.)

٧- کارامەییە کۆمەڵایەتییە پێویستییەکان گەشە پێدەدات، بۆ ئەوەی منداڵ ئاوێتەی کۆمەڵگاکەی بێت و تێیدا گیانی هاوکاری چرۆ بکات.

٨- هەستی (دیتن و بیستن) لای منداڵ گەشە پێدەدات.

٩- وا له‌ منداڵ ده‌كات توانا كارامه‌ییه‌ خۆییه‌كانی گه‌شه‌ پێبدات.

له‌ ڕێگه‌ی هه‌ر سێ بواری: (زانیاری، ویژدانی، كارامه‌یی) ده‌توانین له‌ڕێگه‌ی پرۆگرامه‌ كرداریه‌كانی باخچه‌ی منداڵانه‌وه‌ ئه‌و ئامانجانه‌ی سه‌ره‌وه‌ به‌ ده‌ست بهێنین.

## زانیاری:

ده‌توانین ڕێگاو شێوازه‌كانی پێشكه‌شكردنی وانه‌ كرداریه‌كان به‌پێی ئه‌م ئامانجانه‌ به‌ ده‌ست بهێنین، كه‌ له‌ڕێگه‌ی جێبه‌جێكردنی وانه‌ كرداریه‌كه‌وه‌ پێی ده‌گه‌ین. جا ئه‌م پێگه‌یشتنه‌ به‌ ئامانجه‌كان له‌ ڕێگه‌ی نموونه‌ مادییه‌كانه‌وه‌بێت (Inducation)، یان له‌ ڕێگه‌ی چالاكی خه‌یاڵكردنه‌وه‌ بێت (Deducation) به‌ هاوبه‌شی پێكردن و لێكدانی هه‌ردوو بواره‌كه‌ش گفتوگۆ دروست ده‌بێت له‌ ناو چالاكییه‌ كرداریه‌كه‌دا، به‌وه‌ش مامۆستا ده‌رگای گفتوگۆی بۆ ده‌كرێته‌وه‌ له‌گه‌ڵ منداڵه‌كه‌و ئنجا ده‌توانێت په‌ی به‌ ناخی منداڵه‌كه‌ به‌رێت و له‌ هه‌ست و نه‌ستی تێبگات، دواتر ئاڕاسته‌ی بكات به‌ شێوه‌یه‌كی په‌روه‌رده‌یی دروست، كه‌ له‌گه‌ڵ ژینگه‌ی منداڵه‌كه‌و ئاستی دنیابینی ئه‌ودا بێته‌وه‌. هه‌روه‌ها ئه‌م شێوازی كاركردنه‌ی مامۆستا وا له‌ منداڵه‌كه‌ ده‌كات ژینگه‌ی ده‌وروبه‌ری باشتر بناسێت و خۆی تێدا بگونجێنێت. یه‌كێكیش له‌ كاره‌ زۆر باشه‌كانی ئه‌م هه‌نگاوه‌ ئه‌وه‌یه‌، وا له‌ منداڵ ده‌كات دیواری زانیارییه‌كانی هه‌ڵبچنێت و به‌ كرداری ده‌سته‌واژه‌كانی ژیان فێربێت و له‌گه‌ڵیاندا هه‌ڵكات. له‌ كۆتاییدا منداڵه‌كه‌ به‌ باشی له‌ ژینگه‌ی ده‌وورووبه‌ری و له‌ ژیان تێده‌گات و پاشان زانیاری نوێ به‌ده‌ست دێنێت. به‌م كرداره‌ش ده‌ڵێین (به‌ده‌ستهێنانی زانیاری).

## ویژدانی:

چه‌ندین ڕێگای تر هه‌یه‌ بۆ په‌روه‌رده‌كردنی منداڵی ژێر ته‌مه‌نی خوێندن به‌ شێوه‌یه‌كی ڕاست و دروست. له‌ هه‌موویان گرنگتر پێویسته‌ سه‌ره‌تا سه‌ربه‌خۆ كاربكات، تا هه‌ست به‌ دڵنیایی زۆرتر بكات و كه‌س هاوبه‌شی نه‌كات، ئنجا له‌ دوای دڵنیابوون و هه‌ست به‌ ئارامی كردن، منداڵه‌كه‌ خۆی حه‌زده‌كات تێكه‌ڵاوی هاوڕێكانی بێت و هه‌سته‌ ویژدانییه‌كه‌ی ده‌جولێت و ئاستی كۆمه‌ڵایه‌تی گه‌شه‌ده‌كات. دواتر تێده‌گات بێ هاوڕێكانی چالاكییه‌كه‌ هیچ تام و چێژێكی نییه‌و ئه‌مه‌ش وا ده‌كات هه‌وڵی هاوڕێ گرتن ده‌دات و ژیانێكی نوێ له‌ ژیانی منداڵه‌كه‌ ده‌ست پێده‌كات. هه‌روه‌ها له‌و ڕووه‌وه‌ ده‌بێت مامۆستا ئه‌وه‌ له‌یاد نه‌كات، كه‌ هه‌موو ئه‌و چالاكییانه‌ی ئه‌نجامی ده‌دات، جگه‌ له‌ گه‌مه‌یه‌كی خۆش هیچی تر نییه‌، چونكه‌ ئێمه‌ له‌ڕێگه‌ی گه‌مه‌وه‌ ده‌مانه‌وێت منداڵه‌كه‌ باربهێنین و ڕاهێزانی

پێبکەین، تا ئاستی بەرزکردنەوەی ڕەفتاری و کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەنجامدانی وانە کردارییەکەدا لەگەڵ هاوڕێکانیدا تێدەگات بێ ئەوان گەمەکە تام و چێژی نابێت و پێویستە لەگەڵیان هەڵبکات و خۆیان لەگەڵ ڕابێنێت، دواتر هەستە ویژدانییەکان پێشدەکەوێت. بەم کردارەش دەڵێین (جوڵاندنی هەستە ویژدانییەکان).

## کارامەیی:

بەکارهێنانی بواری کارامەیی بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان، کارێکی شیاوو گونجاوە بۆ منداڵ، چونکە پێویستە هەندێك لە چالاکییە هونەرییەکان لە هۆڵی چالاکی و هەندێکی تریان لە گۆڕەپانی باخچەی منداڵان و شوێنەکانی تر ئەنجام بدرێت، تا منداڵ بە ئاسانی کارامەییەکانی خۆیمان پیشان بدات و توانا جۆراوجۆرەکانی لە هەموو جێگەکان تاقیبکاتەوە. کەواتە مامۆستا دەبێت شێوازی چالاکییەکە شی بکاتەوە Task Analysis Approach ئەم شێوازی شیکارییەش پشت بە چالاکی یەك لەدوای یەك دەبەستێت، وەك ئەوەی ئێمە لە چالاکییە هونەرییەکاندا بۆمان ڕێکخستوە و لەسەرتۆش پێویستە بەپێی پلان و کاتەکەت جێبەجێیان بکەیت.

ئەرکی ئەم سێ بوارە (زانیاری و ویژدانی و کارامەیی) لەم خشتەیەدا وەك نموونە دەخەینە ڕوو:

| بەدەستهێنانی زانیاری | جوڵاندنی هەستە ویژدانیەکان | ئاستی کارامەیی |
|---|---|---|
| خەیاڵ دەکات و زانیارییەکان شیدەکاتەوە. | خۆی ئاڕاستەدەکات و دەگونجێت لەگەڵ هاوڕێکانی. | ئەزموندەکات و تواناکانی پیشاندەدات. |

**بۆ ئەنجامدانی شێوازی شیکردنەوەی چالاکییەکانی منداڵ پێویستە مامۆستا ئەم هەنگاوانە ڕەچاو بکات:**

١- سەرەتا مامۆستا کارەکە (چالاکییەکە) بۆ منداڵەکان دەستپێدەکات و دواتر منداڵەکان کارەکە تەواو دەکەن.

٢- هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردنی منداڵەکە، دواتر مامۆستا لەڕێگەی گفتوگۆ، یان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی هاوکارییەوە منداڵەکە بەسەر دەکاتەوە.

٣- منداڵەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کارەکە ئەنجام دەدات و ئەگەر پێویستی کرد مامۆستا هەنگاوەکانی بۆ شیدەکاتەوە.

شایانی باسە، گرنگی ئەم سێ هەنگاوە لەوەدایە، کە وا لە منداڵەکە دەکات لە چالاکییەکاندا پشت بەخۆی ببەستێت و توانستە کارامەییەکانی خۆی پێش بخات. منداڵ فێردەبێت چۆن هەنگاوەکانی کارکردن دەستپێبکات (هەنگاوی یەکەم و کۆتایی لا ڕۆشن دەبێت).

## گرنگی چالاکییە هونەرییەکان لەسەر گەشەی کارامەیی بیرکردنەوەی منداڵ

یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی چالاکییە هونەرییەکانی باخچەی منداڵان، گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی منداڵە، هەر بۆیە، پێویستە لەسەر مامۆستای تایبەتمەند ڕێگا و شێوازە نەرم و پێشکەوتووەکان بەکاربهێنێت، تا بتوانێت ئاستی خەیاڵکردن و تێبینیکردن و بیرکردنەوەی منداڵەکان بەرەو پێشەوە بەرێت.

لە ڕاستیدا، هەندێك ڕێگە هەیە بۆ ئەم جۆرە گەشەکردنەو لەلایەن باخچەوە بەکاردەهێنرێت، وەك یەکەیەکی کار لە چالاکییەکاندا بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش گرنگی زۆر بە گەشەی هەستەکان دەدرێت بۆ گەیشتن بە بیرکردنەوەیەکی ڕاست و دروست لای منداڵ.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئەم هەنگاوانە دەگرینە بەر:

١- باسکردنی شتەکان (پیاهەڵدان):

منداڵەکان زانیاری کەمیان لەسەر شێوەو ڕەنگ و قەبارەیان هەیە، هەر بۆیە باسکردن و جوڵاندنی بیری منداڵەکان هاوکاریان دەکات بۆ بیرکردنەوەی باش، کە ئەم کارامەییانە ئەنجام بدەن: ((تێبینیکردن، جیاوازیکردن لەنێوان قەبارەو شێوەکاندا، ڕەنگەکان باس بکات و لێکیان جیا بکاتەوە.))

٢- جیاکاری و تێبینی گۆڕانکارییەکان بکات لەڕێگەی بەکارهێنانی هەستەکانییەوە:

منداڵ هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هەستەکانییەوە جیاکاری و گۆڕانکارییەکان هەست پێبکات لە ((تامکردن، بۆنکردن، ڕەنگ، شێوەکان.))

٣- دەربڕین لە توانستە هەستییەکانی:

ئاستی زمانەوانی لای منداڵ بەهۆی ئەو ئەزموونە یەك لەدوا یەکانەی، کە لە وانە کردارییەکاندا ئەنجامی دەدات گەشە دەکات و هەنگاو دەنێ، تا ئەزموونە کۆنەکانی ببەستێتەوە بە ئەزموونە نوێیەکانیەوە. بێگومان، ئەم ڕێکارەی منداڵ هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕاست و باش لە بوارە گەشە کارامەییەکانیدا.

٤- گەشەدان بە کارامەییە بیرییە ڕاستەقینەکان:

منداڵ یەکەم جار ڕاهێنان ئینجا ڕاهێزان دەکات ئەوەش بە مەبەستی پۆلێنکردن و ناسینەوەو لێکجیاکردنەوەی شتەکان بە چەندین شێوازو ڕێگای جیاواز.

## ئەو ڕێگاو شێوازانەی توانا کارامەییەکانی بیرکردنەوەی منداڵی باخچەی منداڵان گەشە پێدەدات:

### أ- شێوازو ڕێگاکانی پڕۆگرامی تاودان Acceleration، یان بیرکردنەوەی خێرا :Quik Thinking

بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە و بەمەبەستی خێراکردنی شێوازەکانی بیرکردنەوەی منداڵ پێویستمان بە چەند هەنگاوێك هەیە، لە وانەش وەکو:

١- گفتوگۆ:

مامۆستاو چاودێرەکان لەڕێگەی چالاکی هونەرییەوە هەل بۆ منداڵەکان دەڕەخسێنن، تا گفتوگۆ بکەن. لەو ڕووەشەوە پێویستە مامۆستا زمانی هاوبەش بدۆزێتەوە بۆ لێکتێگەیشتن لە نێوان (مامۆستاو منداڵ)، (چاودێرو منداڵ)، (منداڵ و منداڵ). لە ڕاستیدا ئەم کارەش پێویستی بە سێ جۆر هەنگاوی گفتوگۆکردن هەیە، وەك گفتوگۆی (پێشکارو دوای کارو لەکاتی کارکردندا.) ئەم جۆرە گفتوگۆکردنانە توانای بیرکردنەوەی منداڵەکە فرەوان دەکەن.

٢- لێکدانی زانیاری:

پێویستە مامۆستا هەمیشە بە چالاکییە هونەرییە نوێیەکان منداڵ سەرسام بکات، تا منداڵەکان هەست بکەن چالاکییەکان دووبارو بێزارکەر نین و بابەتی چالاکییەکان نوێن. لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە نوێیەشدا منداڵ جارێکی تر زانیارییەکانی کۆدەکاتەوەو بیرو هۆشی ڕێکدەخاتەوە، تا خۆی بگونجێنێت لەگەڵ وانە تازەکەدا. دواتر گەشەی کارامەیی بیرکردنەوە دەستپێدەکات و بە خۆشی و گورجییەوە چالاکییەکە ئەنجام دەدات و ئەو کێشەو گرفتانەش چارەسەر دەکات، کە لە کاتی کارکردندا دێنە ڕێگەی.

٣- دروستکردنی پەیوەندی زانیاری:

مەبەست لە دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان توانستە کۆنە بەدەست هاتووەکان و گرێدانەوەیان بە چالاکییە نوێیەکەو دواتریش بەستنەوەی هەموویان بە ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکەوە، لە کۆتاییدا هەموو ئەزموونەکە تێکەڵ بە یەکتر دەبن و منداڵەکەش کارزانی تازە لە کارامەییدا بە دەست دەهێنێت.

## ب-گەشەپێدانی شێوازو ڕێگاکانی (کارامەیی بیرکردنەوە) Thinking Skills:

ئەم شێوازی گەشەپێدانە گرنگی بە (فێربوونی خۆیی) دەدات. واتە وا لە منداڵەکە دەکات لە کاتی چالاکییە هونەرییەکە تەنها پشت بە مامۆستا یان چاودێرەکان نەبەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات خۆی ڕێکبخاتەوەو دواتر خۆی، خۆی ئاڕاستە بکات و خۆی، خۆی فێربکات لە ڕێگەی گەشەپێدانی توانستەکانی بەرهەمهێنان و پۆلێنکردن و دروستکردنی شێوەو دۆزینەوەی شێوازی تازەوە بێگومان، ئەمەش بە سەرچاوەی بەدەستهێنان و گەشەپێدانی بیرکردنەوە دادەنرێت بۆ گەیشتن بە زانیارییە نوێکان، کە لەکاتی وانە کرداریيەکاندا منداڵ پێی دەگات. کەواتە، پێویستە سەرجەم چالاکییە (وەرزشی، هونەری، میوزیکی...) هاوبەشی پێبکرێت، تا کارامەییە بەدەستهاتووەکانی منداڵەکە تێکەڵ بن لەگەڵ چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا، تا ببێتە گەمەیەکی خۆش و منداڵەکەش، جگە لە بەدەستهێنانی کارامەیی نوێ، چێژیش وەربگرێت و کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەسەر بەرێت، کە دواتر توانا کۆمەڵایەتییەکەی پێش دەخات.

## ت- گەشەپێدانی ڕێگاکانی داهێنان لای منداڵی باخچە:

هەل ڕەخساندن بۆ منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن، بوار بۆ منداڵەکان دەکاتەوە، تا تواناکانی خۆیان لە داهێناندا بخەنە گەڕ. لە ڕاستیدا منداڵ لە بنەڕەتدا حەزێکی داهێنەرانەی هەیە، چونکە هەر شتێك، کە ئەو دروستی دەکات، یان دەیکێشێت تازەیە بەلای منداڵەکەو جۆرێکە لە داهێنان، چونکە لە مەوپێش نەدیتونی و نە دەستیلێداون. بێگومان، هەموو ئەم کارانەش لە ژینگەیەکی ئارام و پڕ لە ڕێزو خۆشەویستیدا ئەنجام دەدرێت، کە دروستکردنی ئەم کەشە دەبێتە هۆی هاندانی منداڵەکە بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری جۆراوجۆر و توانای خۆدەربڕینی زۆر دەبێت و ئازاد دەبێت لە شێوازی کارکردندا، لەکۆتاییدا منداڵەکان پێویستیان بەکاتی زیاترە، تا بە تەواوی ڕاڤەو کار لە چالاکییەکانیاندا بکەن.

## پ- گەشەپێدانی دۆزینەوەو ڕابەریکردن لای منداڵی باخچە Exploration:

داهێنان، گەڕانە بەدوای زانیاری نوێ و دۆزینەوەی نهێنی تازە لە ڕێگەی کارکردنەوە. منداڵ لە کاتی کارکردندا دەیەوێت شتی نوێ بەرهەمبێنێت، بەڵام هەندێك جار تووشی وەستان و گیربوون دەبێت و ناتوانێت ئەوەی دەیەوێت بەدەستی بێنێت، یان دروستی بکات، یان بیکێشێت، چونکە یەکەم ئەزموون و یەکەم تاقیکردنەوەیەتی. هەروەها منداڵ دەیەوێت پشت بە یەکەم بیرۆکەو یەکەم چارەسەر ببەستێت بۆ تاقیکردنەوەکانی. بۆیە هەوڵدەدات بەدوای بیرۆکەی تردا بگەڕێت، وەك بیرۆچکە (بیرۆکەی بچووك). هەر بۆیە، لەسەر مامۆستاش پێویستە کاتی زیاتر بە منداڵەکان بدات و جارجارە هاوکارییان پێشکەش بکات، تا لەو گێژاوەی تێیکەوتوون ڕزگارییان بێت و تواناکانی خۆیان بە کارکردن و داهێنانەوە خەریك بکەن، دواتر منداڵەکە هەوڵدەدات خۆی ڕێکبخاتەوەو ڕابەڕایەتی خۆی و گروپەکەی بکات لە کاتی چالاکییەکاندا.

## چالاکی گروپکاری و تاککاری بە شێوەی کۆمەڵەی بچووك

مامۆستای وانەی هونەر دوو ڕێگای لەبەردەمدایە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی لەناو پۆلدا، ئەم بەرنامانەش بە دوو شێواز جێبەجێ دەکرێن، کە بریتین لە:-

یەکەم: گروپکاری

واتە مامۆستا گروپ دروست دەکات و منداڵەکان دەخاتە کۆمەڵەی بچووك بچووکەوەو هەموو بەیەکەوە یەك کاری هونەری ئەنجام دەدەن. هەروەها پێویستە مامۆستاو چاودێرەکان چاویان لەسەر گروپەکان بێت و ئاگاداری شێوازی جێبەجێکردنی چالاکییەکەبن و هەڵسەنگاندن بۆ منداڵەکان بکەن، تا کێشە نەیەتە بەردەم پرۆسەکە، ئەگەر کێشەش دروست بوو زوو چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

دووەم: تاککاری

مامۆستا ئەرك و چالاکییەکان بە منداڵەکان ئەنجام دەدات بەشێوەی تاك، بەڵام لەناو کۆمەڵەکەیدا، واتە هەر منداڵێك ئەرکی خۆی بە تەنیا جێبەجێ دەکات و مامۆستاو چاودێرەکانیش هەڵسەنگاندن بۆ تاك بەتاکی منداڵەکان دەکەن و دواتر ئاڕاستەیان دەکەن، جگە لەوەش لە هەر کوێیەك کێشە دروست بوو خێرا چارەسەری گونجاوی بۆ دەدۆزرێتەوەو چالاکییەکە بەردەوام دەکرێت.

## جیاوازی لە نێوان ڕێگای وانەگوتنەوەو شێوازی وانە گوتنەوە

جیاوازی هەیە لەنێوان ڕێگای وانەگوتنەوەو شێوازی وانەگوتنەوەدا. بۆ نموونە هەندێك لە پەروەردەكاران ئەم دوو دەستەواژەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە تێكەڵ دەكەن، بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە، كە جیاوازییان هەیەو هەریەكەیان كاری خۆی دەكات. ئەگەر لە ڕووی پەروەردەییەوە شیكاری بۆ بكەین ئەوا دەبینین:

ڕێگا Method: بریتییە لە كۆمەڵێك شارەزایی و بەدواداچوون، كە مامۆستا پێی هەڵدەستێت لە وانەكەیدا. هەروەها هاوكاریشی دەكات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پەروەردەیی و فێركارییەی دیاریكردووە، كە چەندین چالاكی و شێوازی جیاواز لەخۆ دەگرێت. كەواتە ڕێگای وانەگوتنەوە، بریتییە لە چەند بەدواداچوونێكی پێوەری (چەند هەنگاوێكی ڕێكخراوی بەدواداچوونە) لە كاتی جێبەجێكردنی پێكهاتەی پرۆگرامەكاندا، كە خۆی لە چالاكییە هونەرییەكاندا دەدۆزێتەوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی مامۆستا دیاری كردووە. بەڵام شێواز بریتییە لە باشترین لێزانی لە (شێوەی جێبەجێكردن)دا، ئەم كارەش پەیوەستە بە جێگەو ڕێگەی باخچەكە.

شێواز Style: بریتییە لە كۆمەڵێك چالاكی و بەدواداچوون كە مامۆستا پێی هەڵدەستێت لەكاتی ئەنجامدانی وانەكەدا (چالاكییەكەدا)، كە چەندین شێوازی جوانی ڕەفتاركردنی مامۆستا لەخۆ دەگرێت لەكاتی وانەگوتنەوەدا (چالاكیدا).

شایانی باسە، ڕێگای وانەگوتنەوە، چەندین شێواز لەخۆ دەگرێت و هەر مامۆستایەك بە شێوازی خۆی ئاستی فێركاری و پەروەردەیی دەباتە ئەو ئاستەی، كە خۆی پلانی بۆ داناوە، بۆیە هەر مامۆستایەك شێوازێكی تایبەت بە خۆی هەیە لە گوتنەوە، یان هەڵبژاردنی ڕێگایەك بۆ گەیاندنی پەیامی وانەكە. لەوانەیە مامۆستاكان هەمان ڕێگا بەكاربێنن، بەڵام شێوازەكەیان جیاوازە، هەموو ئەم هەنگاوانەی باسمان كرد تەنها هۆكارێكن بۆ گەیاندنی پەیامی پرۆگرامەكە بە منداڵ. لەم هەنگاوەشدا ئاسانترین و سادەترین ڕێگەو شێواز هەڵدەبژێرین، تا بگونجێت لەگەڵ منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن، چونكە ئاستی گەشەی لەشەكی و عەقڵی منداڵ هەموو جۆرە ڕێگاو شێوازێك پەسند ناكات و دەبێت مامۆستا ئاگاداری ئەم خاڵەبێت.

## هەڵبژاردنی ڕێگاو شێوازی جیاواز بۆ گوتنەوەی وانەی هونەر لە باخچەی منداڵاندا

١. بەکارهێنانی هەمەڕەنگی و شێوازی جیاواز لە جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکاندا:
ئەگەر مامۆستای هونەر تەنها یەک ڕێگا، یان تەنها یەك شێوازی وانەگوتنەوەی بەکارهێنا، لەکاتی جێبەجێکردنی پڕۆگرام و چالاکییەکاندا، ئەوا منداڵەکان تووشی بێتاقەتی و بێزاری دەکات و منداڵەکان گرنگی بە وانەکە نادەن و فەرامۆشی دەکەن. بەڵام ئەگەر مامۆستا ڕێگاو شێوازی جیاواز تاقیبکاتەوە لەگەڵ منداڵەکاندا، ئەوا حەزو ویستی منداڵەکان بۆ وانەکە، پاشان بۆ چالاکییەکە باشتر دەبێت و توانای پەروەردەیی و کارامەییان باشتر پێدەگات، چونکە توانا جیاوازەکانی منداڵ دەبینێت و جیاوازی تاکایەتی دەردەکەوێت و مامۆستاش دەتوانێ باشتر پێیان ڕابگات و چاودێرییان بکات.

٢. ڕێگاو شێوازەکەی بەتەواوی جێبەجێ بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکە:
پێویستە ڕێگەو شێوازەکانی جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکە، پەیوەست بێت بە ئامانجە ڕەفتارییەکانەوە، چونکە هەر ئامانجێك لە ئامانجەکانی ناو پڕۆگرامەکە جیاوازن، بەڵام پێویستە لەکۆتاییدا لە یەك شوێندا پێك بگەنەوە، چونکە ئەم شێوازە جیاوازانە بۆ گەیشتنە بە یەك ئامانج  جا ئەم ئامانجە (زانیاری بێت یان کارامەیی یان ویژدانی یان هەموویان) دواتر پڕۆگرامەکە بەهێزترو کاریگەرتر دەکات لە پێگەیاندن و ئاڕاستەکردنی منداڵ و ئاستی فێرکاری بەرزدەکاتەوە.

٣. هاندانی زیاتری منداڵ بۆ ئەنجامدانی چالاکی گورجوگۆڵ، تا بە باشی لە پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن بڕوانن. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە مامۆستا ڕێگاو شێوازەکانی جێبەجێکردنی چالاکییەکان بخاتە خزمەتی منداڵەکان و منداڵ ببێتە چەقی چالاکییە فێرکاری و پەروەردەییەکان. هەروەها هەوڵیش بدات شێوازەکانی وانەگوتنەوە بەهێز بکات بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و فێرکاری بە شێوەیەکی پتەوو تۆکمە.

٤. پێویستە هەنگاوەکانی سەرکەوتن بۆ منداڵ دەستەبەر بکەین لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەندین چالاکی یەك لەدوای یەك، تا دەگاتە ئاستی سەرکەوتن، بەو مەرجەی ئەو ڕێگەو شێوازانەی هەڵیدەبژێرین لە توانای ژیری و لەشەکی منداڵەکەدابێت و فشاری دەروونی لەسەر هەستی

**منداڵەکان دروست نەکات. لەوکاتەدا پێویستە هەنگاوەکان کورت و پوخت بن و سەر لە منداڵەکان نەشێوێنن، تا بە ئاسانی بەو ئامانجە بگەین، کە دیاریمان کردووە.**

٥. **ڕێگەو شێوازە نوێکانی وانەگوتنەوەی وانە کردارییە نوێکان، گرنگی بە گەشەی عەقڵی منداڵ دەدەن. هەندێك لە تیۆرەکانی فێرکردن لەمپەری جۆراوجۆریان لەبەردەم گەشەی توانا عەقڵی و کارامەییەکانی زانیاری منداڵ داناوەو پێیان وایە منداڵ کەمتواناو لاوازە لە کاتی جێبەجێکردندا، بەڵام دواتر چەندین تیۆری نوێ و پێشکەوتوو دەرکەوتن و هەموو ئەو لەمپەرو بەربەستانەیان ڕامالّی، کە دەبنە هۆی پاشخستنی گەشەی لەشەکی و عەقڵی و ئاستی کارامەیی زانیاری منداڵ. بەوەش ئەم تیۆرە نوێیانەش بوونە هۆی خێراتر کردنی گەشەی عەقڵی و لەشەکی و کارامەیی منداڵ، کە بەپێی توانستەکانی منداڵ ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکات، وا لەمنداڵ دەکات، وەك ئەندامێکی چالاکی خۆڕێکخەری ناو کۆمەڵگە دەرکەوێت و خۆگونجێنەربێت لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت، بۆیە منداڵ کەمتوانا نییە، ئەگەر ڕێگاو شێوازی جوان و باش هەبێت لە گەیاندنی پەیام و مەبەستە پەروەردەییە فێرکارییەکە.**

٦. **پێویستە مامۆستا جیاوازی تاکایەتی منداڵەکان لەبەرچاو بگرێت. واتە ئەو ڕێگاو شێوازانەی بەکاریان دەهێنێت گونجاوبێت لەگەڵ توانا جیاوازەکانی منداڵەکان و هەل بەیەکسانی بۆ هەموو منداڵەکان بڕەخسێنێت و بوار بۆ هەمووان وەك یەك بێت. لەو ڕووەشەوە لەوانەیە منداڵێك زووتر، یان درەنگتر لەکارەکەی ببێتەوە، بەڵام نابێت ببێتە هۆکاری فەرامۆشکردن لەلایەن مامۆستاو چاودێرەکانەوە.**

٧. **پێویستە ڕێگاو شێوازەکانی وانەگوتنەوە گرنگی بە شارەزاییە هەستییە ڕاستەوخۆکانی منداڵ بدات. هەروەها لەڕێگەی هەستەکانەوە مامۆستا پەی بە فێرکردنی منداڵەکە دەبات، فێرکردنی ڕاستەوخۆش وا لە منداڵەکە دەکات زووتر لە ئاماژەو دەستەواژە هونەرییەکان تێبگات و مەبەستی کارەکەی بۆ ڕوونبێتەوە، لەو ڕووەشەوە لە کاتی چالاکییەکەدا منداڵەکە کەمتر هەست بە بێزاری و بێتاقەتی دەکات.**

٨. **پێویستە ڕێگەو شێوازەکانی وانەگوتنەوە پێداویستییەکانی منداڵ تێر بکات:**

**لەم ڕووەوە پێویستە، وەك مامۆستایەکی باش وا لە منداڵەکان بکەین، کە پاڵنەرێکی بەهێزیان لا دروست بکەیت، تا لە چالاکییە هونەرییەکەدا بە هێزەوە دەرکەوێت و هەموو**

تواناکانی خۆی بەکاربێنێت، چونکە تێرکردنی پێداویستییەکانی منداڵ دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی زانیاری و کارامەیی و ئاڕاستەکانی ژیان دەدۆزێتەوەو دواتر خۆی ئاڕاستە دەکات، چونکە ئامانجی پەروەردەکردنی منداڵ و پێداویستییەکانی خۆی لە پێداویستی سەرکەوتن و پشت بەخۆبەستن و خۆدەربڕیندا دەبینێتەوە.

٩. پێویستە منداڵ چێژ لەکاتی پەروەردەکردن و فێرکردن وەربگرێت:

ئەگەر کارو چالاکییەکان بەسادەیی و ئاسانی بخرێنە بەردەستی منداڵ و مامۆستا کارەکە لە منداڵەکان قورس نەکات و مامۆستا ڕێگەو شێوازی سادە بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی بەرنامەکە، ئەوا بەدڵنیایەوە منداڵەکە چێژ لە چالاکییە هونەرییەکە وەردەگرێت و وا لە منداڵەکەش دەکات پرۆسەی فێرکردنی لا دەبێتە چێژ وەرگرتن لە چالاکییەکە.

١٠. دەستەبەرکردنی دڵنیایی و خۆپارێزی لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییە هونەرییەکاندا:

پێویستە مامۆستا ئەو ڕێگەو شێوانەی وانەگوتنەوەی هەڵیان دەبژێرێت، ئاستی دڵنیایی وخۆپارێزی منداڵەکان لەبەرچاو بگرێت و گیانی منداڵەکان نەخاتە بەر مەترسی لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکەدا.

١١. ڕێگەو شێوازی مامۆستا ئاستی کارامەیی زمانەوانی منداڵ بە ئامانج بگرێت:

پێویستە مامۆستا لە چالاکییەکاندا گرنگی بە گەشەی کارامەیی زمانەوانی منداڵەکان بدات، بە تایبەت (خوێندنەوە، نوسین، گفتوگۆکردن، وەدووکەوتن)، چونکە ئاستی زمانەوانی منداڵ ئەوەندە گەشەی نەکردووەو سنوردارە، بۆیە پێویستە ئەم خاڵە لەبەر چاو بگیرێت لە پلانەکەتدا.

١٢. ئامانجی پلانەکەت گەشەدان بێت بە کارامەیی ژیانکردن، تا منداڵەکە هاوسەنگی خۆی لەگەڵ ژینگەو کۆمەڵگاکەیدا بگونجێنێت:

پێویستە هەندێك لەو چالاکییە هونەرییانەی مامۆستا هەڵیاندەبژێرێت بەشێك بن لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکان، تا بتوانن خۆیانی لەگەڵ ڕابێنن و هاوسۆزو هاوخەمی ئەو ژینگەیەبن، کە تێیدا دەژین، لێرەشدا پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنەکە لای منداڵەکان بەهادار دەبێت چونکە بووە بە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەیان و خۆانی تێدا دەبیننەوە.

١٣. گرنگی بدرێت بە گەشەی کارامەیی پشت بەخۆبەستن:

کارامەیی پشت بەخۆبەستن، یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکانی منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن، ئەم دەرفەتەش وا لە منداڵ دەکات سەربەخۆبێت لە کارکردن و بەدەستهێنانی داخوازییەکانی لە ژیانی ڕۆژانەیدا، بۆیە پێویستە مامۆستا ئەو ڕێگەو شێوازانە بەکاربێنێت لە کاتی وانە کردارییەکاندا، کە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی ئاستی کارامەیی پشت بەخۆبەستن لای منداڵ.

١٤. گرنگیدان بە ڕەفتاری هەرەوەزکاری و جوداخوازی لەنێو منداڵەکاندا:

مامۆستا گرنگی بەو ڕێگەو شێوازانە بدات لە چالاکییە هونەرییەکاندا، کە دەبێتە هۆی دروستکردن و گەشەپێدانی گیانی هاوکاری و یەکتر پەسەندکردن لە نێوان منداڵەکاندا لەکاتی کارکردنی بەکۆمەڵدا. ئەمەش وا لە منداڵەکان دەکات، وەك تیمێك هەموو بەیەکەوە کارەکە ئەنجام بدەن و بەریەککەوتن دروست نەبێت و ئاستی بەکۆمەڵایەتی بوونی منداڵەکان بەرز دەبێتەوە.

١٥. ڕێگەو شێوازەکانی جێبەجێکردنی وانەی هونەر لە باخچەی منداڵان پشت بە یەکەی زانیاری و تەواوبوون دەبەستێت:

کەواتە تەواوکردنی کارە هونەرییەکە لە ناو چالاکییەکەدا یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی، کە پێویستە مامۆستای هونەر فەرامۆشی نەکات لە کاتی جێبەجێکردنی پلانەکەیدا. هەر بۆیە بەجێگەیاندن و تەواوکردنی پرۆژەی کار، وا لەمنداڵ دەکات چالاکییەکە ڕەنگدانەوەی هەبێت لە ژیانی ڕۆژانەیداو فێردەبێت کارەکان بە نیوەچڵی بەجێ نەهێڵێت و زانیاری تەواو لەبارەی کارەکە کۆدەکاتەوەو دواتر لە ژیانی تایبەتی خۆیدا ڕەنگی پێدەداتەوە.

بۆ ئەوەی زیاتر لە منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن تێبگەین و بەرچاومان ڕووتر بێت لەمەڕ پێداویستییەکانی منداڵ و کێشەکانیان لەم قۆناغەی تەمەنیاندا، وا باشترە مامۆستای پەروەردەی هونەر بتوانێت چارەسەری ئەو کێشەو گرفتانە بکات دوای ئەوەی هۆکارەکەی دەستنیشان دەکات.
کەواتە بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتری مامۆستا، زانیاری زۆرتر لەبارەی پێداویستی منداڵ دەخەینە ڕوو:

## پێداویستی:

دۆخێکە بە هۆی کەمی، یان شلەژانی لەشەکی، یان دەروونی مرۆڤ دروست دەبێت، ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت بگاتە ئاستی تێرکردنی پێداویستییەکانی بە شێوەیەکی گونجاو لەبار، ئەوا جۆرێك

لە ئازار دەكێشێت  و بێئارام دەبێت و هاوسەنگی لەدەست دەدات، بەڵام كاتێك پێداویستییەكەی تێردەبێت ئەوا یەكسەر هەموو نیشانەكان نامێنن.

**<u>پێداویستی لای منداڵ دوو لایەنی هەیە:</u>**

١- پەیوەستە بە خودی منداڵەكەوەو پێكدێت لە كەمی، یان لە شڵەژانی بایۆلۆجی یان دەروونی، كە دواتر هەست بە بێئارامی و نا هاوسەنگی دەكات. ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵنەرێك تا منداڵەكە هەندێك ڕەفتاری دیاریكراو بنوێنێت، كە دەبێتە هۆی ڕەوینەوەی پێداویستییەكەو تێر دەبێت و بێئارامی و شڵەژانەكەی نامێنێت و منداڵەكە جۆرێك لە هاوسەنگی بۆ دەگەڕێتەوە.

٢- پێداویستی كۆمەڵایەتی، پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری ئەو كۆمەڵگەیەی منداڵەكەی تێدا دەژیت، كەپێك دێت لە (داب و نەریت)، بۆیە تێربوونی پێداویستییەكە لە چوارچێوەی كۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات.

## جۆرەكانی پێداویستی:

١- پێداویستی بایۆلۆجی و فسیۆلۆجی: وەك پێویستی بۆ خواردن و خواردنەوەو میزكردن.

٢- پێداویستی كۆمەڵایەتی: وەك پێویستی بە ئاسایش و خۆشەویستی و ڕێزگرتن و دەربڕین لە خود (پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری كۆمەڵگەوە هەیە).

منداڵ بۆ تێركردنی پێداویستییەكانی پێویستی بە ئەنجامدانی كۆمەڵێك چالاكی یەك لەدوای یەك هەیە، لەوانە چالاكی هونەری، بەڵام ئەم چالاكییانە لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی ترو لە ژینگەیەكەوە بۆ ژینگەیەكی تر دەگۆڕێت. بە هەمان شێوەش لەڕووی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابورییەوە لە ناو خێزانێكەوە بۆناو خێزانێكی تر گۆڕانكاری بەسەردادێت.

## ئەو پەیوەندییە چییە، کە لە نێوان چالاکییە هونەرییەکان و پێداویستییەکانی منداڵدا هەیە؟

پەروەردەی هاوچەرخ منداڵی کردۆتە چەقی پەروەردەکردن و فێرکردن، لێرەوە هەنگاوی ئەنجامدانی چالاکی سەریهەڵدا، بە تایبەت ئەو چالاکییانەی ئارەزووی منداڵ دەجوڵێنێت و حەزو پێداویستییەکانیان تێر دەکات. بۆیە چەقی پەروەردەکردن گرنگی بە پێداویستییەکانی منداڵ دەدات و جەخت لە کێشە هاوبەشەکانی نێوان منداڵ و کۆمەڵگە دەکاتەوە.

### سازدانی چالاکی هونەری جۆراوجۆر کاریگەری گەورە لەسەر پێداویستییەکانی منداڵ جێدەهێڵێت، لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

١- تێرنەبوونی پێداویستییەکان دەمانبات بەرەو سەرهەڵدانی کێشەی جۆراوجۆرو کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر گەشەی منداڵ دروست دەکات.

٢- ئەگەر لەناو پڕۆگرام و پلانی مامۆستادا گرنگی بە پێداویستییەکانی منداڵ بدرێت، ئەوا حەزو ویستی منداڵەکە بۆ کارکردن زۆر دەبێت و ڕاستەوخۆ کار لە ئاستی فێرکاری منداڵەکە دەکات.

٣- تێرکردنی پێداویستییەکانی منداڵ وا دەکات ئاستی کارامەییان لە بواری ژیاندا زۆر بێت.

### لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە، گرنگیدان بە پڕۆگرام و پلانی وانەکە لەلایەن مامۆستای هونەر بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی منداڵ کارێکی پێویست و لەپێشینەیە، گرنگیی ئەم کارەش لەم چەند خاڵەدا دەخەینە ڕوو:

١- بوار بۆ منداڵ دەڕەخسێنێت، تا بە چالاکییە جۆراو جۆرەکانی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل هەستێت و پێداویستییەکانی تێر بکات، ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانەش وا دەکات منداڵەکە لە کێشە ئاژاوەنانەوە دوور بکەوێتەوە.

٢- ئەگەر منداڵەکان پێداویستییەکانیان تێربێت، ئەوا بەئاسانی دەتوانین ئاڕاستەیان بکەین بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی و بەکارهێنانەوەیان لە ناو ژیانی ڕۆژانەیاندا.

٣- ئەگەر مامۆستا ڕێگەو شێوازی باش هەڵبژێرێت بۆ ڕەفتار ڕێکخستنی منداڵ و ڕایبهێنێت چۆن داخوازییەکانی بخاتە ڕوو (ئیتیکی ڕەفتارکردن فێربێت)، ئەوا منداڵەکە بەئاسانی دەتوانێت پێداویستییەکانی پڕ بکاتەوە، هەروەك چۆن کاتێك پێویستی بە خواردنە دەڵێت برسیمە، بێ ئەوەی هیچ کێشەیك درووست بکات بۆ بەدەستهێنی خۆراك ڕەفتاری شیاوو گونجاو دەگرێتە بەر بۆ بەدەستهێنان (چونکە ڕاهێزانی پێکراوە). دواتر منداڵەکە فێر دەبێت پێش نان خواردن دەستەکانی بشوات و دوای نان خواردنیش کەرەستەکانی بەردەمی کۆبکاتەوەو ئنجا جارێکی تر دەستەکانی پشواتەوە. ئەمەش جۆرێکە لە (ئیتیکی نانخواردن). بۆ کاری هونەریش هەمان ڕەفتار دووبارە دەکاتەوە.

٤- گرنگیدان بەو چالاکییانەی پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەیە بۆ تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان، وەك: (پێداویستی نرخاندنی کۆمەڵایەتی و پێداویستی دەربڕین لە خود و بیروڕا دەربڕین). ئەم شێوازەش لە ڕێگەی بوار ڕەخساندن بۆ منداڵ و لە کاتی چالاکییە هونەرییەکاندا ئەنجام دەدرێن، تا دەربڕین لە کارە هونەرییەکانیان بکەن بە ئازادی و لەگەڵ هاوڕێ و مامۆستاکەیاندا گفتوگۆ بکەن، بەم جۆرە منداڵەکە ڕادەهێنرێت و فێردەکرێت چۆن بەڕێزەوە گفتوگۆ بکات و بە نەرمونیانی بیروڕاکانی دەربڕێت. فێردەبێت لەکاتی گفتوگۆدا قسە بە کەس نەبڕێت، وشەی نەشیاوو نارێك بەکار نەهێنێت، ئارام بگرێت لەکاتی گفتوگۆداو توشی تاوگیری نەبێت. هەموو ئەوانە خۆی لە (ئیتیکی گفتوگۆ)دا دەبینێتەوە.

٥- ڕەخساندنی چەندین دیدار لە نێوان مامۆستاو دایی و بابی منداڵەکان، تا مامۆستا چەندین ڕاسپاردەو پێشنیار بداتە دایی و بابی منداڵەکان لەبارەی پێداویستییەکانی منداڵەکەیان و چۆنییەتی تێرکردنی پێداویستییەکانیان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.

## ئارەزووی منداڵ

لەم پرۆگرامەدا گرنگی زۆر بە ئارەزووەکانی منداڵ دراوەو حەزەکانی لەبەرچاو گیراوە بۆ ئەو تەمەنەی تێیدایەتی. لە هەمان کاتیشدا گرنگی دراوە بۆ بە دەستهێنانی زانین و زانیاری نوێ،، کە منداڵ زۆر پێویستی پێیەتی بۆ ژیانی ڕۆژانە. ئەم پرۆگرامە لەڕێگەی چالاکییەوە جێبەجێ دەکرێت

و لەسەر ماموٚستایە وەك ((گەمەكردنێك)) مامەڵە لەگەڵ وانەكەدا بكات، تا ئارەزووی منداڵەكە نەشێوێنیٚ، چونكە ئارەزووی منداڵەكە چەقی چالاكییەكەیە.

## گەشەپێدانی ئارەزووی منداڵ وەك چەقی چالاكییە هونەرییەكە:

پێویستە ماموٚستای هونەر بوٚ بەدەستهێنانی ئامانجێكی زوٚر باش لە كارەكە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بكات:

١- پێویستە ماموٚستای هونەر چاوی لە سەر گەشەپێدانی حەزو ئارەزووەكانی منداڵ بێت، چونكە یەكەم كاریگەری پەروەردەیی لەسەر منداڵەكە، پاشان لەسەر كوٚمەڵگە جێدەهێڵێت.

٢- تێركردنی پێداویستییەكانی منداڵ وا دەكات داواكاری نویٚ لە پێداویستی لە منداڵەكەدا چروٚ بكات، ئەمەش جوٚرێكە لە بەردەوامی بوون.

بوٚنموونە: ئەگەر گەشت بە منداڵەكان بكرێت، ئەوا ئارەزووی نیگاركێشان، یان كاركردنیان لە بواری هونەریدا گەشە دەكات. (ئارەزوو، حەزی تری بە دوادادێت).

٣- پێویستە ماموٚستای هونەر ئارەزووی منداڵەكان بە پێداویستییان ببەستێتەوە بەو مەرجەی لەگەڵ تواناو ئامادەكارییان بگونجێت. بەستنەوەی حەزوو ئارەزوو بە پێداویستییەكانی منداڵەكەو هەستی كاركردن و داخوازی منداڵەكە بوٚ چالاكییەكە زوٚرتر دەكات.

بوٚ نوونە: ئارەزووی نیگار كێشان لای منداڵ گەشە ناكات، ئەگەر خوٚی حەزی لێنەبێت.

٤- پێویستە ماموٚستا ئەم پروٚگرامە بە شێوەیەك بەكاربێنێت، كە منداڵەكانی پیٚ ئاڕاستە بكات بە شێوەیەك لەگەڵ تواناو هەست و ویستی منداڵەكاندا بێتەوە و چالاكییەكەیان لیٚ سەخت نەكات. تێبینی و سەرنجەكانی لە سەر تێنوسی یاداشتی منداڵەكان بنوسێت، تا چەند ئەم چالاكییە لەگەڵ حەزو ویست و توانا لەشەكی و عەقڵییەكانی منداڵەكە دێتەوە؟

٥- كەڵك وەرگرتن لە حەزوو ئارەزووەكانی منداڵ بوٚ گەشەپێدانی تواناكانی بوٚ داهێنان كردن و بەدەستهێنانی كارامەیی جوٚراو جوٚر. لێرەدا ڕێگاو شێوازی وانەگوتنەوە كاریگەری خوٚی دەكات بوٚ كەڵك وەرگرتن لە ئارەزووەكانی منداڵ و هاوكاریكردنیان بوٚ بەدەستهێنانی كارامەیی داهێنان.

٦- کەڵك وەرگرتن لە ئارەزووەکانی منداڵ بۆ درووستکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵێك خووی بەسوود لە منداڵەکەداو دووبارە بەکارهێنانەوەی لە ناو کۆمەڵگەیدا. کاتێك منداڵەکە ئارەزووەکانی تێر دەبێت لە ڕێگەی چالاکییەکانەوە، لە سەر مامۆستا پێویستە خۆی هەڵبقورتێنێت لە کارەکە، تا منداڵەکە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ئارەزووەکانی تێر بکات، ئەم بەشداری کردنەی مامۆستاش دەبێتە هۆی گەشەپێدان و دروست بوونی خووەکان بەشێوەیەکی خوازراو.

تێبینی: ئەگەر مامۆستای هونەر، کتێب و بڵاوکراوەی ڕەنگاو ڕەنگی سەرنج ڕاکێشی منداڵانە بخاتە بەردەستی منداڵەکان و لەگەڵ منداڵەکان پێکەوە ڕاڤەی وێنەو بابەتەکانی بکەن، ئەوا حەزو ویستی منداڵەکە لە لایەك و خەیاڵکردنی منداڵەکە بەباشی گەشە دەکات، چونکە خەیاڵکردن بەشێکە لە پڕۆسەی گەشەی منداڵ لە باخچەدا.

## تواناکانی منداڵ و ئامادەبوون و گەشەپێدانی خووەکان

توانا: ئەو شتەیە، کە لە ئێستادا منداڵ دەتوانێت جێبەجێی بکات، لە ڕێگەی (چالاکییە عەقڵییەکان، یان کارامەییە جووڵەکییەکان) جا ئەم شتە بەدەست هاتبێت لەڕێگەی ڕاهێنانەوە یان بێ ڕاهێنان.

ئامادەباشی: توانای تەواوی منداڵە لە بوارێکی دیاریکراودا بۆ فێربوون بە شێوەیەکی خێراو ئاسان، تا دەگاتە ئاستێکی بەرزی کارامەیی پوخت و ورد وەك: (هونەری نیگارکێشان، هونەری میوزیك، بیرکاری یان بواری زمانەوانی...).

## جیاوازی نێوان تواناو ئامادەبوون لای منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن:

منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن تواناکانی سنووردارەو ناتوانێت هەموو جۆرە کارێك ئەنجام بدات، وەك: (نیگارکێشان، ژەنینی میوزیك، تا دەگاتە وەرزشکردن...). بەڵام هەر ئەو منداڵە ئامادەکارییەکی زۆری هەیە بۆ سەرکەوتن لەو کارەی پێی دەسپێردرێت، ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێنرێت و ژینگەیەکی لەباری بۆ ساز بکرێت بۆ ڕاهێنان کردن. ئەگەر منداڵ ویست و خواستی ئامادەبێت خۆی ئارەزوو دەکات بەشداربێت و توانا فێرکارییەکەی بەجۆرێکی ئاست

بەرز پێش دەخات. هەرچەندە تواناو ئامادەكارییەكان لە منداڵێكەوە بۆ منداڵێكی تر جیاوازە (جیاوازی تاكایەتی)، بەڵام ئەم تواناو ئامادەكارییانەی منداڵ زۆر گرنگن بۆ پەروەردەكردن و فێركردن. چونكە تا منداڵەكە تواناو ئامادەكارییەكانی زۆرتربێت، ئەوا پرۆسەی پەروەردەكردن و فێركردنەكە خێراتر دەچێتە پێشەوەو ئەنجامی باش بەدەست دەهێنرێت.

## خووی منداڵ

### چۆن لای منداڵ خوو دروست دەبێت؟

١- منداڵ لە ژێر كاریگەری پێداویستی و ئارەزووەكانیدایەو هەندێك ڕەفتار دەنوێنێت تا تێرییان بكات، هەر بۆیە بە دووبارەكردنەوەی ئەم ڕەفتارانەو هەستكردن بە بەدەستهێنانی پێداویستی و ئارەزووەكان، ئەوا خوو بەو جۆرە ڕەفتارانەوە دەگرێت و دووبارەیان دەكاتەوە بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی پێداویستییەكانی.

٢- بە لاسایی كردنەوەی گەورەكان (دایی و باب، براكانی، مامۆستاكانی) دەیەوێت ڕێزو خۆشەویستیان پیشان بدات، یان هێزو دەسەڵاتیان تێدا دەبینێتەوە. بەم ڕەفتارانەش منداڵەكە خووی پێوەدەگرێت و دووبارەیان دەكاتەوە.

٣- منداڵەكە لاسایی هاوتەمەنەكانی خۆی دەكاتەوە لەكاتی یاریكردن، یان نیگاركێشان، یان لە هەر كارێكی تردا. ئیدی ئەوان چی دەكەن ئەویش دووبارەی دەكاتەوە، یان ئەوان چی دەڵێن ئەویش دەیڵێتەوە. لەبەر ئەوە پێویستە تێبینی و سەرنج بدەینە منداڵەكە دوای تەواو بوونی كارەكان، تا خوو بە خووە نەشیاوەكانەوە نەگرێت.

٤- داب و نەریت و ئایینەكان ڕۆڵێكی گەورەیان هەیە لە دروستبوونی خووە ڕەفتارییەكان.

٥- سەیركردنی (تەلەفزیۆن و خوێندنەوە) سەرچاوەن بۆ بەدەستهێنانی خووی نوێ.

٦- خووەكان هاوكاری منداڵ دەكەن بۆ بنیاتنانی ئاڕاستەی نوێ. هەر بۆیە ئەگەر منداڵ هەست بە گرنگیدان و بڕواپێهێنان بكات، ئەوا خووەكان دەبنە ئاڕاستە. چونكە ئاڕاستە زۆر بەرفراوانترە لە خوو.

منداڵ زۆرتر ئەو خووانە بەدەستدەهێنێت، کە پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەی خۆیەوە، وەك دەستشۆردن پێش نان خواردن و دوای نان خواردن. تەنانەت منداڵ خووە دروستەکان زۆر دووبارە دەکاتەوە، چونکە پەیوەستە بە پاکوخاوێنی.

بەڵام ئاڕاستە، بریتییە لەوەی منداڵ بەرەو ئاڕاستەیەك دەڕوات، یان دژە ئاڕاستەیەکە، وەك ئاڕاستە بەرەو سیستەمێك، یان ئاڕاستە دژی سیستەم و دواتر بەرەو گێرەشێوێنی.

## ڕۆڵی چالاکییە هونەرییەکان لە گەشەپێدانی خووەکاندا:

١- گرنگیدان بە ئاڕاستەو خووەکانی منداڵ زۆر گرنگە، یەکەم بۆ منداڵەکە، دووەم بۆ کۆمەڵگە. لەو ڕووەشەوە دەبینین هەل ڕەخساندن بۆ منداڵ لە ڕێگەی چالاکییە هونەرییەکانەوە وا دەکات خووەکانی پاشان ئاڕاستەکانی گەشە پێبدات. بۆ ئەوەش باشترین نموونە گەشتکردن و سەیرکردنی فیلمە فێرکارییەکانە، چونکە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت بۆ نموونە: ((لە گەشەکردنی خووە تەندروستییەکان و دوورکەوتنەوە لە زبڵ و خاشاك و دواتر خۆپاریزی لە نەخۆشی دروست دەبێت)). دژایەتی کردنی ئەو خووانەی، کە زیان بە منداڵ و کۆمەڵگە دەگەیەنێت.

٢- ئەم چالاکییانە کۆمەڵێك خووی باش فێری منداڵ دەکات، کە پەیوەندییان بە شێوازی ڕەفتارکردنی باشەوە هەیە لەگەڵ هاوڕێکانی.

٣- نمایشکردنی هەندێك فیلمی فێرکاری لە باخچەی منداڵاندا بۆ بەدەستهێنانی هەندێ ڕەفتارو ئاڕاستەی باش.

٤- پەیوەندی گرتن لە نێوان باخچەکاندا بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و هاوکاریکردنی یەکتر بۆ بەهێزکردن و گەشەپێدانی خووە باشەکان و سڕینەوەی خووە خراپەکانی منداڵ.

٥- باخچەی منداڵان گونجاوترین قۆناغی گەشەپێدان و بەدەستهێنانی خووە باشەکان و ئاڕاستەکردنە گونجاوەکانە بۆ منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن.

٦- ڕەخساندنی بوار بۆ منداڵ، تا بتوانێت ئەو خووانە بەدەست بێنێت، کە پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە.

٧- هاندانی خووە باشەکانی منداڵ، وەك (سیستەم و پاکوخاوێنی) لەڕێگەی پاداشت و خەڵاتکردنەوە.

## تایبەتمەندییەکانی مامۆستای هونەر لە باخچەی منداڵاندا

مامۆستا کاریگەرترین پێکهاتەی پرۆسەی پەروەردەیە، لەگەڵ منداڵەکان ڕەفتار دەکات و هەر خۆیشی ئەرکەکان جێبەجێ دەکات، خۆی لەگەڵ بنەما فێرکارییەکان دەگونجێنێت، ڕێگەی وانەگوتنەوەی ڕاست و دروست هەڵدەبژێرێ. ڕاهێزانی زۆر دەکات بۆ بەکارهێنانی کەرەستە پێشکەوتووەکانی پرۆسەی پەروەردە، لەگەڵ هەموو ئەو کەرەستانەی، کە بواری پەروەردەو فێرکردن پێویستی پێیەتی. ئەگەر کەرەستە بەردەستەکان زۆربن، یان کەرەستەی جێبەجێکردن و هۆکارەکانی فێرکردن لەبن نەهاتووبن، ئەوانە هیچیان بەهایان نییە، ئەگەر مامۆستا ئامادەنەکرابێت و ئامادەنەبێت بۆ پرۆسەی کارە هونەرییە ڕاست و ڕەوانەکە، مخابن هەندێك جار مامۆستا کەرەستەی زۆریشی لەبەردەستە، بەڵام نادڵسۆزی و نەشارەزایی و لێنەهاتوویی وادەکات، کات بکوژێت و کەرەستەکان بە هەدەربدات و منداڵەکانیش فەرامۆش بکات. بەڵام مامۆستای لێهاتوو چاوکراوەو سەرکەوتوو خاوەن زانیاری و دڵسۆز ئەوەیە، ئەگەر کەرەستەو پێداویستی باشیشی لەبەردەست نەبێت، ئەوا دەتوانێت دڵسۆزی خۆی بسەلمێنێت و ڕاهێزان بە منداڵەکان بکات و کات نەکوژێت، خۆی بەکاری لاوەکیەوە خەریك نەکات و پلانێکی تۆکمەو باش بۆ وانەکەی دابنێت.

**بۆیە هەر وێستگەیەکی پەروەردەیی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی وەستاوە:**

١- مامۆستا

٢- منداڵ

٣- توانای پەروەردەیی.

ئەو تایبەتمەندیانەی پێویستە لە مامۆستای سەرکەوتوودا هەبن، لێکبەستنی ئەم سێ بنەمایەی سەرەوەن، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەشدا دەتوانین تایبەتمەندییەکان دابەش بکەین بۆ دوو بەش:

١- تایبەتمەندییە کەسیەکان (ئەمە هەڵێنجراوی کەسێتی مامۆستاکەیە).

٣- ئەرکە پیشەییەکە (لەسەر بنەمای تواناو لێهاتویی پەروەردەیی مامۆستاکە بەندە، بەمەبەستی گەیاندنی ئەزموون و توانا پەروەردەییەکەی مامۆستا بۆ منداڵەکان).

## بنەماكانی كەسێتی مامۆستای باخچەی منداڵان:

پێویستە مامۆستای هونەر كۆمەڵێك تایبەتمەندیی هەبێت، تا هاوكار بێت لەكاتی كاركردن، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانترین شێوە ئامانجی وانەكەی بگەیەنێت وەك:

### أ- لایەنی جەستەیی:

١- بێخەوشی لە ڕووكەشدا، تا نەبێتە جێگەی گاڵتەپێكردنی منداڵەكان.

٢- دەستەبەركردنی لایەنە هەستییەكان و ڕەوانبێژییەكی تەواو لەڕووی زمانەوانی، بۆنموونە: زمانی نەیگرێت و گیرنەكات، ح نەكاتە ع (محەمەد - معەمەد) لە قسەكردن و گفتوگۆكردن لەگەڵ منداڵەكان وشەی ناتەواوو نارێك بەكارنەهێنێت. منداڵەكان پرسیاری چیان كرد، ڕاستەوخۆ مامۆستا بە جوانی و ڕەوانی وەڵامی منداڵەكان بداتەوە. نابێت وەڵامی مامۆستا بۆ منداڵەكان ناڕوونی تێدابێت یان گومانی تێدابێت، یان پرسیارەكە چەندین وڵامی بوێت.

٣- نابێت مامۆستا نەخۆشییەكی هەبێت بگوازرێتەوە بۆ منداڵەكان، وەك: (نەخۆشی پێست)، چونكە مامۆستای هونەر بەر جەستەی منداڵەكان دەكەوێت لەكاتی وانە كرداریەكاندا (خۆی چارەسەر بكات، پێش چونە پۆل).

٤- ڕێك پۆشی و سادەیی لە پۆشینی جل و بەرگدا، مامۆستا نابێت جلی تەسك بپۆشێت، چونكە لە وانە كرداریەكاندا ناتوانێت بەئاسانی دابنیشێت و هەستێت و جووڵە بكات، واتە دەبێت جلێك بپۆشێت لەڕووی دەروونییەوە مامۆستا ئاسوودە بكات، یان نابێت جۆرە جلێك بپۆشێت گاڵتە جاڕانە دەركەوێت لە بەردەم منداڵەكاندا، یان نابێت پێڵاوی پاژنە بەرز لە پێ بكات، ئەمە كاریگەری لەسەر منداڵەكەو دەروونی خودی مامۆستاكە دروست دەكات. بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا پێڵاوی فلات (ژێر تەخت) لەپێ بكات. وەك (كالە) ئەمە هاوكاری مامۆستا دەكات لە جووڵەكردن و هەڵبەزو دابەز لەناو پۆل و دەرەوەی پۆلداو لە ڕووی دەروونییەوە مامۆستا ئاسوودە دەكات (ئارامبەخشە).

## ب- لایەنی هزری و هەستی:

١- توانای زیرەکی باشی هەبێت (لە سەروو ناوەندەوە بێت باشترە) تا بتوانێت بە ئاسانی، توانستی زیرەکی منداڵەکان لە پۆلدا پۆلێن بکات.

٢- رەفتاری جوان بێت و توانای چارەسەری ئەو کێشانەی هەبێت، کە رووبەڕووی مامۆستا دەبێتەوە لەکاتی کارکردن لەگەڵ منداڵەکاندا (لاواز نەبێت لە ئاست کێشەکانداو فەرامۆشیان نەکات، خۆی نەدزێتەوە لە کێشە، بەڵکو پێوستە لەسەر مامۆستا هەمیشە رووبەڕووی کێشەکان ببێتەوە).

٣- توانای سەرنجدانی بەهێزی هەبێت بۆ منداڵەکان (چاوتیژبێت)، هەڵسەنگاندنی رۆژانە بۆ توانای گەشەی چالاکی منداڵەکان بکات، لەسەر ئەم بنەمایە مامۆستا خۆی رێکبخاتەوە.

٤- پێویستە باکگراوندێکی رۆشنبیری و هونەری هەبێت، ئەزموونی بەرفراوانی هەبێت بە پشت بەستن بە توانا رۆشنبیرییە گشتییەکان و رووداوەکانی رۆژانە. واتە: (ئاگاداری پێشکەوتنەکانی بوارەکەی خۆی بێت، کە لە جیهاندا روودەدەن).

٥- داهێنەرو بیرتیژ بێت، توانای خۆ نوێکردنەوەو خۆگونجاندن و توانای بەکارهێنانی کەرەستە جیاوازەکانی هەبێت. پێویستە لەسەر مامۆستا زۆربەی کەرەستە بەکارهاتووەکانی بواری هونەری و بەردەستەی هەبێت، وا بکات منداڵەکان سوود لە کەرەستەی بەکارهاتوو ببینن و کەمترین خەرجی بکات، لەبەر ئەم دوو هۆکارە:

یەکەم: منداڵەکە فێربکات، دووبارە کەرەستە لەکارکەوتووەکان بەکاربخاتەوەو سوودیان لێوەربگرێت و منداڵەکان فێری ژینگە پارێزی بکات.

دووەم: تۆ وەك مامۆستایەك ناتوانیت هەموو رۆژێك کەرەستە بە بەرێوەبەری باخچەی منداڵان و بە منداڵەکانیش بکڕیت، چونکە لەڕووی پارەدارکردنەوە، بەرێوەبەری باخچەو خێزانی منداڵەکان هەراسان دەکەیت. بۆیە لەسەر مامۆستا پێویستە منداڵەکان ڕابهێنێت ڕێز لە کەرەستە بەکارهاتووەکان بگرن و دووبارە لە کاری هونەریدا بەگەڕیان بخەنەوە، وەك: (قوماشی ڕەنگاو ڕەنگ، کارتۆن، قوتوی هەمەجۆر...) (دووبارە بەکارهێنانەوەی کەرەستەکان).

٦- پێویستە مامۆستا، ناوی هەموو منداڵەکان بزانێت و بەناوی خۆیان بانگیان بکات، ئەگەر ناوی منداڵەکانی پێلەبەرنەکرا، یان ژمارەیان زۆربوو نەتوانرا بیان ناسێتەوە، ئەوا گرنگە

هەرمنداڵەو ناوی خۆی لە باجێکدا بە یەخەی منداڵەکان هەڵبواسێت، یان لەسەر سنگیان بدات. تا لەکاتی کارکردنیاندا بەناوی خۆیان بانگیان بکات، لەڕووی دەروونییەوە منداڵەکە ئاسوودە دەکات و دڵخۆش دەبێت بەوەی مامۆستا بەناوی خۆی بانگی کردووە.

## ج- لایەنە تاوگیرییەکانی مامۆستا:

١- دەستەبەرکردنی هاوسەنگی سۆزداری و تاوگیری و تواناکان بۆ کۆنترۆڵ کردنی خۆیی. (بۆنموونە: جیاوازی لە نێوان منداڵەکاندا نەکات).

٢- دەبێت سنگ فراوان بێت، نابێت بە پرسیارکردنی منداڵەکان هەراسان بێت و لە مەڕ پرسیارکردنی منداڵەکان توڕەیی خۆیان بەسەردا نەبارێنێ. پێویستە پشوو درێژبێت و ئاراستەکردنی باشبێت، نابێت زیادەڕەوی بکات لە پاداشت و سزادا.

٣- دەبێت ڕەفتار جوان و هەڵسوکەوتی شیاوبێت، تا وەك نموونە دەرکەوێت بۆ منداڵەکان.

٤- پێویستە وانەگوتنەوەی لا خۆشەویست بێت، هەمیشە خەون بە باشترینەوە ببینێت و تواناکانی خۆی پێش بخات و ئاستی خۆی بەرزبکاتەوە لە هەموو بوارەکاندا.

٥- دەبێت هەمیشە خەیاڵ و بیری باشبێت و باوەڕی بە خۆی هەبێت و باوەڕی بە دروستی دەروونی خۆی هەبێت.

٦- جۆش وخرۆشداربێت بۆ پێشکەشکردنی چالاکیەکانی ناو پۆل و بەرهەمهێنانی کەرەستەی فێرکاری نوێ و جیاواز بۆ وانەکە.

## د- لایەنی کۆمەڵایەتی:

١- جێگەی ڕێزی منداڵەکان بێت و سەرنجیان بۆلای خۆی ڕابکێشێت.

٢- هەست و توانای گاڵتەو گەپی هەبێت لەگەڵ منداڵەکاندا. (بەو مەرجەی زیادەڕەوی نەکات لە ڕەفتاردا) واتە (مۆن و مرچ) نەبێت لە پۆلداو کێشەکانی ماڵەوە نەهێنێتە ناو پۆل.

٣- توانای بەستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی هەبێت لەگەڵ دایی و بابی منداڵەکان و بتوانێت تێکەڵاوی هاوڕێ و کارگوزارو فەرمانبەرەکانی ناو باخچەکە بێت.

٤- خۆگونجان و دەربڕینی هەستی هاوکاری بۆ ئەندامان و کارگەرانی ناو باخچەی منداڵانکەو ئەوانەشی، کە کاریان لەگەڵ دەکات.(خۆپەرست نەبێت، گیانی هاوکاری تێدابێت).

٥- دەبێت یاسا پارێزبێت و ڕێز لە پەیمانەکانی بگرێت. (بێ پەیمان نەبێت)

٦- ڕێز لە بنەما کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەکان بگرێت، هەوڵبدات لەگەڵیان ڕابێت، سەرەڕۆیی نەکات، بە مەبەستی گەشەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی و پتەوکردنی بنەما کۆمەڵایەتیەکان لەناخی منداڵەکاندا. بۆ نموونە: (ڕێزگرتنی یەکتر و منداڵەکان لەناوخۆیاندا هاوکاری پێشکەشی یەکتر بکەن)

٧- هاوکارێکی باشی هاوڕێکانی بێت، لەکاتی کاری هاوبەش و بەکۆمەڵ، بۆ سەرخستنی کاری باخچەی منداڵان.

## ئەرکەکانی مامۆستای هونەر، وەك ئەندامێکی خێزانی باخچەی منداڵان

لەسەر مامۆستای هونەر کۆمەڵێك ئەرکی بەڕێوەبردن هەیە، پێویستە جێبەجێیان بکات لە پرۆسەی پەروەردەدا، وەك:

١- ئامادەبوون لە ڕیزبوونی بەیانیان و پاراستنی یاساکانی ڕێکوەستان.

٢- پاراستنی یاسا لەکاتی بەڕێکردنی منداڵەکان بۆ ژووری چالاکییەکان.

٣- هاوکاری یەکەمی باخچەی منداڵان بێت بۆ چاودێری کردنی بەشەکانی باخچەی منداڵان.

٤- بەشداریکردن لەو لیژنانەی باخچە پێکی دەهێنێ بۆ ڕاپی کردنی کارەکان.

٥- بە شداریکردن لەو کارانەی بەڕێوەبەری باخچە پێی دەسپێرێت.

٦- بەشداریکردن لەو لیژنانەی باخچە ڕێکیدەخات، وەك ئەنجومەنی باوکان و مامۆستایان.

٧- بەشداریکردن لەو چالاکییە ئاهەنگ ئامێزو کۆڕو کۆبونەوانەی باخچە ڕێکیدەخات بە ئامادەبونی بەرپرسانی دەوڵەت و دایکان و باوکان.

٨- بەشداریکردن و سەرپەرشتی کردنی ئەو پێشبڕکێیانەی باخچە ڕێکیدەخات بۆ منداڵەکان.

٩- بەشداریکردن لە بەهێزکردنی توانا جۆراو جۆرەکانی منداڵانی باخچەدا.

## ئەركەكانی مامۆستای باخچەی منداڵان وەك پەروەردكارێك

١- پێوستە پێشەنگی منداڵەكان بێت بۆ پاكوخاوێنی و ڕەفتاری چاك. هەروەها نابێت وشەی نابەجێ و نەشیاو بەكاربهێنێ (وشەی باش و شیاو هەڵبژێرێت بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ منداڵ، كە لەگەڵ توانای هزری و هەستی و تەمەنی منداڵەكەدا بێتەوە).

٢- منداڵەكان ئاڕاستە بكات بۆ پاراستنی یاسای باخچەی منداڵان و هەموو ئەو كەل و پەلانەی لە باخچەدا هەیە. پاك ڕاگرتنی سەرئاوو گۆڕەپانی یاری و ژووری وانە گوتنەوەكان و دەبێت ڕاهێزان بە منداڵەكان بكات لە كاتی وانەی پراكتیكدا، ژێرخۆیان پاك ڕابگرن و پاشماوەی كارە هونەریەكان خاوێن بكەنەوە. دوای چالاكییەكە، هەموو كەرەستەكان بخەنەوە جێگەی خۆیان، یاسای (خۆت خزمەتی خۆت بكە) پەیڕەو بكە.

٣- منداڵەكان بەشداری پێ بكات لە چالاكییە ئازادە جۆراوجۆرەكان لە هەموو بوارەكاندا. منداڵەكان نەخشیان هەبێت لە گەیشتن بە بنەما پەروەردەیی و ئامانج و فەلسەفەی وانەكە.

٤- بەكارهێنانی زمانی سادەو ساكارو ڕوون لە گفتوگۆكانیدا لەدەرەوەو ناوەوەی باخچەی منداڵان.

## گەشەپێدانی توانا پیشەییەكانی مامۆستای هونەر

لەسەر بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان پێویستە گەشە بە توانا پیشەییەكانی مامۆستاكانی بدات، تا كاری تازەو بەرهەمی نوێ بخەنە بەردیدەی منداڵەكان و تواناكانیان پێش بخەن لە ڕێگەی:

١- مامۆستایانی وانەی هونەر سەردانی باخچەكانی تر بكەن، تا بە زانیاری و كارە هونەریەكانیان ئاشنا بن و ئاڵوگۆڕی توانا هونەری و ئەزموونە پەروەردەییەكانیان، كە لەماوەی ڕابردوودا بەدەستیان هێناوە لە كاری ڕۆژانەیاندا بیخەنە بەرچاوو بەردەستی یەكتر، بەمەبەستی ئاشنا بوون بەكاری یەكتر. (ئاڵوگۆڕی زانیاری).

٢- كۆبونەوە ڕێکبخرێت بۆ مامۆستا بە ئەزموونەکانی وانەی هونەر لەگەڵ مامۆستاکانی تردا، بەمەبەستی گۆڕینەوەو بەخشینی ئەزموون بەیەکتر. بەمەبەستی دانانی بەرنامەی کار بۆ بەهێزکردنی توانا گەشەییەکانی منداڵان.(سازدانی سیمینار، کۆڕ، کۆبونەوە...).

٣- گەڕان و بەدواداچوون و چنگخستنی ئەو چاپکراوو بڵاوکراوانەی لەبارەی (پەروەردەی هونەری منداڵ، گەشەی منداڵ، پەروەردەو فێرکردن) بڵاودەکرێنەوەو پەیداکردنیان و خوێندنەوەیان. بەتایبەت ئەو بڵاوکراوانەی باسی ڕێگاکانی گوتنەوەی تازەو کەرەستە نوێکانی فێرکردن، یان چالاکییە جۆراوجۆرەکان، یان هەربابەتێك پەیوەندی بە پرۆسەی پەروەردەی هونەرەوە هەیە.

٤- بەشداریکردن لەو خولە ڕاهێزانانەی ڕێکدەخرێن تاو نا تاوێك بۆ مامۆستایانی هونەر بە مەبەستی گۆڕینەوەی تواناو ئەزموونە پەروەردەییەکان و وروژاندنی کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، کە دەبێتە هۆی جوڵاندنی هەستی زانستی و پەروەردەیی لای مامۆستایان، دواتر بەرزکردنەوەی ئاستی توانا هونەرییەکانیان.

٥- پەیوەندی گرتن بەکەسانی شارەزاو خاوەن ئەزموون لەو بوارەدا، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی توانا پیشەییەکانی مامۆستای هونەر.

هەموو ئەو بابەتانەی باسمان کردن، بۆ پێشخستنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەو بەرزکردنەوەی ئاست و تواناکانی مامۆستای هونەرە بۆ گەشەپێدانی توانا شاراوەکانی منداڵان، بە مەبەستی ڕاکێشانیان بۆ ناو پرۆسەیەك، کە ناوی ژیانە. واتە مامۆستا دەبێتە سەنتەری هاوبەشی کاری دایك و باوك بۆ گەشەپێدانی تواناکانی منداڵ، هەروەها ژینگە بەکاردەهێنێ، وەك هۆکارێکی پاڵپشت بۆ ڕێکخستنی کارە پلان بۆ داڕێژراوەکەی.

مامۆستای چەلەنگ خەرمانی باش دەچنێتەوە، بەدوای باشترو باشتریندا دەگەڕێت. مامۆستای سست و کەمزانیاریش لەکۆتاییدا پووش و پەڵاش کۆدەکاتەوەو دواتر ماڵوێرانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بۆ ئەو پرۆسەیەی مامۆستا چەلەنگەکە دەستی پێکردووەو دواتریش کۆی چالاکییەکان دەخاتە بەر مەترسی. وانەی پەروەردەی هونەر، پێویستی بە جووڵەو بیری تیژو گەڕان هەیە بە دوای کارو چالاکی نوێدا، بەمەبەستی ئاشنا کردنی منداڵ بە بەرهەمی نوێ و چالاکی نوێ لەو بوارەدا. ئەم کارە پێویستی بە خۆنەویستی و هیلاك بوون هەیە. پێویستە لەسەر مامۆستا

دڵخوازانه هەموو خەیاڵ و بیری لای پەروەردەکردنی منداڵەکان بێت و هیچی تر. نابێت کێشەکانی دەرەوە بگوازێتەوە بۆ ناو پۆل و منداڵەکان هەراسان بکات لە کاتی وانە کردارییەکاندا.

## چاودێر

چاودێر یەکەیەکی هاوکاری چالاکی پرۆسەی کاری باخچەی مندالآنە، هاوکاری مامۆستا دەکات لە چالاکییەکانداو ڕێنمایی و زانیاری لە مامۆستا وەردەگرێت. مامۆستا چاودێرەکان ئاراستە دەکات بەو پلانەی دایڕشتووە بۆ وانەکە. کەواتە بۆ سەرخستنی کاری چاودێر پێویستە بەڕێوەبەرو مامۆستا پێکەوە لەگەڵ چاودێرەکان کۆبوونەوە ساز بکەن، تا چاودێرەکان کاری خۆیان بزانن و ئاگاداری پلانی کاری باخچەی مندالآن بن.

### کاری چاودێر:

١- چاودێری منداڵەکان دەکات و ڕێنماییەکانی مامۆستا جێبەجێ دەکات.

٢- لە مامۆستا چاوتیژترەو پەی بە وردو درشتی ناو پۆل دەبات.

٣- سەرنج و تێبینی لەسەر منداڵەکان لەکاتی چالاکییەکاندا بە مامۆستا دەدات.

٤- هاوکاری پێشکەشی منداڵەکان دەکات.

٥- گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکان دەکات و خواست و ویستیان فەرامۆش ناکات.

٦- پێش مامۆستا هۆڵی چالاکی ڕێکدەخات و ئامادەی کارکردنی دەکات.

٧- پێش وانە، پلانی کار دەخوێنێتەوەو ئاگاداری پلانی تازەی ڕۆژ دەبێت و ئامادەکارییەکان دەکات بۆ ڕۆژی دواتر.

٨- جل و بەرگ و خۆپۆشینی هەمان تایبەتمەندییەکانی مامۆستایە.

٩- زمانی گفتوگۆی هەمان زمان و گفتوگۆی مامۆستایە.

## ڕێساکانی ئاسایش و خۆپاراستن لە وانەی هونەردا

### هونەری منداڵ و کاریگەرییەکانی ئاسایش و خۆپارێزی:

(هەردوو سیستەمی باخچەی مندالآن و قوتابخانەکان دەگرێتەوە)

١- لەسەر مامۆستای هونەر پێویستە، لەکاتی کڕینی کەرەستە هونەرییەکاندا، کۆنترۆڵی هەموو کەرەستە کڕدراوەکان بکات، کە منداڵ بەکاریان دەهێنێت لە باخچەی منداڵاندا. جا ئەم کەرەستانە پەیوەندیان بە لایەنی هونەرییەوە هەبێت یان نا. لەبەر ئەوە پێویستە هەموو ئەو کەرەستە هاتووانە بپشکنرێن، کە دەهێنرێنە ناو باخچەی منداڵان.(لە باخچەی منداڵان بێت، یان لە فێرگە).

٢- پێویستە سەرەتا گفتوگۆ بکەین لەگەڵ پزیشکی پسپۆڕو بەدواداچوون بکەین بە مەبەستی دابین کردنی ئەو پێداویستییە تایبەتییە هونەریانەی، کە پێویستە منداڵ بەکاریان بهێنێ.

٣- پێویستە ئەوەندە کەرەستەی هونەری بدەین بە منداڵ، کە ڕۆژانە بەکاریدەهێنێ لە وانەکەداو دەبێت کەرەستەکان لە توانای جەستەیی و بیری و هزری منداڵەکەدابێت.

٤- پێویستە چاودێری چالاکی منداڵەکان بکەین، ڕێگەنەدەین بە هیچ شێوەیەك منداڵەکان لەکاتی کارکردندا خواردنەوەی گازی، یان بسکیت، یان هەر خواردنێکی تر بخۆن (تا لە وانەکە دانەبڕێن و کاریگەری خراپ لەسەر جەستەیان دروست نەکات). هەروەها دەبێت مامۆستا چاودێری وردی منداڵەکان بکات، نەکا نەخۆشیەکی کتوپڕ، یان قڵیشانی پێست، یان هەناسە توندی رووبدات، چونکە هەندێ لە منداڵان بەهۆی بوونی هەستەوەری (حەساسیەت)، یان هەستیاریان بەهەندێ کەرەستە، تووشی دۆخێکی لەو جۆرە دێن و لەسەر مامۆستایە ئاگاداری ئەم ڕەوشە بێت.

٥- پێویستە ئاگاداری پەرچەکرداری ناسروشتی منداڵەکان بین لەکاتی کارکردندا، چونکە زۆر جار هەیە منداڵ هاوڕێکانی توڕە دەکات و منداڵەکەش پەرچەکرداری نەخوازراو دەنوێنێ، وەك وەشاندنی کەرەستەی تیژ، یان ڕەق، یان هەر جۆرە پەرچەکردارێکی نەخوازراو.

٦- لەکاتی ژەهراوی بوونی منداڵەکان پێویستە پەیوەندی بە نزیکترین بنکەی تەندروستیەوە بکەیت ، پێویستە لەسەر مامۆستا، یان بەڕێوەبەر چاودێری هەر کەرەستەیەك بکات، کە دێتە ناو باخچەی منداڵان، بەتایبەت سەیری ئەو هێماو نیشانانە بکات، کە لەسەر کەرەستەکان هەن، تا زانیاری تەواو لەسەریان وەربگرێت.(وێنەی ١)

٧- پێویستە لەسەر منداڵەکان، دوای بەکارهێنانی کەرەستە هونەریەکان، یان هەر کەرەستەیەکی بەردەست دوای تەواوبوونیان لە کارەکەیان دەستیان بە سابون بشۆن.

٨- پێویستە منداڵەکان لە وانەی پراکتیکیدا، جلی تایبەت بپۆشن وەك: (بەروانکە) تا جلەکانیان پارێزراوبێت و پیس نەبێت، فێربن چۆن خۆیان پاك ڕادەگرن.

چەند نموونەیەك لەو هێمایانە: (وێنەی ١)




## ئەو کەرەستە هونەریانەی، پێویستە دووربخرێنەوە لە منداڵان، لە کاتی وانەی پراکتیك:

١. ئەو کەرەستە هونەریانەی ڕێژەیەك لە مادەی کوشندەیان تێدایە، تەنها گەورەکان دەتوانن بەکاری بهێنن، دەبێت دوور بخرێتەوە لە منداڵان، چونکە منداڵ ناتوانێت بەکاریان بهێنێت و خۆی لێ بپارێزێت.

٢. دوور خستنەوەی هەموو پاککەرەوەیەك لە دەستی منداڵان، نەکا دەستی لێ بدات و بپرژێتە ناو چاویان، یان بەهەڵە بیخۆنەوە، ئەگەر کوشندەش نەبێت، دەبێت منداڵانی لێ بپارێزین، پێویستە تەنها گەورەکان ئەم پاککەرەوانە بەکاربهێنن. (فەرامۆشی نەنوێنرێت)

٣. ئەو کەرەستانەی دەتوێنەوە، وەك (ڕۆن کەتان، کەرەستەی ڕەنگ کردن، کەرەستەی گیرە وەك سیکۆتین)، یان هەرکەرەستیەکی تر، کە بتوێتەوە پێویستە دوور بخرێتەوە لە منداڵان.

٤. هەر کەرەستەیەك پێویستی بە گرتنەوە هەبێت وەك: (ڕۆنەکان، ئەو کەرەستانەی ڕەنگی چاپخانەی پێدەگیرێتەوە).(بەکاردێت لە چاپکردنی ڕۆژنامەو کتێب و بڵاوکراوەکان، مادەی ژەهراوی تێدایەو کوشندەیە).

٥. ئەو کەرەستە هونەریانەی دەرشێنرێت، وەك بۆیەی پەمپ (سپرا)، یان وارنیشی پەمپ، کەرەستەی گیر، ئەو ڕۆنانەی بە پەمپ دەرژێنرێت، یان دەپرژێنرێت.

٦. ترشەکان، ڕۆنە کیمیاییەکان.

٧. ئەو کەرەستە هونەریانەی مادەی کوشندەیان تێدایە، وەك: (ڕۆنی شوشە، یان ڕووکەشی فافۆن (نیکڵ)، ڕەنگی شوشە، ڕۆنی ڕەنگاو ڕەنگ، ترشی تتریك.)

٨. دەبێت خۆمان بپارێزین و دڵنیابینەوە لە هەموو ئەو کەرەستانەی وەریدەگرین بۆ بەکارهێنان. بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستای هونەر، پێش بەکارهێنانیان هەموو ئەو کەرەستانە بپشکنێت و دڵنیا بێتەوە لە پاکیان، ئینجا بیانخاتە بەردەستی منداڵەکان.

٩. چاودێری کردنی منداڵ لەکاتی بەکارهێنانی کەرەستەی ڕەق و تیژ (بڕەر)، وەك: (مقەست، سوژن، قولاب، دەرزی، تێل، دار، تەختە، کەتەر، چەقۆ...) تا ئازار بەخۆیان و دەووروبەر نەگەیەنن.

١٠. نابێت بە هیچ جۆرێك مامۆستاو چاودێر لەکاتی وانەی کرداریدا منداڵەکان بەجێبهێڵن، یان لێیان دووربکەونەوە، یان فەرامۆشیان بکەن. هەروەها پێویستە خۆی بە کاری لاوەکییەوە خەریك نەکات، لەبەر ڕوونەدانی کاری نەخوازراو (چاوی لەسەر منداڵەکان بێت).

## پلان

گرنگی پلان و چۆنیەتی دەست نیشانکردنی فەرمانەکان. ئامانجەکانی مامۆستا فەرمانێکی ئاسان نییە، هەموو کەسێ بە بێ ئامادەبوون پێی هەستێت، بەڵکو فەرمانێکی گرانەو ئەرك و پێداویستی خۆی هەیە و دەبێت پەیرەوی بکات لەوانە:

١- وشیاری مامۆستا لەزانینی ئامانجی وانەکەی.

٢- فەلسەفەی فەرمانەکەی مەبەستێکی گرنگە، پێویستە مامۆستا لای ئاشکرابێت.

٣- شارەزای چۆنیەتی گوتنەوەی وانەکەی بێت، بەتایبەت کاتێك ڕووبەڕووی منداڵان دەبێتەوە لە پۆلەکانیاندا، جگە لەوانەش پێویستە لەسەر مامۆستای پەروەردەی هونەر بزانێت کارمەندێکی پەروەردەییە پێش ئەوەی مامۆستای وانەکەبێت، چونکە وانەکان نرخیان نییە

هێندەی هۆکارێکن تازە پێ گەیشتوانی پێ فێری گەلێك  هەڵسوکەوتی نوێ و خوڕەوشت و نەریتی باش دەکات. وەهەروەها یارمەتیان دەدات بژین بە ژیانێکی باش و ڕێکوپێك لە سێبەری کۆمەڵدا. کەواتە فرمانی مامۆستای پەروەردەی هونەر تەنها گوتنەوەی وانەکە نییە، بەڵکو پەروەردەکردنی تازە پێگەیشتوانە بە ڕێگەی هونەر لە فێرگەدا. مەرجێکی گرنگە مامۆستای هونەر ڕۆشنبیر و پەروەردەیی بێت، وە شارەزایی کارەکەی بێت و هەوڵی هێنانەدی ئامانجەکانی پەروەردەی هونەر بدات. ڕێگەی تایبەت هەیە، کە ئەو ئامانجانە دەهێنێتە دی.

## گرنگی پلاندانان:

بێگومان، هەموو کارێکی سەرپێی و کتوپڕی و بێ پلان و ئامادەنەبوون، ئەنجامێکی خراپ و کەوتنی بەدوادا دێت. بەڵام ئەو کاتەی، کە لێکۆڵینەوە پلانێکی زانستیانەی بۆ ئامادەکرابێت، زۆربەی کات سەرکەوتوویی بەدەست دێنێت، بەڵام ئەم کارە ئەوە ناگەیەنێت، کە هەموو پلان و نەخشە دانانێك لە پراکتیك کردندا، کەوتنی تێدا نەبێت، بەڵکو هەندێ جار ئەوە ڕوودەدات، بەڵام کەوتن لەدۆخێکی وەهادا یارمەتیدەرە بۆ سەرکەوتنمان، چونکە دەتوانین دەستنیشانی ئەو خاڵانە بکەین، کە بوونەتە هۆی کەوتنمان، بەڵام لەدۆخی بێنەخشەو پلاندانان ئەوا تەواو ڕوخێنەرەو هیچ سودێکی لێنابینرێت بۆ سەرکەووتن. کەواتە پێویستە لەسەر مامۆستای وانەی هونەر هەمیشە لەکارەکانی بکۆڵێتەوەو نەخشەو پلانی بۆ دابرێژێت و سوود لە ئامانجەکانی وەربگرێت لە نوێکردنەوەی بەردەوامدابێت بەرەو سەرکەوتنی باشترو باشترین،(تا بگات بەو ئامانجەی بۆی تێدەکۆشێ). سەیری خشتەی پێشنیارکراوی پلانی سالانە بکە، لە لاپەڕە (٥٣).

## مانای پلان:

پلان، بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێوشوێن، کە مامۆستا دەیگرێتە بەر لەکاتی گوتنەوەی وانەدا، بەمەبەستی گەیاندنی ئەو زانست و زانیارییەی، کە پێیەتی بە باشترین شێوەو کەمترین کات و کەمترین تێچوون. کەواتە مامۆستا زنجیرە وانەیەك ڕێکدەخات، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی پەروەردەی هونەر بەڕێگەی هونەر و یەکێك لە ئامانجەکانی پەروەردەی هونەر دەهێنێتەدی. بۆ نموونە: کاتێك مامۆستای پەروەردەی هونەر دەبینێت منداڵەکان لە پۆلەکەیدا پێویستیان بەوەیە، کە چێژ لە ڕەنگ وەربگرن و گەشە بە هەست و سۆزیان بدرێت، ئەوا دەبێت مامۆستا زنجیرە وانەیەك

ڕێکبخات، کە ئامانجی سەرەکی لە کۆی ئەو زنجیرە وانەیەدا بگاتە چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتەو پاشان ئەو چارەسەرکردنەش دەبێت منداڵەکان هەست و سۆزو هەستپێکردنیان بەڕەنگەکان گەشەیان کردبێت و شتێك دەربارەی ڕەنگەکان و سەرچاوەکانی شارەزابووبن. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە:

١- پلان بریتییە، لە کۆمەڵێك ڕێوشوێن.

٢- پێویستە ئەو ڕێوشوێنە گیروگرفتێکی وانەی هونەر چارەسەر بکات.

٣- ئەو چارەسەر کردنەش یەکێك لە ئامانجەکانی پەروەردەی هونەر دەهێنێتەدی.

## جۆرەکانی پلان:

١- **پلانی ڕۆژانە:** مامۆستا ڕۆژانە پلانی خۆی دادەڕێژێت، بەو مەبەستەی تا بزانێت لەم ڕۆژەدا چی باس دەکات و چی بە منداڵەکان دەڵێت و خۆی چ کارێك ئەنجام دەدات. زۆر گرنگە بۆ مامۆستا بچێتە ناو وردەکاری وانەکەیەوە، وەك: کەرەستەی بەکارهاتوو چییە؟ بابەتەکە چییە؟ ئامانجی تایبەتی وانەکە چییە؟ ئامانجی گشتی وانەکە چییە؟ کاتی وانەکە چەندە؟ پێویستە مامۆستا پلانی بۆ هەموو ئەوانە دانابێت.

٢- **پلانی هەفتانە:** (پلانی ڕۆژانە دابەشی هەفتەکانی دەکات)، مامۆستا دەبێت هەموو هەفتەیەك پلانەکانی چێك بکات و بزانێت لەم هەفتەیەدا چی دەکات؟ پێشوەختە پلانی خۆی دارِشتبێت و لە پلانی ڕۆژانەیدا ڕەنگ بداتەوە.

٣- **پلانی مانگانە:** ئەم پلانە بۆ مامۆستا زۆر گرنگە، چونکە پلانی ڕۆژەکان دابەش دەکات بەسەر پلانی هەفتانەدا، پلانی هەفتانەش دابەش دەکات بەسەر پلانی مانگانەو مامۆستا بۆی ڕووندەبێتەوە، کە لەم مانگەدا چەند وانەی هونەر دەخوێنرێت، یان ناخوێندرێت. کەواتە ئەوە بۆ مامۆستا ڕووندەبێتەوە پلانەکەی دەتوانێت جێبەجێ بکات یان نا؟ چونکە زۆر جار پشوەکان (پشوی ناوەخت یان پشوی فەرمی) یان هەر کێشەیەك، هەموو پلانەکە سەرەو ژێر دەکاتەوە.

٤- **پلانی ساڵانە:** پێویستە مامۆستای وانەی هونەر، پلانی ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانە دابەش بکات بەسەر ساڵەکەدا، لەو ڕۆژەی دەوامی فەرمی دەستپێدەکات. جگە لەوەش پێویستە مامۆستا پلانی بۆ هەموو کارەکانی دانابێت، تا بزانێت لەم ساڵەدا چۆن وانەکەی بەڕێ

دەکات؟ تا کەموکورتییەکان دەستنیشان بکات و لە کاتی جێبەجێکردندا چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە. بۆ ئەم کارەش پێویستە پشت بە خشتەی (ڕۆژمێری پەروەردە ببەستین، کە وەزارەتی پەروەردە یان بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان بۆ ساڵی نوێی خوێندن بڵاوی دەکەنەوە کات و ساتەکانی دەوامی فەرمی و پشووەکانی ساڵی تێدا دیاریکراوە.

## جۆرەکانی پێشانگە

### ١- پێشانگەی پۆلێك:

کاتێك مامۆستا کۆتایی بە وانەکە دێنێ، هەوڵ بدات کاری منداڵەکان لە پۆلدا نمایش بکات، تا هەست بە خۆیان بکەن و کارەکانی خۆیان ببینن. ئەمەش وا لە منداڵ دەکات، تواناکانی خۆی هەست پێ بکات و کاری یەکتر ببینن و هەڵسەنگاندن بۆکاری یەکتر بکەن. هەروەها بەرچاوڕوونیان هەبێت، تا بزانن ئەمڕۆ کاتیان بەچی بەسەربردووەو بەرهەمیان چی بووە؟(مامۆستا تەناف هەڵدەخات لە پۆلدا و بە فاقە وێنەی منداڵەکان هەڵدەواسێ، یان لەسەر مێز کارەکان دادەنێت بۆ نمایش).

### ٢- پێشانگەی باخچەیەك:

مامۆستا کاری هەموو پۆلەکان کۆدەکاتەوەو ڕێکیاندەخات و لە پێشانگەیەکی ساڵانەی باخچەکەیدا نمایشیان دەکات. تا منداڵەکان کاری دەستی پۆلەکانی تر ببینن. لێرەدا توانای پۆلەکان دەردەکەوێت (پۆلەکان وەك گروپ دەردەکەون و هەرپۆلێك شانازی بە گروپەکەی خۆیەوە دەکات)، لێرەوە، تێکەڵاوی و هاوبەشی یەکترو گرووپبەندی دروست دەبێ لەنێوان منداڵەکان.

### ٣- پێشانگەی شارێك:

یەکەی چالاکی قوتابخانەکان، هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پێشانگەی سەرجەم باخچەی شارەکەو کۆکردنەوەی کارە هونەرییەکان لە پێشانگەیەکی هاوبەشدا، هەموو باخچەکان لە هۆڵێکدا نمایشی خۆیان دەکەن. لێرەدا:

یەکەم: توانای گرنگیپێدان و پێشکەوتوویی هەر باخچەیەك دەردەکەوێت.

دووەم: توانست و ئاستی هونەری و پەروەردەیی مامۆستاکە بەناڕاستەوخۆیی دەردەکەوێت لەناو پڕۆژە هونەرییە گەورەکەدا.

## ٤- پێشانگەی پارێزگا:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە، هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پێشانگەی سەرجەم شارو شارۆچکەکانی ئەم پارێزگایەو پێشانگاکە لە ناوەندی پارێزگاکەدا دەکرێتەوە، یان هەڵبژاردنی شارێك لە پارێزگاکە. لەم پێشانگەیەدا ئاستی هونەری و چێژی هونەری شارەکە دەردەخات لەناو شارەکانی تری پارێزگاکەدا، بۆیە زۆر پێویستە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەکەو چالاکی قوتابخانەکەی زۆر بە گرنگییەوە لەم چالاکییە بڕوانن و هەستی بەرپرسیاریەتی پیشان بدەن، یەکەم: بەرانبەر کارە هونەرییەکان. دووەم: بەرانبەر مامۆستاکانی پەروەردەی هونەر (شێوەکار، شانۆ، میوزیك...) لە ئەرك و کارەکەیان تێبگەن، فەرامۆشیان نەکەن.

## ٥- پێشانگەی وڵات:

وەزارەتی پەروەردە، لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزشی و هونەر (بەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەر) کارە هونەرییەکانی سەرجەم پارێزگاکان کۆدەکاتەوەو لە پایتەختی وڵاتدا نمایشیان دەکات. لێرەدا توانای هەر پارێزگایەك دەردەکەوێت لەبواری گرنگیدان بە بوارەکانی هونەر.

## ٦- پێشانگە لە سەر ئاستی جیهان:

ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەك: (ڕێکخراوی یونسکۆ، یونسیف، یان ڕێکخراوەکانی NGO). هەوڵدەدەن پێشانگەی نێونەتەوەیی ڕێکبخەن لەنێوان وڵاتاندا. هەر جارێك وڵاتێك میوانداری ئەم جۆرە پێشانگەیە دەگرێتە ئەستۆی خۆی. مەبەستی سەرەکی لە ڕێکخستنی ئەم پێشانگەیە سازدانی کۆڕوکۆبونەوەیە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین کۆمەك بۆ وڵاتە هەژارەکان، کە توانای کۆمەکی منداڵی وڵاتەکانیان نییە، وەك دروستکردنی فێرگە، بواری تەندروستی منداڵان، یان گەشەپێدانی بواری ڕێکخراوەیی لە بواری منداڵان، یان پێشخستنی ئاستی پەروەردەیی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، سیاسی... تا زۆرترین پارێزگاری بۆ منداڵ دەستەبەر بکەن. چونکە دەزانین منداڵ قوربانی یەکەمە لە جەنگ و نەهامەتیەکاندا. ڕێکخستنەوەی یاسا نێودەوڵەتیەکان، کە لەبواری منداڵاندا کاری پێدەکرێت و هەموارکردنەوەی بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ ڕۆژو داخوازی ڕۆژ. بۆ دروستکردنی فشاری زۆر، تا ئاستی ملکەچپێکردنی وڵاتان بۆ دان نان بە یاسای مافەکانی منداڵان و جێبەجێ کردنی وەك خۆی.

## بنچینەکانی کردنەوەی پێشانگە

١. پێویستە ئامانجێك، یان چەند ئامانجێك هەبێت لە کردنەوەی پێشانگە.

٢. پێویستە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەی ئاستەکانی منداڵ بێت .

٣. چاپکراوێکی بچووکی هەبێت.(دەلیل)

٤. پێویستە مامۆستاو منداڵەکان هاوکاری یەکتر بکەن لە کردنەوەیدا.

٥. پێویستە هەنگاوەکانی کارکردن پیشان بدرێ.

٦. شێوازێکی ڕێکوپێك و جوانی پێوە دیاربێت.

٧. دایك و باوکی منداڵان داوەت بکرێن بۆ پێشانگە، تا کاری منداڵەکانیان ببینن.

٨. هەڵبژاردنی شوێنێکی شیاوو گونجاو بۆ کردنەوەی پێشانگە.

٩. هەڵبژاردنی وێنەپاك و شیاوەکان بۆ نموونە: (بێخاڵ، ٤٠ وێنەی کێشاوە لەم چل وێنەیە تەنها یەك، یان دوو لە باشترین و پاکترین وێنە هەڵبژێرە، تا بەیەکسانی بوار بۆ منداڵەکانی تریش بڕەخسێت).

١٠. پێویستە هەڵواسین و ڕێکخستنی وێنەکان، پۆل پۆل بێت، یان بابەتەکان بەپێی کەرەستە بەکارهاتووەکان بێت.

١١. پێویستە بەپێی کارە هونەریەکان، باکگراوندیان بۆ هەڵبژێردرێت.

١٢. پێویستە کارە هونەریەکان، لە شوێنی لاچەپ و نەشیاو هەڵنەواسرێت، تا هەمووان لە بینینی بێبەش نەبن.

١٣. پێویستە هەموو چاوەکان بخرێتە سەر توانست و ئاستی ڕۆشنبیری منداڵەکان.

## ئامانج لە کردنەوەی پێشانگەی هونەری چییە؟

١. دەرخستنی توانا هونەریەکانی منداڵان.

٢. متمانە بەخۆبوون زۆردەکات لای خاوەن کارەکە.

٣. هێزی ململانێ زۆردەکات لە نێوان بەشداربوان و پەرەپێدانی هێزی کێبڕکێ.

٤. ئاڕاستە جیاوازەکانی منداڵان، داهێنانەکانیان، بیرتیژیان، خەیاڵکردنیان، هەستیان دەبینین.

٥. گەشەکردنی هەستی جوانناسی و چێژی هونەری منداڵەکان، شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی ئەم هەستە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە.

٦. ئاگاداربوونی دایکان و باوکان لە توانستی داهێنەرانەی منداڵەکانیان، لێرەوە دایی و باب لە سوودی چالاکییە هونەریەکان تێدەگەن.

٧. بەشداربوان لەوچالاکییە ئەزموون وەردەگرن بەپێی سروشتی بابەتە نمایشکراوەکان، باشتر لە ئامانجە پەروەردەییەکان تێدەگەن.

٨. دۆزینەوەی توانا هونەرییە شاراوەکانی منداڵ لەسەرجەم بوارەکاندا.

٩. هانی منداڵە چالاك و گورجوگۆڵەکان دەدات، تا بەردەوامبن لە داهێنان و کاری هونەری.

١٠. ئەم پێشانگەیە ڕۆڵ دەبەخشێتە فێرگە، تا بتوانێت ئاستی هونەری و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی خۆی پیشانی ئامادەبوان بدات. پێویستە ئەوە بزانین هەموو چالاکییەك، توانای زانستی و پەروەردەیی فێرگە دەردەخات، دواتر توانای مامۆستاکە پیشاندەدات (خراپ یان باش).

## پلاندانان بۆ کردنەوەی پێشانگە:

١- دوای ئەوەی مامۆستا دڵنیابوو لە دانان و دەستنیشانکردنی ئامانجە پەروەردەیی و هونەریەکانی کردنەوەی پێشانگە.

٢- پێویستە مامۆستا ئەوبابەتانەی یەکلاکردبێتەوە، کە بەنیازە بەشداریان پێ بکات لە پێشانگەدا بۆزیاتر بەئەنجام گەیاندنی کارە پلان بۆ داڕێژراوەکە.

٣- دەستنیشانکردنی کەرەستە جۆراوجۆرەکانی جێبەجێکردن. ئەم کەرەستانە بخرێنە بەردەستی منداڵەکان، تا بەئازادی ئەو کەرەستە هەڵبژێرن، کە کارە هونەرییەکەی پێ ئەنجام دەدەن.

٤- دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك یاساو ڕێسا، وەك چۆنیەتی دەست نیشانکردنی جۆری کارە هونەریەکان، دیاریکردنی پێوانەی کارەهونەریەکان (چەند بە چەندە؟ — درێژی × پانی)، هەرمنداڵێك بەچەند کار بەشداری دەکات، کاتی وەرگرتنی کارەکان، چۆنیەتی

بردنەدەرەوەی کارەکان و ئامادەکردنیان بۆ نمایش، تۆمارکردنی هەموو ئەو داواکاریانە (بەنوسراوبێت).

٥- دروستکردنی لیژنەیەکی هەڵسەنگاندن بۆ کارە هونەریە پێشکەش کراوەکان (کام کارە هەڵدەبژێردرێت) هەڵبژاردنی کارە باش و پاکوخاوێنەکان، کە بەهای هونەرییان تێدایە (پێویستە لیژنە ڕەچاوی تەمەنی منداڵەکان بکات)، هەڵبژاردنەکە هەموو بوارو شێوەو جۆرەکان بگرێتەوە.

٦- دەستنیشانکردنی باشترین کاری هونەری، کە ئامانجە پەروەردەیی و هونەریەکەی پێکاوە لە پێشانگەدا.

٧- پێویستە کارەهونەرییە هەڵبژێردراوەکان، بەشێوەیەکی گونجاوو شیاو گرنگیان پی بدرێت و لەبەها هونەریەکەیان کەم نەکاتەوە (لەکاتی هەڵواسین و دیاری کردنی شوێنی هەڵواسینەکە).

٨- پێویستە مامۆستاو لیژنەی هەڵبژێردراوی تایبەت بە ئامادەکردنی پێشانگە، گرنگی زۆر بەکارە هونەریەکان بدەن، تا ئەو ئامانجە پەروەردەیی و هونەرییە بێتە دی، پێشانگەکەی لە پێناودا کراوەتەوە. نەك تەنها پێشانگە ببێتە نمایشێکی هونەری وبەس. هەروەها دووربێت لە بەها پەروەردەیی و هونەریەکان (پێشانگە لەپێناو خۆنماشکردنێکی ڕووت -چالاکی لەپێناو چالاکیدا نەبێت)، بڵێن تەنها پێشانگەیان کردۆتەوە ئەوە بۆچوونێکی باش نییە.

## پۆلی تایبەت بە وانەی پەروەردەی هونەر

### گرنگی پۆل و شوێنی تایبەت بە وانەی پەروەردەی هونەر:

لەلایەن هەندێك بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیارە بەڕێزەکان، ئامادەکردنی جێگەو ڕێگەی گونجاو بۆ وانەی پەروەردەی هونەر بە ئەرکێکی گران دادەنرێ. هەرگیز نابێت ئەو جێگە تایبەتییە فەرامۆش بکرێت. ئەگەر بمانەوێت پەروەردەی نوێ و زانستی و شارستانییانە دابمەزرێنین تا گۆڕانکاری لە ڕەوتی پەروەردەو فێرکردنی منداڵ بەرپا بکەین، پێویستە مامۆستا پێداگری بکات لە باخچەکەیدا، بەمەبەستی دابینکردنی پۆلی تایبەت بەوانەی هونەر، ئەگەر نا وانەکە هیچ سەنگێکی هونەری نابێت لەناو منداڵانداو منداڵیش ئازاد نابێت لە جولەکردن و وابەستەبوون بە کاتەوە. چونکە پۆلی تایبەت بە وانەی هونەر سەربەخۆیی کار بۆ

مامۆستا دەستەبەر دەکات، کەرەستە هونەریەکانی دەپارێزێت، بەرهەمە هونەریەکانی بە باشی هەڵدەگرێت و دیکۆمێنتیان دەکات. مامۆستا سەربەست دەکات لە بڕیاردان و منداڵەکان ئازاد دەکات لە کارکردن. هۆڵی پراکتیکی زۆر گرنگە لە باخچەی منداڵان و فێرگەدا هەبێت، چونکە مامۆستاو منداڵ دەستکراوەتر دەکات لە کارکردن.

## مەرجەکانی پۆلی تایبەت بە وانەی پەروەردەی هونەر

١. جێگەیەکی گونجاو بێت، مەرجی تەندروستی تێدابێت.

٢. شوێنەکە دووربێت لە مەترسی.

٣. گونجاوبێت بۆ ژمارەی منداڵەکان.

٤. گونجاوبێت بۆ هەموو چالاکییە هونەرییە جیاوازەکان.

٥. جێگەیەکی جوان و ڕێکوپێك بێت.

٦. بەئاسانی هاتووچۆی تێدا بکرێت.

٧. نەبێتە هۆی دروست کردنی بێئارامی و دڵەڕاوکێ و کار لە پرۆسەی خوێندن نەکات.

٨. ڕووناك بێت و پەنجەرەکانی گەورەو نزم بێت (٥٠ سم لە زەویەوە بەرز بێت).

٩. گەرمی پێو هەڵبواسرێت (پلەی گەرمی ژوورەکە لە ٢٠ – ٢٥ پلەدا جێگیربێت، لە وەرزەکانی خوێندندا – پاییز، زستان، بەهار).

١٠. دووربێت لە ئاوەڕۆو دەست شۆر.

١١. نزیکی چێشتخانە نەبێت.

١٢. کەرەستەو پێداویستی تەواوی تێدابێت (دۆلاب، مێزی کارکردن، کورسی، ڕاخەر، ستاند، بۆرد، کەرەستەی بەردەستەی هونەری تر...).

١٣. فێنکەرەوەو گەرم کەرەوەو ڕووناك کەرەوی پێویستی تێدابێت.

## خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە

پۆل: وەرزی خوێندن:

| تەوەرەکان | کاتی دەستپێکردن | کاتی کۆتایی | تێبینی |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

سەرنج:

مامۆستای وانە:

## خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە

تەوەر:    وەرزی خوێندن:

وانەی:

| کاتی دەستپێکردن | بابەت | ئامانجی فێرکاری | سەرچاوەی فێرکاری | هەڵسەنگاندن | سەرنج |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

مامۆستای وانە:

# تەوەری یەکەم



## دەربڕینی هونەری بە نیگارکێشان

## دەربڕینی هونەری بە نیگارکێشان

لەم تەوەرەدا منداڵ لە دەستەواژەو واتا بنەڕەتییەکان تێدەگات،، کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری بەمەبەستی دەربڕین لە ژینگەی تایبەتی خۆی و هەوڵدان بۆ دەربڕین لێیان، بێگومان مەبەست لەم چالاکییەش، بەدەستهێنانی کارامەییە هونەرییە شیاوەکانە، تا تواناکانی خۆی لەکاتی جێبەجێ کردندا دەربخات. ئەم پێشکەوتنەش لە کاتی چالاکییە کردارییەکان و شێوازی چارەسەرکردن و دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانی منداڵەکەدا ڕوو دەدات لە وانە کردارییەکەدا.

## ئەم تەوەرە، ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت:

١. وروژاندنی بیری منداڵ.
٢. بەهێزکردنی توانای خەیاڵکردن.
٣. بەرزکردنەوەی ئاستی جوانناسی منداڵ.

٤. کێشانی هێڵی جۆراوجۆرو دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان هێڵکارییەکاندا.
٥. دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ڕەنگەکاندا.
٦. دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان شێوەکاندا.
٧. لێکگرێدان و لێکبەستنی بابەتەکان.

## لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا، منداڵەکان ئەمانە بەدەستدەهێنن:

١. گەشەی لەشەکییان پێشدەکەوێت و بارگرژیان نامێنێ.
٢. گەشەی عەقڵیان پێشدەکەوێت و توانای تێبینی کردنیان بەهێزدەبێت.
٣. هاوسەنگی دروست دەبێت لەنێوان لەش و عەقڵدا.
٤. هێدی هێدی هێڵەکانی جوان و ڕێك دەبێت.
٥. فێردەبێت ڕەنگەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکاربهێنێت و پەیوەندی دروست دەکات لەنێوان کەرەستەو ڕەنگەکاندا.
٦. ئەو وێنانە دەکێشێت، کە لە توانستی عەقڵی و لەشەکی خۆیدایە.
٧. فێری کاری بەکۆمەڵ دەبێت و گیانی هاوکاری گەشە دەکات.
٨. ڕەفتاری باش دەنوێنێت و خۆی ڕێکدەخات.

## هێڵکاری ئازاد (به کەمێك سنوردارکردن)

**لەم قۆناغەدا** مامۆستا هەوڵ دەدات منداڵەکان دەربڕی خواستی دڵی خۆیان بن و هەلیان بۆ دەرەخسێنێت. ڕێگا بۆ منداڵەکان خۆش دەکات و هەلی زۆرتریان بۆ دەرەخسێنێ، تا بتوانن خەیاڵ بکەن و له خۆیان و دنیابینی و ژینگەکەیان نزیك بکەونەوە. هەل ڕەخساندن بەبێ بەخشینی متمانه بەمنداڵەکان، هیچ بەهایەکی نییه. هەر بۆیه، پێویسته مامۆستا گفتوگۆی نەرم و نیان بێت و لەڕووی وشەسازییەوە دەربڕینی جوان و پاراوبێت و باش ددان به وشەکاندا بنێت. هەروەها وشەی سادەو ساکارو جوانی ئاست منداڵانه بەکاربهێنێت، تا منداڵەکان به ئاسانترین شێوە لێی تێبگەن.

**ئاڕاستەکردن**، یەکێکی تره له خاڵه بنەڕەتیەکانی ئەم قۆناغه. کەتێیدا منداڵ سەرەتایەتی له کارکردنی هونەریدا، بۆیه ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی پێدان، خاڵێکی سەرەکییەو نابێت فەرامۆش بکرێت. لەبەر ئەوە پێویسته ئاڕاستەکردنەکه لەئاست توانست و توانا جەستەیی و هەستییەکانی منداڵەکەدا بێت. شایانی باسه ئاڕاستەکردنی باش، ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، ئاڕاستەکردنی خراپیش له دیدگاو دنیابینی منداڵەکه، (بەرتەك)*ی باشی نابێت.

**داواکارییەکان** سادەن، لەگەڵ خواست و ئاستی منداڵەکان دێنەوە، بۆیه پێویسته وا بیرنەکەینەوە، که پێویسته منداڵەکانیش، وەك ئێمه بیر بکەنەوە، نەخێر، بەڵکو ئەوە هەڵەیەکی کوشندەی پەروەردەییەو پێویسته ئاگات لێبێت و فەرامۆشی نەکەیت. له لایەکی تریشەوە پێت وانەبێت منداڵەکان، وەك تۆ بەتوانان و وەك تۆ تێبینی و خەیاڵ دەکەن. نەخێر، هەر بۆیه پێویسته له سەرەتای پەڕەکەوە ڕستەکه بخوێنەوەو منداڵەکانی پێ ئاڕاسته بکەو وەڵامی پرسیارەکانیان بدەوەو داواکراویان تێ بگەیەنه. هەروەها به پرسیارکردنی منداڵەکان هەراسان مەبەو هەوڵبده ئارامی خۆت لەدەست نەدەیت. ڕاسته داواکارییەکان کەمێك وابەستەبونی تێدایه، بەڵام له کۆتایی ساڵدا منداڵەکه بەرتەکی باشی دەبێت. مەبەست لێرەدا، فرەوانکردنی خەیاڵی منداڵەکانەو ئازادکێشانی هێڵەکانه به بێ ترس. لەکۆتاییدا منداڵێکی خۆڕێکخەرمان چنگ دەکەوێت و دوای ئەوەی بەسەر ماسولکه گەورەکانیدا زاڵ دەبێت، دواتر دەتوانێت ماسولکه بچوکەکانیشی بەگەڕ بخات، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگ و باشه له بواری گەشەی لەشەکی.

---

* بەرتەك: (وەڵامدانەوەی ئامازەیی) ئەم وشەیه لەبەرانبەر وشەی (استجابه) ی عەرەبی و (Response) ئینگلیزی بەکار هاتووە.

# وانەی یەكەم

**تەوەر: دەربڕینی هونەری  بە نیگاركێشان.**

**بابەت:  ژینگەی خێزان**

**كاتی دیاریكراو: ٦ وانە**

---

**ئەركی مامۆستا:**

سەرەتا باسی خێزان بۆ منداڵەكان بكە، دواتر باسی پێكهاتەی خێزان و ئەرك و مافەكانیانی بۆ ڕوون بكەوە. (هەل بۆ منداڵەكان بڕەخسێنە گفتوگۆیان لەبارەوە بكات). ئەگەر یەكێك لە منداڵەكان دایك، یان باوكی نەبوو شێوازی ڕوونكردنەوەكەت بگۆڕە. ڕوونكردنەوەكەت كەمێك سەخت دەبێت، پێویستە مامۆستا خۆی بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە بكات (پلانت هەبێت).

وەك مامۆستا، ئەرك و مافەكانی دایك و باوكیان بۆ ڕوون بكەوە. (هەل بۆ منداڵەكان بڕەخسێنە گفتوگۆیان لەبارەوە بكات). بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكرێت:-

١- داوا لە منداڵەكان بكە، وێنەی ئەندامانی خێزانەكەیان بۆ بكێشێ. بەتایبەت وێنەی دایك و باوكیان، پاشان دوای نیگاركێشان، پرسیار لەمنداڵەكان بكە، سەرنج بدە وێنەكەو بزانە كامیانیان جوانتر كێشاوە؟ دواتر بزانە بۆچی وایان كردووە؟ كامیانیان زۆرتر خۆش دەوێت و بۆچی؟ هەوڵبدە پرسیار گەلێك لەبارەی وێنە كێشراوەكان لە منداڵەكان بكەیت. با منداڵەكان لەسەر وێنەكە بدوێن. كلێشەی (١-١).

٢- داوا لە منداڵەكان بكە وێنەی سەرجەم خێزانەكەیان بكێشێن. ئاگاداربە منداڵ هەیە تاقانەیە، ئەگەر وابوو شێوازی پرسیارەكەی بۆ ئاسان بكە، یان كوڕەو خوشكی نییە، یان كچەو برای نییە. ئاگاداری بەرتەكی منداڵەكان بەو وەڵام دانەوەكانت بریندارکەر نەبن. با منداڵەكە لەسەر وێنەكە بدوێ. كلێشەی (١-٢).

٣- داوا لە منداڵەكان بكە، وێنەی ئەو شتانەم بۆ بكێشن،، كە زۆر دڵخۆشتان دەكات. بۆچی زۆر دڵتان پێی خۆشە؟ هەل بۆ منداڵەكان بڕەخسێنە تا لەسەر بابەتەكە ڕوونكردنەوەی تەواو بدەن. (هەوڵبدە هەل بۆ منداڵەكان بڕەخسێنە، تا لەگەڵ یەكتر گفتوگۆی بكەن). كلێشەی (١-٣).

٤- داوا له منداڵەکان بکه وێنەی ئەو شتانەت بۆ بکێشێن،، که پێی هەراسان دەبن، یان پێی نیگەران دەبن، یان ئازاریان دەدات. دواتر داوا لەمنداڵەکان بکه لەسەری بدوێن. کلێشەی (١-٤).

٥- داوا له منداڵەکان بکه، ئەو وێنەیه بکێشن، که خۆیان حەزی پێدەکەن. دواتر لەسەری بدوێ. کلێشەی (١-٥).

٦- پێتان خۆشه هاوڕێکانتان چ وێنەیەك بکێشن؟ بۆچی؟ با ڕوونکردنەوه بدەن. کلێشەی (١-٦).

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سووده زانیارییەکان:

دیاره، منداڵ له ئەرك و مافەکانی هەرتاکێکی ناوخێزانەکەی تێدەگات، دەزانێت دایی و باب ئەرکیان چییه؟ دەزانێت ئەو له خێزانەکەیدا ئەرك و مافەکانی چین؟ لەڕێگەی ئەم وانەیەوه خێزانەکەی خۆشدەوێت و هەوڵدەدات خۆشەویستی خۆیان بۆ دەربڕێت. کۆمەڵێك دەستەواژەو وشەی تازه فێردەبێت لەبارەی وەك: (پێکهاتەی خێزان، هاوڕێ، ژینگەی دەوروبەر...)

### سووده کارامەییەکان:

منداڵەکه هەوڵدەدات لەڕێگەی کێشانی وێنەی خێزانەکەیەوه هێڵەکان به باشی بکێشێت و ڕەنگەکان به جوانی دابنێت، بەوەش فێری هێڵکاری دەبێت و ئاستی دەربڕینی باش دەکات. تەنانەت هێزی گفتوگۆی لەگەڵ هاوڕێکانیشی باش دەبێت. هەل بۆ منداڵەکه بڕەخسێنه، تا گفتوگۆ لەبارەی وێنەکه بکات و لەسەر بابەتەکه بۆ هاوڕێکانی بدوێ. جگه لەوەش منداڵ فێردەبێت گفتوگۆ بکات و چیرۆك بهۆنێتەوەو شێوازی زمانەوانی پاراو دەبێت و ترس و شڵەژان و بێئارامی نامێنێ.

### کەرەستەی بەکارهێنان:

١- کاغەزی سپی A4، یان کارتۆنی سپی A4.

٢- ڕەنگی دار، یان پاستیلی چەور، یان ماجیك.

٣- دەزوو، یان داو، دوای تەواو بوونی وانەکه پێشانگەی پۆل بۆ منداڵەکان بکەوه.

# پێشانگەی پۆل

یەکێك لە چالاکییە زۆر گرنگەکانی ئەم وانەیە، بریتییە لە کردنەوەی پێشانگەی پۆل. پێشانگەی پۆل بریتییە لەو چالاکییەی کاتێك منداڵەکان لە کاری هونەری دەبنەوە، دوای تەواو بوون، مامۆستاو چاودێر تەنافێك بە داو لەناوەڕاستی پۆلەکە هەڵدەخەن و بەفاقە، هەموو کاری منداڵەکانی ئەو ڕۆژە هەڵدەواسن. (وێنەی ٢-١)

## گرنگی ئەم چالاکییە:

١- منداڵەکان هەست بەخۆشی دەکەن.

٢- منداڵەکان هەست دەکەن مامۆستا فەرامۆشیان ناکات و گرنگییان پێدەدات.

٣- منداڵەکان کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن.

٤- منداڵەکان کاری یەکتر دەبینن.

٥- هەوڵدەدەن کارەکان بۆ یەکتر ڕاڤە بکەن.

٦-لەکارو نیگاری یەکتر ڕادەمێنن.

٧-هەستی بەخۆزانی زۆردەبێت.







(وێنەی ٢-١)
لەکاتی نمایشی کارە هونەریەکان، منداڵەکان هەست بە ئاسوودەیی دەکەن.

لەکاتی ئەم چالاکییەدا، دوو ئەرك دەکەوێتە سەر مامۆستا، کە پێویستە بە وریاییەوە ئەم ئەرکانە ڕاپەڕێنێت، ئەوانیش بریتین لە:-

## یەکەم: ئەرکی مامۆستا لەڕووی پەروەردەییەوە:

١- ناسینەوەو دیاریکردنی کەسایەتی منداڵەکان.

٢- سەرەتا ئەم ناسینەوەیە دەبێت لەڕێگەی ڕەفتارەکانی منداڵەکانەوەبێت.

٣- دواتر مامۆستا هەوڵدەدات لەڕێگەی کۆبونەوەی دایکان و باوکانەوە، ڕاڤەی ڕەفتاری منداڵەکان بکات و لە کلێشەیەکی تایبەتی ئامادەکراو زانیارییەکان تۆماربکات.(کۆکردنەوەی زانیاری زۆرتر لە دایك و باوك وەربگرێت) (تێنوسی زانیاری منداڵی باخچەی منداڵان).

٤- هەموو وانەیەك، هەڵسەنگاندنی دروست بۆ منداڵەکان بکات، تا بزانێت هیچ پێشکەووتن و پێشچوونێك ڕوودەدات (هەڵسەنگاندنەکان لە تێنوسێکی تایبەتی مامۆستا تۆمار بکرێت).

## دووەم: ئەرکی مامۆستا لەڕووی هونەرییەوە:

١- وێنەی منداڵەکان کۆبکەوە.

٢- ناوی منداڵەکە بنووسەو ژوورەکەی تۆمار بکە لەگەڵ ڕۆژو بەرواری کێشانەکەی.

٣- لەپشت کارەکە، هەموو قسەو تێبینی منداڵەکە بنووسە (تۆماربکە).

٤- لە تێنووسێکی بچوکدا چ تێبینییەکت هەیە دەربارەی منداڵەکە بیان نووسە، وەك: جولأنەوەی منداڵەکە(ڕەفتار)،جوڵەی دەست، جەستە، کە پەیوەندی بە هێڵکارییەکانییەوە هەیە.

٥- تێبینی گۆڕانکارییەکان بکە، تێبینی شێوازی منداڵەکە بکە، بەوەی، کە هەندێك بەرهەمی منداڵەکان کۆبکەیتەوە، تا بتوانیت پەیوەندی بدۆزیتەوە لەنێوان شێوازی منداڵەکەو شێوازی کارکردنی هونەری منداڵ لەم قۆناغەدا. هەروەها هەوڵبدە (هێڵکاری ڕێك و ناڕێك و بازنەیی و ناولێنان) جیابکەیتەوە.

٦- تێبینی ئەو ڕێنماییانە بکە، کە لەکاتی ناولێناندا دەیکەن، کاریگەری لەسەر منداڵەکە بەهۆی بەراوردکردنی هێماکانی منداڵ، کە پێیهەڵدەستێ دوای ڕێنمایی کردنەکە.

چالاکی ١:

هەل بۆ منداڵەکان بڕەخسێنە، تا بتوانن لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆك لەبارەی خێزانەکانیانەوە گوزارشت لە خۆیان بکەن، بۆنموونە داوا لە یەکێك لە منداڵەکان بکە بزانە باوکی چ کارەیەو پیشەکەی چییە؟ لێی بپرسە ئەم پیشەیە سوودی چییە بۆ خەڵك؟ هەروەها لێی بپرسە دایکی چ کارێك دەکات؟ بوار بە منداڵەکە بدە، تا بتوانێت بە ئازادی گوزارشت بکات بە نیگارکێشان و گێڕانەوە، هەروەها جار جارە خۆشت هاوکاری پێشکەش بکە.



نیگارکێشان لەسەرپشت

(وێنەی ٢-٢)

چالاکی ٢:

هەوڵ بدە، منداڵەکان بە چەندین جۆر و شێواز نیگار بکێشن، با هێزوو توانای خۆیان تاقیبکەنەوە، وەك کاری هونەری، دووەم وەك چێژ وەرگرتنێك و گەمەیەکی خۆش کاغەزەکە لە ژێر مێزەکە بدەو با بەدرێژبوونەوە لەسەر پشت نیگارەکان بکێشن، تا بزانین و ببینین، منداڵەکان دەتوانن.

(وێنەی ٢ ٢)

(١-١)

**داوا لە منداڵەکان بکە، وێنەی ئەندامانی خێزانەکەیانت بۆ بکێشن. بەتایبەت وێنەی دایك و باوکیان.**

**ناو:** **ژووری:** / /

(١-٢)

**داوا لە منداڵەکان بکە، وێنەی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەیان بکێشن.**

**ناو:** **ژووری:** / /

(١-٣)

**داوا لە منداڵەکان بکە، وێنەی ئەو شتانەم بۆ بکێشن،، کە زۆر دڵخۆشتان دەکات.**

**ناو:** **ژووری:** / /

(١-٤)

**داوا لە منداڵەکان بکە وێنەی ئەو شتانە بۆ بکێشێن،، کە هەراسانیان دەکات، یان نیگەرانیان دەکات، یان ئازاریان دەدات.**

**ناو:** **ژووری:** / /

(١-٥)

**داوا لە منداڵەکان بکە، ئەو وێنانە بکێشن، کە خۆیان حەزی پێدەکەن، دواتر لەسەر وێنەکان بدوێ.**

**ناو:** **ژووری:** / /

---

**ئەگەر وێنەکە بووە جێگەی سەرنج و تێڕامانت. هەوڵبدە لە ناخی منداڵەکە تێبگەیت و بەتەنیا لەگەڵ منداڵەکە گفتوگۆ لە بارەی وێنەکەوە بکە، بەڵام بەو مەرجەی فشاری دەروونی لەسەر دروست نەکەیت و ئارامی پێببەخشەو دڵنیایی زۆرتری پێبدە. هەوڵبدە منداڵەکە لەبارەی وێنەکەوە بۆت بدوێ.**

(٦-١)

**داوا لە منداڵەکان بکە، پێتان خۆشە هاوڕێکانتان چ وێنەیەك بکێشن؟**

**ناو:** **ژووری:** / /

---

**لە منداڵەکە بپرسە، بۆچی پێت خۆشە هاوڕێکەت ئەم وێنەیە بکێشێت؟**

## چالاكی ٣:

بۆ هەر منداڵێك، فایلێكی سپی بەقەبارەی كاغەزی A4 دەزوێكی پێوەبكەو بە پێچەوانەوە بەملی منداڵەكەی دابكە، دواتر با داوا لە هاورێكەی بكات وێنەی خۆیت بۆ بكێشێت لەسەر كارتۆنە سپییەكە، با منداڵەكان ئەم چالاكییە بۆ یەكتر تەواو بكەن. (وێنەی ٢-٣)

### ئامانج لەم چالاكییە:

١- پەیوەندیگرتن لەگەڵ یەكتر.

٢- خۆگونجاندن و پێكەوەهەڵكردن.

٣- تێبینیكردن و خەیاڵكردن.

٤- بەسەربردنی كاتێكی خۆش.

٥- خۆنواندن.

٦- پیشاندانی توانای كار.

٧- راهێزانی لەشەكی و عەقڵی.





(وێنەی ٢-٣)

# وانەی دووەم

**تەوەر: دەربڕینی هونەریی  بە نیگارکێشان.**

**بابەت: هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەو چارەسەرکردنی**

**مەبەست: ڕێنمایی بۆ مامۆستا**

## کێشە چاوەڕوانکراوەکان

مامۆستای بەڕێز، لەیەکەم چالاکیدا، لەگەڵ منداڵانی ژێرتەمەنی خوێندندا، کۆمەڵێك کێشە بەرۆکت دەگرن و پێویستە پێش ڕوودانیان ئاگاداربیت و زانیاری ڕاست و دروستت لابێت، تا بتوانیت ڕووبەڕوویان ببیتەوەو چارەی گونجاویان بۆ بدۆزیتەوە، تا زیان بە منداڵەکان نەگەیەنێت.

لێرەدا چەند کێشەیەکی باوی منداڵانی ژێر تەمەنی خوێندنت بۆ دەخەینە بەرچاو، تا بتوانیت لێیان تێبگەیت و بەرچاوڕوونیت هەبێت لەبارەیانەوە. لەوانە، کەسایەتی منداڵ زۆر هەستیارە، بۆیە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت و فەرامۆشی نەکەیت. چونکە هەر فەرامۆش کردنێك خراپ بەسەر کەسایەتی منداڵەکەدا دەشکێتەوەو ئایندەی تێکدەدات و بیرو خەیاڵی دەشێوێنێ. کەواتە پێویستە کێشەکان بەسادەیی وەرنەگریت و ئەو کێشەیەی لای تۆ هیچ بەهایەکی نییە، ئەوا لای بیرو هزری منداڵەکە زۆر گەورەیەو نابێت لەیادیان بکەیت (کونی بچووك، کەشتی گەورە نقوم دەکات). لێرەدا کۆمەڵێك کێشەی باوی منداڵانە دەخەینە بەر دیدەت، تا بتوانی لەڕێگەی پەروەردەی هونەرەوە چارەیان بکەیت و کەمێك لە ڕەفتارو (تاوگیری)* منداڵەکان کەمکەیتەوە. بێگومان ئەم کارەش پێویستی بە پشودرێژی و ئارامگرییەکی بەردەوام هەیە. بیرت نەچێت، کە جیاوازی تاکایەتی لە یادنەکەیت و هەموو منداڵەکان، وەکو یەك بیرناکەنەوەو تواناو گەشەی بیری و هزری و لەشەکی هەمووان وەکو یەك نییە. کەواتە بۆ هەر منداڵێك تێڕوانین و تێفکرینی جیاوازمان دەبێ.

تۆ لەکاتی کاردا بەرتەکی منداڵەکان دەبینیت، ئینجا بە باشی لەمنداڵەکان تێدەگەیت. ئەگەر لەیەکەم وانەدا چارەی گرفتی منداڵەکان بکەیت، ئەوا لە تەوەرەکانی ترو وانەکانی تردا ئەم کێشانە ڕوونادەنەوەو منداڵەکان خۆیان کێشەکانی خۆیان چارەسەر دەکەن و بەباشی خۆیان ڕێکدەخەن.

---

*تاوگیر: لەبری وشەی (انفعال)ی عەرەبی بەکارهاتووە. زاراوەسازی پێوانە، مەسعود محەمەد، دەزگای ئاراس، چ٢- هەولێر- ل٢١٠

## بۆچی لەم پڕۆگرامەدا گرنگیمان بە کێشەکانی منداڵ داوە؟

**هۆکاری گرنگیدانمان لەناو ئەو پڕۆگرامەدا بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:**

١- ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی منداڵ دەبنەوە ئاسان چارەسەر دەکرێن، بەڵام ئەگەر کێشەکە فەرامۆش بکەین بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بێ ئەوی چارەسەری پێویستی بۆ بدۆزینەوە، ئەوا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەفتاری نەخوازراو لەلایەن منداڵەکەوەو دواتر کاریگەری خراپ لەسەر منداڵەکە بەجێدەهێڵێت و دواتریش تێکچوونی شیرازەی ڕەفتاری منداڵەکان گونجاوو نابێت بۆ ئەو ژینگەو کۆمەڵگەیەی، کە منداڵەکەی تێدا دەژیت. هەروەها کورد دەڵێت (برین تا قوڵتربێت، چارەسەرکردنی سەختتر دەبێت).

٢- کاتێك منداڵ تووشی کێشە دەبێت ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لە چالاکییەکاندا بەردەوام بێت و تواناى سەرنجدانی نامێنێت و خەیاڵی دەڕوات.

٣- ئەگەر باخچەی منداڵان گرنگی بە کێشەی منداڵەکان بدات و فەرامۆشیان نەکات، ئەوا منداڵەکان زیاتر باخچەی منداڵانکەیان خۆشدەوێت و هەست بە دڵنیایی زۆرتر دەکەن و لە چالاکییەکاندا هەوڵی زۆرترو خۆشەویستی زۆرتر بۆ کارەکە دەردەبڕن.

٤- پێویستە مامۆستای وانەی هونەر وا بکات لە پلان و پڕۆگرامەکەیدا هاوکاری منداڵ بکات بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانیداو چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە، کە بەدڵنیاییەوە چارەسەری کێشە دەبێتە هۆی پتەوکردنی ئاستی توانستی کارامەیی بیرکردنەوەو زانستی منداڵەکە و دواتر وا لە منداڵەکە دەکات لە ئایندەدا خۆی کێشەی ئەو ژینگەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژیت چارەسەر بکات.

٥- گرنگیدان بە چارەسەری کێشەی منداڵ لە باخچەی منداڵاندا پەیوەندی بەهێز لە نێوان باخچەی منداڵان و خێزانی منداڵەکەدا دروستدەکات. ئەم پەیوەندییەش کاریگەری باش لەسەر ژینگەی فێرکاری منداڵ دروستدەکات و بێگومان، بە هۆیەوە سنورەکانی پۆل و باخچەی منداڵان دەبڕێت و دەکەوێتە کۆڵان و شارو وڵاتەوە.

٦- ئەو چالاکییانەی تێربوونی پێداویستییەکانی منداڵ لەخۆ دەگرێت و کێشەکانیان چارەسەر دەکات، بەم کارە گەشە بە تواناکانیان دەدات بۆ کارکردنی بە هەرەوەز و پلاندانان و ئازادی بیروڕا دەربڕین و ڕەخنەگرتن. هەروەها ڕێز لە بیروبۆچوونی جیاواز دەگرێت و دواتر ئاڕاستەی باش دەگرێتەبەر لە ناو ژینگەو کۆمەڵگاکەیدا.

# جۆری کێشەکان

## مامۆستا وێنەکەم تەواو کرد.

**مامۆستا وێنەکەم تەواوکرد.** نابێت مامۆستا، یان چاودێر، گاڵتە بە وێنەی منداڵەکە بکات لەسەر ئەوەی وێنەکە دەربڕی هیچ نییە.(وێنەی ٢-٤) دەبێت ئەوە بزانێت منداڵەکان هەستیان هەیە، هەمان ئەو هەستە لە وێنەکەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆ تۆ ئەوەیە چۆن لەڕێگەی وێنەکەوە دەچیتە ناخ و دڵی منداڵەکەوە؟ چۆن لە کۆدو هێماکانی ناو وێنەکە تێدەگەیت و ئەو نهێنییە شاراوەیەی هەیەتی ئاشکرای دەکەیت؟ کە منداڵەکە لە ڕێگەی هێڵ و ڕەنگەکانەوە کێشاونی. هەروەها بیرت نەچێت منداڵ، وەك خەزێنەیەك (قاسە) وایە، ئەگەر کۆدی خەزێنەکە نەزانیت، ئەوا ناتوانیت دەرگای خەزێنەکە بکەیتەوە. کەواتە ئەگەر وەك مامۆستا لەکۆدو نهێنی ڕەنگ و هێڵکارییەکانی منداڵەکە نەزانیت، ئەوا هەرگیز ناتوانیت پەی بە نهێنی منداڵەکە بەریت و ناخی بخوێنیتەوە. کەواتە پێویستە منداڵەکە نەشکێنیتەوەو پرسیاری لێبکە لەبارەی وێنەکە، تا ڕوونکردنەوەت پێبدات. ئەگەر ڕوونکردنەوەشی پێنەدایت ئەوا خۆت بەدوای هێماکاندا بگەڕێ و بزانە دەربڕین لەچی دەکات؟ لەم وێنەیەدا تاوگیرییەکی توند دەبینین بەتایبەت ئەو منداڵانەی لە جۆری Attention Deficit Hyperactivity Disorder. (ADHD)



(وێنەی ٢-٤)

(منداڵی فرەجوڵەی کەم سەرنج). ئەم جۆرە منداڵانە شلۆقن لە ڕەفتارداو توانای دان بەخۆداگرتن و خۆڕێکخستنیان نییە. بێ ئامانجن و نازانن بۆچی و لەپێناوچیدا ڕەفتار دەکەن. مامۆستاو چاودێر هەراسان دەکەن. مامۆستاو چاودێر بێ ئومێد دەبن لە کۆنترۆڵ کردنیان. پێویستە ئەم منداڵانە بهێڵیتەوە لەژێر کۆنترۆڵی خۆتدا، وەك هەنگاوی یەکەم هەمیشە چاوێکت لەسەریان بێت و بەکاری هاوبەش سەرقاڵیان بکە. ئاگات لێیان بێت زەبر لە منداڵەکانی هاوڕێیان نەدەن، یان زیان و ئازار بەخۆیان نەگەیەنن.

## منداڵی نامۆ، گۆشەگیر، شەرمن

ئەم جۆرە منداڵە (وێنەی ٢-٥)، دەزانێت، بەڵام ناتوانێت ناخی خۆی دەربڕێت. شەرم دەکات، دەترسێت، هەست بەکەم زانی دەکات و توانای ڕووبەڕووبونەوەی نییە. خۆی بە نامۆ دەبینێ لەناو کۆمەڵێك منداڵدا، کە لە مەوپێش نەی دیتوون و نەی ناسیوون. هەست دەکات ئەوانی تر زۆر دەزانن و ئەمیش هیچ. خۆی بەکەم دەبینێ و پێی وایە مامۆستا ئەو فەرامۆش دەکات. زۆر جار ئەم منداڵانە کاری هونەریان لا نامۆیەو حەزی پێناکەن، بۆیە بەحەزەوە کار ناکەن و کارکردنەکە فەرامۆش دەکەن.



(وێنەی ٢- ٥)

### ئەم منداڵانە چۆن دەناسیتەوە؟

ئەم جۆرە منداڵانە ژمارەیان کەمە لە پۆلداو لەچەند دانەیەك تێپەڕ ناکەن. کاتێك مامۆستا داوا لە منداڵەکان دەکات وێنەی داواکراو بکێشن، ئەم منداڵە هیچ وێنەیەك ناکێشێت، ئەگەر مامۆستاش داوای لێ بکات وێنەبکێشێت ئەوا یەکسەر وەڵامەکەی نازانم دەبێت، ئەگەر مامۆستا زۆر فشاری بۆ بهێنێ بۆ کێشانی وێنەکە، ئەوا دەست دەکات بەگریان، یان توڕەدەبێت و بەرتەکی خراپی دەبێت و بەدەنگی بەرز بە ڕووی مامۆستا دەوەستێتەوە، یان سەری خۆی دادەخات و سەیری مامۆستا ناکات.(وێنەی ٢-٦)



(وێنەی ٢-٦)

**هۆکاری دروست بوونی ئەم جۆرە کەسایەتیانەی منداڵ، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:**

١- ژینگەی گەشەی ئەو منداڵە لەناو خێزانەکەیدا لەبارنییە.

٢- تێکەڵ نەبوون بەکەسانی تر، هەندێ جار منداڵە تاقانەکان، یان نۆبەرەکان ئەم جۆرە ڕەفتارانە دەنوێنن، بەهۆی تێکەڵاو نەبوونیان بە منداڵانی ترو زۆر ناز پێدانیان لەلایەن دایی و بابەوە، یان بوونی ترسی دای و باب لە منداڵەکەیان، تا بە ساغ و تەندروستی بمێنێتەوە، ناهێڵن لەخۆیان دوور کەوێتەوە، یان هەستیارن بەرانبەر هەر کەرەستەیەك، کە منداڵەکەیان بەکاری دەهێنێ.

٣- تایبەتمەندی بۆماوەیی وادەکات کاریگەری لەسەر وەچەی نوێ دروست بکات و لێکەوتەکانی لەو منداڵەدا دەردەکەون.

٤- نەبوونی هاوڕێ لە گەڕەك و فێرگە.

٥- لە وانەیە کێشەی خێزانی، یان کۆمەڵایەتی هەبێت.

٦-لە وانەیە حەز بە وێنەکێشان، یان یاریکردن نەکات.

٧-یان لەوانەیە تووشی شڵەژانێکی دەروونی، یان ڕووداوێکی نەخوازارو بووبێت (ئەو منداڵانەی ڕووداوی نەخوازراویان لەبەرچاو ڕوودەدات، توشی ئەم دابڕانە دەبن وەك: کوشتن، شەڕ، ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل...).

ئەگەر چاودێری ڕەفتاری ئەم جۆرە منداڵانە بکەین لە پۆل و گۆڕەپانی فێرگەدا، دەبینین ئەم منداڵانە هاوڕێیان نییەو تێکەڵاوی منداڵانی تر نابن و کەمدوون. ئەگەر لەگۆڕەپانی باخچەی منداڵاندا هەمووان ڕابکەن و یاریبکەن ئەوا ئەو لە گۆشەیەکی گۆڕەپانەکە دانیشتووەو سەیریان دەکات و خۆیان لێبەدوور دەگرێت وەك ئەوەی خۆی پەرێز بگرێت لە کێشە.

## ئەرکی مامۆستا:

لەسەر مامۆستا پێویستە بەهێمنی ئەم منداڵە پەلکێشی ناو چالاکیەکانی پۆلی بکات لە ڕێگەی منداڵەکانی ترەوە بخرێتە ناو چالاکیەکانەوەو هان بدرێت، تا وەك ئەندامێکی چالاك دەرکەوێت (چالاکی ناو گروپ)، تا هێزی بڕوا بە خۆبوونی بۆ دەگەڕێتەوە. ئەو شەرم و ترسەی هەیەتی نەمێنێت و تاکێکی کۆمەڵایەتی لێدەرچێت. بەڵام ئەگەر مامۆستا خۆی ماندوو نەکات و منداڵەکە

فەرامۆش بکات و بیخاتە دەرەوەی چالاکیەکانی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل، ئەوا کارێکی باش ناکات و ئەنجامەکەشی ڕووخانی یەکجاری منداڵەکەیەو دوورکەوتنەوەیەتی لە ژینگە ڕاستەقینەکەی منداڵ.

## چارەسەر:

وەك هەنگاوی یەکەم پێویستە مامۆستا هەوڵبدات لە بیری منداڵەکە ئەم دەستەواژانە بگۆڕێت:

(نازانم) بۆ ← (دەزانم)

(ناتوانم) بۆ ← (دەتوانم)

لەڕێگەی متمانەبەخشین بە منداڵەکە، بەهۆی خۆشەویستییەوە دەتوانین ببینە جێگەی باوەڕی منداڵەکە، هەوڵبدە ببیتە هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی منداڵەکە تا باوەڕت پێبکات.

## ئەنجام:

هێدی هێدی منداڵەکە دەکەوێتە سەرکارو نیگارەکە دەکێشێت بەکەمێك ترسەوە، بەڵام وردە وردە تێکەڵاوی کاری هونەری دەبێت و دەبێتە منداڵێکی چالاك و خۆڕێکخەرو کۆمەڵایەتی لە ناو گروپەکەیدا.

## ئەم جۆرە کەسایەتییە ئەگەر چارەسەر و هاوکاری پێشکەش نەکرێت چی ڕوودەدات؟

ئەم منداڵە گەورەشبێت بە شەرمنی و گۆشەگیری دەمێنێتەوە، بۆنموونە: کاتێك تەمەنی دەگاتە قۆناغی زانکۆ، یان پەیمانگە... توانای پەیوەندی گرتنی لاواز دەبێت و وەك مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت ڕەفتار بکات، توانای گفتوگۆی نابێت و ئەوا لە شەرما سورهەڵدەگەڕێت و دەمی تەتەڵە دەکات و نازانێت چۆن وەڵامی بەرانبەرەکەی بداتەوە، یان کاتێك میوانێکی زۆر ڕوو لەماڵیان دەکات (ئەم کەسە کوڕبێت، یان کچ) خۆی لە میوانەکان دەشارێتەوە، ئەگەر میوانەکە (خاڵ، یان مام، یان پوور، یان هەرکەسێکی دوور، یان نزیك بێت)، ناتوانێت خۆیان پیشان بدات و خۆیان لێ نزیك بکاتەوە.

## ئەگەر منداڵەکە چارەسەر بکرێت ئەوا:

ئەم منداڵە لەکاتی خۆیدا (لە فێرگە– لە ماڵەوە – لە دوکان – یان شوێنکاری باوك، یان دایك) لەلایەن مامۆستاوە، یان کەسە نزیکەکانییەوە چارەسەری پێویست وەربگرێت لەڕووی هاوکاری

کردن و پشتگیری کردنی منداڵەکەو هەلڕەخساندن بۆی، بەوەش وا دەکات لەئاییندەدا منداڵێکی بزۆزو گورجوگۆڵ و چاوکراوەو کۆمەڵایەتی دەربچێت و دواتر دەتوانێت، وەك تاکێکی تەندروست و کۆمەڵایەتی هەڵسوکەوت بکات لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت.(وێنەی ٢–٧)

لێرەدا، بۆمان ڕوون بۆوە پەروەردەی هونەر، نەخشی هەیە لە گەشەپێدان و نەشونماکردنی کەسایەتی منداڵ و وای لێدەکات بتوانێت، وەك ئەندامێکی بەکەڵکی ناو کۆمەڵگە ڕەفتار بکات، بتوانێت خزمەت بە کۆمەڵگە بکات و هەمووانی خۆشبوێت و گیانی هاوکاری و لێبوردەیی هەبێت بەرانبەر هەمووان، لەکۆتایشدا دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزو کۆمەڵایەتی، هەست بەلێپرسراوێتی و لێپرسینەوە دەکات بەرانبەر خۆی و بەرانبەرەکەشی. منداڵێك و دوو منداڵ و چەندین منداڵ کۆمەڵگەیەکی جوان و تەندروست بنیات دەنێت و ئاییندەی وڵات گەشاوەتر دەکات.



(وێنەی ٢–٧)

پێشکەشکردنی هاوکاری لەلایەن چاودێرو مامۆستاوە بۆ منداڵەکان پێویستە.

## ئەو منداڵەی پشت بەدەورووبەری دەبەستێ لە نیگارکێشاندا

کاتێك مامۆستا لە پۆلدا داوا لە منداڵەکان دەکات بە ئازادانە وێنەی داواکراو بکێشن (ئەم جۆرە منداڵانە لە پۆلدا ڕێژەیان دیاریکراوە)، منداڵەکان هەوڵدەدەن لەکاتی وێنەکێشاندا پشت بە دەورووبەریان ببەستن بۆ نموونە: ئەگەر کچەکەی تەنیشتی گوڵێکی کێشابوو ئەوا ئەویش گوڵەکە دەکێشێتەوە (کۆپی دەکاتەوە)، دواتر سەیری دوای خۆی دەکات، ئەگەر هاوڕێکەی وێنەی خانوێکی کێشابوو ئەوا ئەویش لاسایی دەکاتەوەو خانووەکە دەکێشێتەوە، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لاسایی کردنەوەیە، ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت لەلایەن مامۆستاوە ئەوا کەسایەتەییەکی لەرزۆك لای منداڵەکە دروست دەکات، کە تا گەورەبوونیش منداڵەکە ناتوانێت هیچ بڕیارێك بێ پرس کردن بدات، یان بێ وەرگرتنی ڕای هاوڕێکانی ناتوانێت کراسێك، یان پێڵاوێك لەبازار بکرێت.(توانای بڕیاردانی لاواز دەبێت). وەك وێنەی (٢-٨)



(وێنەی ب-٨)

### ئەرکی مامۆستا:

پێویستە مامۆستا لەو جۆرە منداڵانە تێبکات، هانیان بدات و پرسیاری ئەوەیان لێ بکات لەکاتی وێنەکێشاندا حەزیان لە چییە؟ بەچی سەرسامن؟ بە چی دڵخۆشن؟ خاوەنی چین لەماڵەوە؟ یان فێرگە چ جۆرە گوڵێکی تێدا ڕواوە؟ حەزیان لە چ جۆرە میوەیەکە؟ دواتر منداڵەکە دەتوانێت بەسەرپەرشتی مامۆستا یەکێك لەم پرسیارانە وەڵام بداتەوە بە نیگارکێشان. ئەمە واله منداڵەکە دەکات خەیاڵ و بیری خۆی بخاتە گەڕوو لە دەربڕینەکانیدا، یان لە وێنەکێشاندا، یان لە بڕیارداندا پشت بە بۆچونەکانی خۆی ببەستێ. لە کۆتاییدا لە ناخی منداڵەکەدا کەسایەتییەکی بەهێز دروست دەبێت بە سەرپەرشتی و چاودێری مامۆستاو ماڵەوە. ئەگەر نا، منداڵێکی لەرزۆك لەڕووی کەسایەتییەوە پێ دەگات، کە گەورەش بوو ئەم لەرزۆکییە لە کەسایەتیەکەیدا ڕەنگ دەداتەوەو تا مردن لەگەڵی دەبێت (خوی شیری هەتا پیری). (کچ، پشت بە دایکی دەبەستێ و کوڕ هانا بۆ باوکی دەبات و هەمیشە داوای هاوکاری لێدەکات). ئەم جۆرە منداڵانە پێویستیان بە ڕێنوێنی و سەرپێخستن هەیە لەلایەن مامۆستاو ماڵەوە (بە کەمێك ماندووبوون).

## ئەو منداڵانەی نیگارناکێشن و بەشداری ناکەن

### ئەم منداڵانە چۆن دەناسیتەوە:

ئەم جۆرە منداڵانە،(وێنەی ٢-٩) ترسێکی کوشندە لە دەروونیاندا خۆی حەشارداوە. دەلەرزن، خۆدەدزنەوە لە کارکردن. وەك جۆری منداڵی شەرمن وایە، بەڵام تایبەتمەندییەکانیان جیاوازە. بۆ نموونە، هەیانە پەنجەی دەمژێ، چاوی دەکوشێ، خۆی بە پرچی، یان کراسەکەی، یان بە قۆپچەکەی خۆی سەرقاڵ دەکات. خەیاڵی ڕۆیشتوەو ئاگای لەوانەکە نییە. هەست و هۆشی لەناو پۆلدا نییە. هیچ نیگارێك ناکێشێت و دەڵێت ها،، یان نازانم،، یان بەچی؟ وەڵامت دەداتەوە.



(وێنەی ٢-٩)

### چارەسەر:

پێویستە مامۆستا بەنەرمی ئەم منداڵانە بوورژێنێت، ئەگەر لە تەنیشت خۆی دایان بنێت باشترەو پێویستە (هەر منداڵێك ناوی بە سەرسینگییەوەبێت)، تا زوو زوو بەناوی خۆیان بانگیان بکات. یەکێك لە چارەسەرە زۆر بنەڕەتییەکان ئەوەیە بەناوی خۆیان بانگیان بکەیت، تا منداڵەکە بزانێت لەیادت نەکردووەو گرنگی پێدەدەیت. لێرەوە کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی ئەم جۆرە منداڵانە دەجولێت و دەکەونە سەر ڕێڕەوی خۆیان، بەڵام بە ئاڕاستەکردن و هێنانە ناو چالاکییە جۆراو جۆرەکان لە ناو کاری هاوبەش و گروپدا ئەرك و کاری نوێیان پێ بدەیت، واتە بیان خەیتە ژێر بەرپرسیاریەتییەوە ئەوا منداڵەکە چاکتر هەست بە دڵنیایی زۆرتر دەکات و وردە وردە هەوڵدەدات ئەویش بەشداریبکات و نەخشی هەبێت لە چالاکییەکەدا.

## منداڵی:  وریا، چەلەنگ، وشیار، زیرەك، بە ئاگا

### ئەم منداڵانە چۆن دەناسینەوە:

کاتێك مامۆستا لەپۆلدا داوا لەمنداڵەکان دەکات بەئازادی وێنەی داواکراو بکێشن. ئەم جۆرە منداڵانە یەکسەر لە وتەکانی مامۆستا تێدەگەن و دەست دەکەن بەکێشانی وێنەکە، وڵامدانەوەی خێرایان دەبێت، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ مامۆستاو داوای ڕوونکردنەوەی زۆرتر بکات.(وێنەی ٢–١٠) گرنگی مامۆستا لێرەدا دەردەکەوێت، ئەگەر مامۆستاو چاودێرەکان گرنگیان بە منداڵەکەداو فەرامۆشیان نەکرد، ئەوا چاوەڕێی ئایندەیەکی گەش لە منداڵەکە بکە وەك:

١– منداڵێکی هاوسەنگ دەبێت.

٢– منداڵێکی چالاکترمان دەست دەکەوێت.

٣– ئامانجی ڕوونتر دەبێت.

٤– داهاتووی دیارتر دەبێت.

٥– کەسایەتی بەهێزتر دەبێت.

٦–توانای خۆگونجاندن و خۆڕێکخستنی زۆرتر دەبێت.

٧–سوود بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت.

لەم وێنەیەدا، دەردەکەوێت مامۆستا منداڵەکە فەرامۆش ناکات و منداڵەکە هەست بە دڵنیایی زۆرتر دەکات، ئومێدی کارکردن و ئایندەی خۆی بەباشی دەبینێت و حەزی بۆکارەکە زۆرتر دەبێت.وەستانی مامۆستا بەدیار کاری منداڵ، متمانە زرۆتر دەکات لە نێوانیاندا.



(وێنەی ٢–١٠)

## ئەگەر مامۆستا ئەم منداڵە فەرامۆش بکات چی ڕوودەدات؟

جاری وا هەیە مامۆستا پێی وایە منداڵەکان بەتوانان و پێویستیان بە هاوکاری مامۆستا نییە، ئەوا مامۆستا هەڵەیەکی گەورە دەکات، چونکە منداڵەکە هەست بە پشتگوێخستن و فەرامۆشکردن دەکات لەلایەن مامۆستاکەیەوە بۆیە لەجیاتی ئەوەی منداڵەکە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێ دەگەڕێتە دواوەو وانەکە فەرامۆش دەکات. منداڵەکە لە خەیاڵیدا وابیردەکاتەوە مادام مامۆستا گرنگی پێنادات، ئەوا لەسەری پێویستە زۆر خۆی ماندوو نەکات. ئەم کارە هاوکێشەکە پێچەوانە دەکاتەوەو ڕووخان لە ئایندەی منداڵەکە دروست دەکات (وێنەی ٢-١١)، بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا هاوسەنگی لە نێوان منداڵەکان ڕابگرێت. ئەگەر نا چاوەڕێی ئایندەیەکی خراپ لە منداڵەکە بکە وەك:

١- توشی لادان دەبێت.

٢- خۆی لە فێرگە دەدزێتەوە.

٣- توشی سەرلێشێوان دەبێت.

٤- هاوڕێی لاسار زۆر دەکات.

٥- ئازاری ئەوانی تر دەدات.

٦- خۆی لە پێشکەوتنی زانیارییەکان دەدزێتەوە.

٧- بێ ئامانج دەبێ.

٨- چالاکی کەم دەبێتەوەو خۆی گۆشەگیر دەکات.





ئەو کاتەی منداڵ لە مامۆستاکەی بێ ئومێد دەبێت.(وێنەی ٢-١١)

## کورتکردنەوە، یان قرتاندن

کاتێك هەندێك لە منداڵان وێنە دەکێشن، بۆنموونە: (وێنەی مرۆڤ)، بەڵام، کە سەیری وێنەکە دەکەین دەبینین برۆی بۆنەکێشاوە، یان گوێیەکانی بیرچووە، یان وێنەکە هێندە سادەیە تەنها بە هێما دەزانین وێنەی مرۆڤە (وێنەی ٢-١٢). زۆرجار ئەم جۆرە منداڵانە، گەشەی هزرییان لاوازەو هەندێك جاریش لە دەربڕیندا لەسەرخۆو سستن، کاتێك مامۆستا تێبینی ئەوەیان دەداتێ، کە گوێی بیرچووە، یەکسەر لە وەڵامدا دەڵێت مامۆستا ڕاست دەکەیت ئەوە گوێکەم بۆ کێشا. پێویستە مامۆستا هێمن بێت لەگەڵ ئەم جۆرە منداڵانەو سزایان نەدات لە پای ئەوەی وێنەکەیان جوان نییە، یان لە مرۆڤ ناچێت، چونکە زۆر جار ئەو مامۆستایانەی زانیاریان نییە لەسەر هونەری منداڵ، لەسەر ئەم کەم و کورتیانە پەلاماری منداڵەکە دەدەن و پێیان دەڵێن جا ئەوە کەی وێنەیە؟ یان سووکایەتی بە منداڵەکە دەکات بەگێل و نەفام و هیچ نەزان وەسفی دەکات، ئەمە وا دەکات منداڵەکە هێندەی تر بڕوخێنێت و لەئاست منداڵەکانی تردا هەست بە کەمزانی بکات. ئەم جۆرە منداڵانە بە سستی فێر دەبن، بەڵام، کە فێر بوون بیریان ناچێتەوە.





قرتاندن لە هەردوو وێنەکەدا دەبینرێت

(وێنەی ٢-١٢)

## گەورەکردن

هەندێك لە منداڵان، حەزدەکەن خۆیان دەربخەن و هێزو دەسەڵاتیان پیشانی دەوروبەریان بدەن، بەڵام لەڕێگەی وێنەکانیانەوە. بۆ نموونە: منداڵێك  وێنەیەك بکێشێت لەوێنەکەدا باوکی گوێی منداڵەکەی ڕاکێشاوە (وێنەی ٢-١٣)، وێنەی باوکەکە بەگەورەیی دەکێشێت (نیشانەی بوونی هێزو دەسەڵاتە)، وێنەی خۆی بە بچووکی دەکێشێت (نیشانەی بێهێزی و بێدەسەڵاتییە)، ئەو دەستەی، کە گوێچکەی پێ ڕاکێشاوە بەگەورەیی دروستی دەکات (گەورەیی دەستەکە نیشانەی هێزە). هەروەها وەك لە (وێنەی ٢-١٤) دا دەبینین (ئێڤی) باسکی خۆی، وەك پاڵەوان بە گەورەیی کێشاوە، ئەمەش نیشانەی هێزو دەسەڵاتە.



(وێنەی ٢-١٣)




(وێنەی ٢-١٤)

**لە هەردوو وێنەکەدا نیشانەی هێزوو دەسەڵات پیشان دەدات**

## کارکردن بە گروپ (گروپکاری)

هەندێك لە منداڵان حەز بە گروپکاری ناکەن، سەرئێشە بۆ مامۆستاو گروپەکە دروست دەکەن بەهۆی بێ ئارامییەوە. یان کاری گروپەکە دەشێوێنن. بۆیە پێویستە مامۆستا بزانێت، کە هەندێك جار منداڵ تایبەتمەندی خۆی هەیە نابێت فەرامۆشیان بکەین. وەك: منداڵ هەیە حەز بە کۆبوونەوەی زۆر ناکات، یان حەزناکات گروپەکەی زۆر گەورەبێت، یان حەزناکات بچێتە هەموو گروپێکەوە، بەڵکو حەزدەکات خۆی گروپ و کەسەکان هەڵبژێرێت، چونکە لەگەڵیان دێتەوەو دەتوانێت لەگەڵیان هەڵبکات.(وێنەی ٢-١٦)



(وێنەی ٢-١٦)

### ئەرکی مامۆستا:



پێویستە مامۆستا لەوانە کردارییەکاندا، یان لەکاتی یاریکردندا، چاوی لەسەر منداڵەکان بێت و فەرامۆشیان نەکات، چونکە لەوانەیە منداڵەکان ئازاری یەکتر بدەن. بەتایبەت لەسەرەتای دەست پێکردنی خوێندن. منداڵەکان بەیەکتر ئاشنانین و یەکترناناسن، ئەمەش کاتی دەوێت، تا لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان تێدەگەین. بۆیە پێویستە مامۆستا لە خەیاڵی خۆیدا پۆلێنی منداڵەکان بکات و جیاوازی تاکایەتی لەبەرچاوبگرێت. ئەگەر ئەم کارەنەکات، ئەوا لەبارەی کەسێتی منداڵەکان تووشی لێکدانەوەو ڕاڤەی هەڵەدەبێت. گفتوگۆکردن لە دایی و بابی منداڵ خاڵی وەرچەرخانی کارەکەمانە، چونکە پەیوەندی گرتن لەگەڵ خێزانی منداڵ، کارەکانی مامۆستا باشتر دەباتە پێش و کێشەکان زووتر چارەسەردەبن و باشتر کۆنترۆڵ دەکرێن. لەکۆتاییدا پێویستە مامۆستاش بیرو خەیاڵی خۆی بخاتە خزمەت کارە هونەرییەکەو تەنها چاوی لەم چالاکیانە نەبێت و دوورتر بڕوانێت، بەومەرجەی لە بنەما پەروەردەییەکە لانەدات.

## تایبەتمەندییەکانی هونەری نیگارکێشان لای منداڵ

**پێویستە مامۆستاو چاودێرەکان ئاگاداری هەستی منداڵ بن و لە دنیای فەلسەفەی هونەری منداڵ تێبگەن و لە ئاگاییدا بمێننەوە، ئەگەرنا ناتوانن سەرکەوتووبن لە کارەکەیان وەك:**

**١. وێنەکێشان لای منداڵ زمانە، واتە جۆرێکە لە دەربڕین زیاتر لەوەی هۆکارێك بێت بۆ دروست کردنی شتێکی جوانی هونەری.**

**٢. منداڵ بەپێی تاوگیرییە دەروونییە جیاوازیەکانییەوە، لەسەرەتای ساڵانی منداڵیدا گەورەکردن و کورت کردنەوە، یان قرتاندن لە وێنەکانیدا دەردەکەوێت.**

**٣. منداڵ لە ساڵانی سەرەتای ژیانیدا وێنەی ئەو شتانە دەکێشێت، کە دەیزانێت، نەك ئەوەی دەی بینێت، هەتا تەمەنی زیاتر دەبێت زیاتر پشت بە چاوی دەبەستێت لە دەربڕینەکانیدا.**

**٤. منداڵ لەسەرەتای ساڵانی یەکەمیدا دەربڕینەکانی دەربڕینێکی ساکارو ئاساییە، هەتا بەرەو پێشتر بچێت لەتەمەندا زیاتر توانای هەستکردنی بەشێوەکان و جێگەکانیان دەکات.**

**٥. منداڵ لەسەرەتای ژیانیدا وێنەی ئەو شتانە دەکێشێت، کە دەیزانێت نەك دەیبینێت، تەنانەت لە کاتێکدا ئەگەر ئەو شتانە لەبەرچاویشیدا دانرابێت و سەیریشی بکات.**

**٦. زۆر لە لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە، کە جیاوازی هەیە لە نێوان وێنەکانی هەردوو ڕەگەز (کوڕو کچ). هەریەکەیان ژینگەو ڕەگەزی خۆیان دەردەخەن لە وێنەکانیاندا.(کوڕ زۆرتر وێنەی کوڕانە دەکێشێت و کچیش وێنەی کچانە)**

**٧. منداڵ لەسەرەتاوە تا تەمەنی (١٠) ساڵی وێنەی مرۆڤ دەکێشێت زیاتر لە بابەتی تر. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، نزیکترین کەرەستە، کە منداڵ بەری بکەوێت و لەنزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا بکات مرۆڤ خۆیەتی (دایك، باوك، خوشك، برا، هاوڕێ...).**

**٨. تاقیکردنەوەکان سەلماندوویانە پەیوەندیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو ڕێڕەوەی منداڵان دەیگرنەبەر لە بواری هونەری نیگارکێشاندا، ئەگەر چی لەدەوروبەری جیاوازیشدابن. واتە منداڵێکی (٥ساڵ)ی ئەورووپی هەمان هێڵی منداڵێکی کوردی (٥ساڵ)ی دەکێشێت.**

**٩. تێبینی ئەوە دەکرێ لەیەك چوونێك هەیە لە نێوان کاری هونەری منداڵ و مرۆڤی سەرەتاییدا.**

**١٠. پەیوەندیەکی گەورە هەیە لەنێوان وێنەی منداڵان و توانای بۆماوە گشتیەکاندا واتە زیرەکی.**

**١١. ئەو منداڵانەی توانای مێشکیان بێ هێزە هەوڵی لاسایی کردنەوەی وێنەکانی ئەوانی تر دەدەن زیاتر لەوەی پشت بە خۆیان ببەستن، وە ئەو منداڵانەی توانای دەربڕینی هونەری باشیان هەیە، زۆر جار تێبینی توانای زیرەکیان لێدەکرێت.**

# نرخاندن

ئەركی مامۆستایە ئاستی پێشكەوتن و كارامەیی منداڵەكان لە چالاكییەكاندا هەڵسەنگێنێت، تا بەرچاوی ڕوونبێت و توانستی كاری منداڵەكان بزانێت، وەك ئەم كلێشەیەی لای خوارەوە:

ئامانجی نرخاندن: نرخاندن لەڕێگەی وانەی كردارییەوە.

بەرهەمی فێركاری: نیگاركێشانی چەند بابەتێكی پەیوەست بە ژینگەی منداڵ لەڕێگەی قەڵەم ڕەنگ و تێنوسدا.

ئامرازی نرخاندن: پەیژەی نرخاندن

**پەیژەی نرخاندن**

| جێبەجێكردن / ڕەفتار | نرخاندن | | |
|---|---|---|---|
| | باش | زۆرباش | نایاب |
| كەرستەو پێداویستییەكانی نیگاركێشان ئامادە دەكات. | | | |
| ڕەنگەكان لە شوێنی خۆیدا بەكار دەهێنێت. | | | |
| ڕەنگەكان دەبەستێتەوە بەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت. | | | |
| وێنەی داواكراو دەكێشێت. | | | |
| دەتوانێت دەربڕینخوازی لە وێنەكاندا بكات. | | | |
| گفتوگۆ دەكات لەكاتی پرسیاركردن و تێبینی كردنی مامۆستا – چاودێر. | | | |
| لەگەڵ وێنەی داواكراو وێنەو شێوەی تریشی بۆ زیاد دەكات. | | | |
| هاوكاری پێشكەش بە هاوڕێكانی دەكات. | | | |
| تێبینی و سەرنج دەداتە هاوڕێكانی. | | | |
| لەكاتی نیگاركێشان جوڵە ناكات و ئارامگرە. | | | |
| خۆی ڕێكدەخات و خۆی دەگونجێنێت لە كاتی چالاكییەكەدا. | | | |
| لە كات دیاریكراودا لە ئەركەكەی تەواو دەبێت. | | | |

# تەوەری دووەم

**تەوەر: یاریکردن لەنێوان خاڵ و هێڵ و ڕەنگدا**

**بابەت: پێکگەیاندن و ڕەنگکردن**

**کاتی دیاریکراو: ٧ وانە**

---

## پێکگەیاندن و ڕەنگکردن

### ئەرکی مامۆستا:

**سەرەتا ڕوونکردنەوەی پێویست بداتە منداڵەکان لەبارەی وانەی نوێی تەکنیك و شێوازی چالاکییەکە بۆ منداڵەکان ڕوونبکاتەوەو یاسای کارکردنیان بۆ دیاری بکات.**

### یاسای کارکردن و ئاڕاستەکردن:

**١- پێویستە منداڵەکە سەرنجی خاڵەکان بدات و بزانێت پێش پێکگەیاندنی خاڵەکان شێوەی چی دەبینێت؟**

**٢- پێویستە منداڵەکە تێبینی شێوە بینراوەکە بکات (لێی وردبێتەوە).**

**٣- پێویستە مامۆستا هانی منداڵەکان بدات لاسایی وێنەو شێوە بینراوەکە بکەنەوە.**

**٤- پێویستە مامۆستا هانی منداڵەکان بدات چی لەبارەی وێنە بینراوەکەوە دەزانن، لەسەری بدوێن و هەلیان بۆ بڕەخسێنێت، تا زانیارییەکانیان بخەنە ڕوو.**

**٥- ڕێگە بە منداڵەکان دەدات خاڵەکان بەیەك بگەیەنن تا شێوە ڕاستەقینەکە دەردەچێت، یان دەبینن.**

**٦- دوای بە یەکگەیاندنی خاڵەکان بۆشایی ناو شێوەکە ڕەنگ بکەن.**

**٧- لە هەندێك شێوەدا ڕەنگەکان دیاریکراوە، تا مامۆستا بزانێت ئایا منداڵەکان دەتوانن ڕەنگە داواکراوەکە بدۆزنەوەو کاری پێبکەن؟ یان نا؟**

# وشەو کەرەستە بەکارهاتووەکانی ئەم وانەیەو پێناسەکردنیان

## خاڵ:

لە ڕاستیدا خاڵ لە ڕووی ئەندازەییەوە هیچ دووریەکی نییە، بەڵام بەکاردەهێنرێت لە بواری هونەریدا، بەقەبارەی جیاواز.(وێنەی ٣– ١) کێشانی خاڵێکی ڕەش لەسەر ڕوویەکی سپی ئەوا تەنیا دەبێت و هیچ بەهایەکی ئەوتۆ لای بینەر دروست ناکات، جگە لە وروژاندنی پرسیار، بەڵام ئەگەر خاڵەکان زۆرتر بکەین لەڕووی ژمارەو هەروەها قەبارەکەشیان بگۆڕین، دەبینین هەست بە جووڵەی جیاواز دەکەین و گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی دەبێت لە پێکهاتەی کارەکەدا، بەوەش بینەر هەست بەنامۆیی ناکات لە ئاست خاڵەکاندا،



(وێنەی ٣– ١)

چونکە دەبینیٚ هەندیٚ لە خاڵەکان بچووکن و هەندێکی تریان گەورەن وا خاڵەکان سەرنجی بینەر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و سەرنجەکان کۆببنەوە لە سەریان.

لەوانەیە دیاریکردنی خاڵێك زۆر ئاسانتربێت لە هێڵێکی ئاسۆیی یان ستونی، چونکە چاو هیلاك ناکات. هەروەك چۆن لە سروشتدا چەندین نموونەی جۆراوجۆر دەبینین لە کۆکردنەوەی خاڵدا وەك (خاڵی هێشوە تریٚ یان بەرهەمی توو یان تەسبیح یان بینینی خاڵی ووردو گەورە لە باڵەکانی پەپوولەدا.)(وێنەی ٣– ٢)



(وێنەی ٣– ٢)

بەکورتی دەتوانین بڵێین خاڵ و بازنە سادەترین پێکهاتەکانی نەخشەکێشانن، ئەگەر سەرنجی زیاتر بدەین دەبینین خاڵ و بازنە لە بڵقی سابون و بۆشایی پەنیردا دەردەکەون و هەستیان پیٚ دەکەین، نموونە بۆ منداڵەکان بهێنەوەو منداڵەکان هان بدە، تا نموونەت بۆ بهێنەوەو وێنەی خاڵت لە دەوروبەر پیشان بدەن.

## هێڵ:

بەهۆی گەیاندنی دووخاڵ یان زۆرتر، هێڵ دروست دەبێت. هێڵ کۆمەڵێك کاری هەیە، بۆشایی دابەش دەکات، شێوەکان دیاری دەکات، جووڵە دروست دەکات، ڕووبەر دابەش دەکات... (وێنەی ٣- ٣) ئێمە دەتوانین چێژ لەو هێڵانە وەربگرین، کە دەکێشرێن، هەندێکیان پان و هەندێکی تریان باریك، یان ڕاست و یان خوار، یان چەماوە، یان نیوە بازنە. ئێمە هەموو ژیانمان بەهێڵ و لەسەر هێڵ وەستاوە، بەکاریان دەهێنین و لەدەوروپشتمانن، هەر لەبەر ئەوەشە دەتوانین چێژیان لێوەربگرین، کەواتە هەموو منداڵێك دەتوانێت وێنە بکێشێت، بەڵام ناتوانێت وەك هونەرمەندێك شێوەکان ڕێك بخات لەسەر هێڵەکان و چێژێکی هونەری ڕەسەن و باشی پێ ببەخشێت. منداڵی ئاسایی، تەنها شێوەکان کۆدەکاتەوە لە وێنەیەکداو ناتوانێ بەها هونەرییە ڕاستەقینەکەی پێ ببەخشێ (لە ڕووی جوانسازیدا). منداڵ تەنها دەربڕی هەستەکانیمان پیشان دەدات، جا ئەگەر هێڵەکان خوارو ناڕێك بوون کارێکی ئاساییەو نیگەران مەبە، (وێنەی ٣- ٤) چونکە بە ڕاهێزانی زۆر، هێدی هێدی بە تێپەڕبوونی کات منداڵەکە فێردەبێت، هێڵەکان ڕێك و باش و پاك بکات و شێوەی جوان و پاك بکێشێت و پێویستی بە هاوکاری و ئاڕاستەکردنی کەس نەبێت.



(وێنەی ٣- ٣)



(وێنەی ٣- ٤)

## شێوە:

بەهۆی پێکگەیاندنی خاڵە دیاریکراوەکان لە ڕێگەی هێڵە جۆراوجۆرەکانەوە، شێوەی جیاواز جیاوازمان بۆ دەردەچێت.(وێنەی ٣- ٥) هەرچەندە شێوە زۆر ئاڵۆزترە لە خاڵ و تاکە هێڵ. چونکە وێنە کێشراوەکە زۆرترین پێکهاتەی شێوەیی لەخۆدەگرێت، چێژو گرنگی هەیەو تواناو تێبینی کردنی ڕاستەقینەی منداڵ دەردەخات.



(وێنەی ٣- ٥)

ئەگەردەتەوێت منداڵەکان هەست  بە جوانی شێوەکان  بکەن،  دەبێت فێریان بکەیت نەرم و نیان و بەڕێزەوە لەگەڵ شێوەکانی دەوروبەریاندا ڕەفتار بکەن. بۆنموونە: بە منداڵەکە بڵێ، کاتێك بەکەنار ئاوێکدا ڕەت دەبیت و چەندین بەردی جۆراو جۆر لەکەنار ئاوەکە جێماون،  بەردێك بەڕێزەوە هەڵبگرەو بەنەرم و نیانی لەناو دەستتدا هەڵاوگێڕی پێ بکە، دواتر سەیری جوانی بەردەکە بکە. لێرەدا هەست بە جوانی و سەرنجی بەردەکە دەکەیت، بەڵام ئەگەر بێڕێزانە شەقێکت لە وردە بەردەکە هەڵداو  بێ گرنگی  پێدان  بە جوانی کەرەستەکە، ئەوا تۆ هەستە جوانییەکە لەدەست  دەدەیت و ناتوانیت گەشە بەبیری جوانی خۆت بدەیت،  یان لە ژوورەکەتدا چەندین شێوەی جۆراو جۆر هەن، پەردە،  کورسی،  مێز،  تەپڵەك...  تۆ چەند ڕەق بیت لەگەڵ کەرەستەکان، ئەوەندە لە جوانیان دوور دەکەویتەوە،  وە چەندە بە نەرم و نیانی و بەهەست کردن  بە جوانی و ڕێزگرتنی شێوەکان سەرقاڵ بیت، ئەوەندە شێوەو کەرەستەکان خۆشەویست  دەبن لەلای منداڵەکە و دەبێت بە بەشێك (وێنەی ٣– ٦)



(وێنەی ٣– ٦)

لە  یادگارییەکانی  و  پارێزگارییان لێدەکات.  بۆیە  پێویستە  لەسەر مامۆستا  هەنگاوەکانی  دروست بوونی  شێوە  بۆ  منداڵەکان  شی بکاتەوەو هەنگاو بەهەنگاو بەنەرمی تێیان  بگەیەنێت،  تا  منداڵەکان هەنگاوەکانیان لەبەرچاو ڕوونبێت.

## ڕەنگکردن:

لەڕێگەی ڕەنگەوە، منداڵەکە دەتوانێت شێوە جیاوازەکان ڕەنگ بکات و لێکیان جیابکاتەوە بەپێی شێوەکانیان، (وێنەی ٣– ٧) بۆنموونە: ڕەنگی چاوی، ڕەنگی باڵەکانی، دەندوکی، یان بەدەنی بەڵەك بەڵەك بکات، یان جلەکان بەو شێوەیەبێت، کە خۆی حەزی پێدەکات. لەسەر مامۆستایە، ڕەنگەکانیان پێبناسێنێت و پرسیاری جۆری ڕەنگەکانیان لێبکات، تا بزانێت ئایا منداڵەکان دەتوانن جیاوازی لەنێوان ڕەنگی پرتەقاڵی و ڕەنگی سووردا بکەن؟ یان جیاوازی لەنێوان ڕەنگی سەوزو شیندا بکەن؟ پێویستە مامۆستا تێبینی و سەرنجی لەسەر کاری منداڵەکان بێت و



(وێنەی ٣- ٧)

چاوتیژانە لێیان بڕوانێت. دواتر تێبینی و سەرنجەکانی خۆی لەڕێگەی پێشنیار کردنەوە بە منداڵەکان بڵێت. هەروەها دەبێت مامۆستا، یان چاودێر زۆر ژیرانە ڕەفتار بکات و هیچ هەڵەیەکی ڕەفتاری نەنوێنێت، لەسەر ئەوەی منداڵەکە ڕەنگەکانی تێکەڵ و پێکەڵ کردووەو ناڕێکی لە ڕەنکگردنەکە هەبێت، چونکە دەبێت ئەوە بزانیت، منداڵەکان هێدی هێدی کۆنترۆڵی ماسوولکە بچوکەکانیان دەکەن و ئەزموونیان زۆرتر دەبێت. بۆ ئەم کارەش پێویستیان بەکاتە.

سودی ئەم وانەیە بۆ منداڵەکان:

١. هاوسەنگی دروست دەکات لەنێوان لەش و عەقڵدا.
٢. توانای بینینی بەهێزدەبێت.
٣. هاوسەنگی دروست دەکات لەنێوان هەستی بینین، دەستلێدان و بیستن.
٤. وردتر ماسوولکەکانی بەکاردێنێ (چونکە ئەزموونی کردووە لە وانەی پێشوو).
٥. هەوڵدەدات ماسوولکە بچووکەکانی باشتر کۆنترۆڵ بکات.
٦. توانای تێبینی کردنی بەهێزدەبێت.
٧. توانای خەیاڵکردنی باشتر دەبێت.
٨. زووتر تێدەگات و شێوەکان دەناسێتەوە.
٩. توانای سەرنجدانی خێرا دەبێت و زوو ڕاڤەیان بۆ دەکات.
١٠. شێوەی زۆرتر دەناسێت.
١١. ئەزموونی زیاد دەکات و ئاستی ڕاهێزانی بەرز دەکاتەوە.
١٢. کاتێکی خۆش بەسەردەبات.
١٣. ڕەنگەکان لێکجیا دەکاتەوەو دەزانێت چۆن و لەکوێدا بەکاریان دێنێت.
١٤. دەروونی منداڵ ئاسوودە دەکات و ئارامی پێدەبەخشێت و دڵنیایی پێدەدات.
١٥. ترس و دڵەڕاوکێی نامێنێت و متمانە بەخۆی دەکات.
١٦. هەوڵدەدات ژمارەکان بناسێت و وێنەی ژمارەکان لەبەر بکات.
١٧. هەوڵدەدات پیتە ئینگلیزییەکان بناسێتەوە.
١٨. هێزی کارکردنی باش دەبێت و پەرە بە تواناکانی دەدات.
١٩. ئاستی کارامەیی باش دەبێت و توانای خۆڕێکخستنی دەبێت.
٢٠. لەکۆتاییدا، منداڵەکان خۆیان، خۆیان ئاراستەدەکەن و پێویستی زۆریان بە چاودێر یان مامۆستا نابێت و لە داواکراو تێدەگەن و کەمتر پێویستیان بە ڕوونکردنەوە دەبێت.

## چالاکی:

### ئەم پرسیارانە لە منداڵەکان بکە:

١- پێش باران بارین ئاسمان چی لێدێت؟

٢- کە باران دەبارێت چی ڕوودەدات؟

٣- لەکاتی باران باریندا پێویستە چی بکەین؟

٤- سوودەکانی بارانبارین بۆ ژینگە چییە؟

٥- پێویستە لەکاتی سەرماو بارانباریندا جلی چۆن بپۆشین؟

ئەمەو چەندین پرسیاری تر لە منداڵەکان بکەو هەوڵبدە منداڵەکان بووروژێنیت و پرسیاریان لە خەیاڵدا دروست بکەیت.

## ئاڕاستەکردن:

داوا لەمنداڵەکان بکە وێنەی ڕۆژێکی باراناوی بکێشن.

## هەڵسەنگاندن:

لەکاتی نیگارکێشانەکەدا، تێبینی منداڵەکان بکە بزانە لە ڕەفتارییاندا، لە کارکردنیاندا، لە ڕەنگکردن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ بابەتەکەدا چی دەکەن؟ پێویستە ئەوە بزانیت منداڵ هەمیشە پێویستی بە خاڵێکی دەستپێکە، تا لێیەوە هەنگاوی یەکەم هەڵبێنێت و لەسەر تۆشە چاودێری بکەیت و ئاراستەی بکەیت، ئاراستەکردنێکی ڕاست و دروست بەو مەرجەی لە کاتی کارکردندا سەر لە منداڵەکە نەشێوێنیٚ و دڵخۆشییان بکە و ئاسوودەییان پیٚ ببەخشە.

### تێبینی ئەم هەنگاوانەی منداڵەکە بکە:

١- بزانە جگە لە بابەتی داواکراو، چ شێوەیەکی تری بۆ بابەتەکە زیاد کردووە؟

٢- تێبینی ڕەنگە بەکارهاتووەکانی بکەو بزانە لەجێگەو شوێنی خۆی دایناون؟

٣- تێبینی هێڵە ناڕێك و خوارەکانی بکەو بزانە چۆن مامەڵەی کردووە؟

٤- تێبینی دابەشبوونی شێوەکان لەسەر پارچە کاغەزەکە بکە، بزانە جێگەو شوێنی شێوەکان لە شوێنی خۆی کێشراون و هێڵی زەوی بۆ شێوەکان داناوە.

(٢-١)

داوا لە منداڵەکان بکە، بە هێواشی خاڵەکان بەیەک بگەیەنن، کە تەواوبوون لە بەیەک گەیاندنی خاڵەکان، ئنجا داوایان لێبکە ڕەنگی بکەن بەو ڕەنگەی خۆیان حەزی پێدەکەن.



(٢-٢)

**ئەم وێنەیە کاڵ کێشراوە، پێویستە منداڵەکە کەمێك ورياتربێت لە پێکگەیاندن و ڕەنگ کردنەکە پەلە لە منداڵەکان مەکە.**



## (٣-٢)

**خاڵەکان پێک بگەیەنەو دواتر ڕەنگی بکە. (پێویستە منداڵەکە بەدڵی خۆی ڕەنگەکان هەڵبژێرێت)، کە منداڵەکە وێنەکەی تەواو کرد پێشنیاری ئەوەیان بۆ بکە یەکێک لە منداڵەکان باسی گیانداری ناو وێنەکە بکات. چی لەبارەیەوە دەزانێت؟ بۆمان باس بکات.**



(٢-٤)

**خاڵەکان پێك بگەیەنەو دواتر ڕەنگی بکە. بوار بۆ منداڵەکان بڕەخسێنە، تا باسی وێنەکە بکەن. دواتر تۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بدە بە منداڵەکان. ئەگەر لە شێوەی چیرۆك بێت باشترە.**



(٢-٥)

داوا لە منداڵەکان بکە خاڵەکان پێك بگەیەنن، بەڵام ئەم جارە پێویستە ڕەنگی بکەن بەم ڕەنگانەی، کە لە سەر کاغەزەکە دانراوە دواتر پرسیاری ڕەنگەکانیان لێبکەو بزانە پێشینەو زانیاریان پەیداکردووە لەسەر ڕەنگەکان؟ (پێویستە منداڵەکە پێش ڕەنگ کردن ڕەنگەکانی جیا کردبێتەوە).






(٦-٢)

**داوا لە منداڵەکان بکە خاڵەکان پێك بگەیەنن، پێویستە وێنەکە ڕەنگ بکەن بەو ڕەنگانەی، کە لەسەر کاغەزەکە دانراوە، دواتر پرسیاری ڕەنگەکانیان لێبکەوەو بزانە پێشینەو زانیاری زۆرتریان پەیداکردووە لەسەر ڕەنگەکان؟**






**(٢ - ٧)**

**وێنەکە تەواو بکەو دواتر ڕەنگی بکەو دواتر لەسەر وێنەکە بدوێ.**



**(٢-٨)**

**دوای تەواوکردنی وێنەکە، لەسەر بابەتی ناو وێنەکە بدوێ و دواتر هەلی زۆرتر بۆ منداڵەکان بڕەخسێنە بۆ گفتوگۆکردن.**



**(٢-٩)**

**منداڵەکە سەرپشك بکە لە هەڵبژاردنی ڕەنگەکان، دوای بەیەك گەیاندنی خاڵەکان بزانە هیچ گۆڕانکارییەك ڕوویداوە لە تێبینیکردن و دۆزینەوەو دەستنیشان کردنی ڕەنگەکان لە لایەن منداڵەکەوە؟**



**(٢- ١٠)**

**منداڵەکە سەرپشك بکە لە هەڵبژاردنی ڕەنگەکان دوای بەیەك گەیاندنی خاڵەکان، ئنجا بزانە هیچ گۆڕانکارییەك ڕوی داوە لە تێبینی کردن و دۆزینەوەو دەست نیشان کردنی ڕەنگەکان لەلایەن منداڵەکەوە؟**



# تەوەری سێیەم



## ناسینەوەو هەڵبژاردنی ڕەنگەکان

# وانەی یەکەم

**تەوەر: ناسینەوەو هەڵبژاردنی ڕەنگەکان.**

**بابەت: ناسینەوەی کەرەستە ڕەنگییەکان**

**کاتی دیاریکراو: ٨ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت چالاکییەکان بە پێی کات درێژکەیتەوە)**

---

## ناسینەوەی کەرەستە ڕەنگییەکان

لەوانەیە بپرسیت، بۆچی ئێستا کەرەستە ڕەنگییەکان بە منداڵەکان بناسێنین؟ وەڵامەکە ئەوەیە: تا سەر لە منداڵەکان نەشێوێنین و هێدی هێدی کەرەستەکان دەست لێبدەن، دوای ئەزموون کردنیان ناوەکانیان لەبەر بکەن و بیانناسنەوە، مەبەستەکە دروست بەکارهێنانە، دواتر ناسینەوەیان.

**ناساندنی کۆمەڵێك کەرەستەی ڕەنگکاری بە منداڵەکان وەك:**

## Pencil colour قەڵەم ڕەنگ

**قەڵەم دارە، بەڵام ڕەنگاو ڕەنگەو بە هێمنی دادەدرێت، چونکە ناسکەو زوو دەشکێ.**





قەڵەم ڕەنگەکان لە سەبەتەیەك بکە، تا گروپەکە بە هاوبەشی کاری پێبکەن لە سەر یەك مێز.

ئاگاداری منداڵەکان بە، بەهۆی نوکە تیژەکەی، زەبر لە یەکتر نەدەن و ئازاری یەکتر نەدەن، چونکە هەندێکجار منداڵی جرین لە گروپەکاندا جوڵەی زۆر دەکەن و توانای دانبەخۆداگرتنیان نییە.

# پاستیلی چەور Oil pastel colour

کەرەستەیەکی  نەرمە، جوان و سەرنج ڕاکێشەو ئاسان بەکاردێت و دانادرێت.




**گرنگی ئەم کەرەستە ڕەنگییە چییە؟**

١- ئاسان دەگوازرێتەوە لەڕێگەی جانتا، یان گیرفان و هەروەها جەستە پیس ناکات.

٢- ئاسان بەکاردەهێنرێت و منداڵ هەراسان ناکات، چونکە دانادرێت.

٣- ڕەنگەکانی ئاڵ و والایەو منداڵ حەزی پێدەکات.

٤- مەترسی بۆسەر تەندروستی گیانی منداڵەکە نییە.

٥- لە مۆم دروستکراوەو ڕاستەوخۆ بە کاغەزەکەوە دەنوسێت و پێویست بە وشکبوونەوە ناکات.

٦- لە نرخدا هەرزانەو هەموو منداڵێك دەتوانێت بیکڕێت، یان بەدەستی بێنێت.

# Pens, water colours ماجيك

وەك قەڵەم وایە، بەڵام نوکێکی نەرمی ئیسفنجی هەیەو ڕەنگی گەش و جوانە دوای بەکارهێنان پێویستە سەرەکەی دابخەینەوە، تا وشك نەبێتەوە، چونکە ڕەنگێکی تەڕە.





## گرنگی ئەم کەرەستە ڕەنگییە چییە؟

١- ئاسان دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی جانتا ، یان گیرفان.

٢- بەکارهێنانی ئاسانەو پێویستی بەخۆئامادەکردن نییە.

٣- ڕەنگەکانی گەش و جوان و تەڕە، منداڵ زۆر حەزی پێدەکەن، چونکە ڕەنگەکانی سەرنج ڕاکێشە.

٤- مەترسی بۆسەر منداڵەکان نییە.

٥- لە نرخدا هەرزانەو زوو بەدەست دەکەوێت.

## تێبینی:

١- پێویستە، مامۆستا ، یان چاودێر منداڵەکان ئاگاداربکاتەوە دوای تەواو بوونی کارەکانیان، سەری ماجیکەکان بە کراوەیی جێ نەهێڵن، چونکە وشك دەبێتەوە.

٢- پێویستە منداڵەکان ماجیکەکە لە دەمیان وەرنەدەن، چونکە ڕەنگ دەداتەوە.

٣- پێویستە بەنەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، چونکە بە فشاری زۆر کاغەزەکە دەدڕێنێ و نووکی ماجیکەکەش دەشکێنێ، یان پانی دەکاتەوە.

# ڕەنگی ئەکریلیك Acrylic colour

ئەم ڕەنگە زۆر جوانەو بەئاو شلدەکرێتەوە. لە کاتی کارکردندا، پێویستە منداڵەکان بەروانکە لەبەربکەن، تا جلەکانیان پیس نەبێت. منداڵەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ بە پەنجەو لەپی دەست، ڕەنگکاریەکە بکەن، یان وێنە کێشانەکە لەڕێگەی فڵچە، یان هەر کەرەستەیەکی ترەوە ئەنجام بدەن.




## گرنگی (ئەکریلیك) بۆ منداڵی ژێرتەمەنی خوێندن چییە؟

١- بە ئاو شلدەکرێتەوەو هەندێکجار پێویست بە گیرانەوەش ناکات و ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنرێت.

٢- ڕەنگێکی گەش و جوانەو منداڵ حەزی پێدەکات.

٣- مەترسی بۆسەر گیانی منداڵەکان دروست ناکات.

٤- زوو وشك دەبێتەوەو کاتی زۆر ناوێت.

## تێبینی بۆ مامۆستاو چاودێر:

١- پێویستە منداڵەکان لەکاتی بەکارهێنانی ئەکریلیکدا، بەروانکە لەبەرکەن ، تا جلەکانیان پیس نەبێت.(وێنەی ٤- ١).

٢- ئەگەر منداڵەکان بەدەست و پەنجە کار بە ڕەنگەکە بکەن ئەوا پێویستە لەسەر بەرگی ئەکریلیکەکە نوسرابێت:(Fenger ponting).(وێنەی ٤- ٢).

٣- پێویستە لەسەر کەرەستەکان دەستەواژەی (Nontoxic) نوسرابێن، واتە ژەهراوی نییە.

٤- مامۆستا، یان بەڕێوەبەر دەتوانێت بە گاڵۆن ڕەنگی ئەکریلیک بکرێت، چونکە لە نرخدا هەرزانە.(وێنەی ٤- ٣).

٥-



(وێنەی ٤- ١)




(وێنەی ٤- ٢)




(وێنەی ٤- ٣)

**بۆ کارکردن بە ڕەنگی ئەکریلیك، پێویستمان بە هەندێ کەرەستەی فێرکاری تر دەبێت، چونکە:**

**١- توانای داهێنان و خەیاڵکردنی منداڵەکان فراوانتر دەکات.**

**٢- ئاستی توانای کارکردنیان بەرزدەکاتەوە.**

**٣- ئاستی ڕاهێزانیان فراوان دەکات.**

**٤- منداڵەکان بیر لە داهێنان و کەرەستەی تر دەکەنەوە بۆ کارپێکردن.**

**لە هەردوو وێنەی ڕوونکاری (وێنەی ٤- ٤) و (وێنەی ٤- ٥) دا چەندین کەرەستەی تر دەبینین، کە مامۆستاو چاودێر دەتوانن بیخەنە بەردەستی منداڵەکان، تا ئەزموونی بکەن و تاقیبکەنەوە. لەسەر مامۆستایە منداڵەکان ئاڕاستە بکات و ڕێنوێنی پێویستیان پێبدات لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانیان.**



(وێنەی ٤- ٤)



(وێنەی ٤- ٥)

## چالاکی ١:

داوا لە منداڵەکان بکە چەند کارێکی چاپگەری (چاپ/ ڕەنگکردن) ئەنجام بدەن.

### کەرەستەی پێویست:

١- کارتۆنی تەبەقەی هێلکە،(خۆت بۆیان ئامادەبکەو پارچە پارچەی بکە تا ئامادەبێت بۆ کارکردن).(دواتر منداڵەکان دەتوانن خۆیان شێوەی جیاواز هەڵبژێرن، یا دروستی بکەن) (وێنەی ٤- ٧).

٢- لەسەر قاپێك چەند ڕەنگێك ڕۆبکەو بۆ هەر گروپێك بەشی خۆیان پێبدە.

٣- کاغەزی A3، یان کاغەزی (٧٠ × ١٠٠سم)، یان کاغەزی ڕۆڵی درێژ ئامادە بکەو تا قەبارەی کاغەزەکە گەورەتربێت منداڵەکان ئاسوودەتر دەبن لە کارکردن بە پێچەوانەی بەکارهێنانی بۆیەی (پاستیل و قەڵەم ڕەنگی دار).

### سوودەکانی ئەم چالاکییە:

١- منداڵەکان ترسیان لە کارکردن دەشکێت.

٢- فێردەبن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە کەرەستانەدا بکەن.

٣- بە ڕەنگە شلەکان ئاشنا دەبن و بەتێکەڵکردن ڕەنگی نوێ دروست دەکەن.

٤- شڵەژان و بێئارامیان نامێنێت.

٥- ئەزموونێکی نوێ دەچێتە سەر خەرمانەی کارکردنیان.

### ئاڕاستەکردن:

داوا لەمنداڵەکان بکە (هەر گروپەو کار لەسەر کاغەزەکەی خۆیان بکەن)، کارتۆنەکە لە بۆیەکە بدەن و بیدەن لە کاغەزە سپییەکە (وێنەی ٤- ٨). با منداڵەکان هەوڵبدەن پارێزگاری لە پاکی ڕەنگەکان بکەن.



(وێنەی ٤- ٨)



(وێنەی ٤- ٧)

## چالاکی ٢:

**چاپگەری بە دەست، منداڵەکان ئامادە بکە بۆ چاپگەری بەدەست (مۆنۆتایپ).(وێنەی ٤– ٩)**

### کەرەستەی پێویست:

١– بوونی هۆڵی چالاکی (هۆڵی فرەمەبەست)، تا منداڵەکان بە ئازادی کاری تێدابکەن.

٢– کاغەزی لە شێوەو قەبارەی (ڕۆڵ ، یان ١٠٠ × ٧٠سم) لە دیوارەکە بدە.

٣– منداڵەکان بەروانکەی کارکردن بپۆشن، تا لەپیس بوون بیان پارێزێت.

٤– ڕەنگی (ئەکریلیك) لەسەر قاپێکی پەل ڕۆبکەو هەر ڕەنگێك بەجیا.

### ئاڕاستەکردن:

**داوا لە منداڵەکان بکە:**

١– لە هەنگاوی یەکەمدا کۆپی دەستی خۆیان بکەنەوە. واتە دەست لە ڕەنگەکە بدەن و دواتر بیدەن لە کاغەزەکە.(یەکەم جار یەك ڕەنگ بەکاربێنن دواتر دەتوانن چەند ڕەنگێك بەکاربهێنن)(وێنەی ٤– ١٠).

٢– لە هەنگاوی دووەمدا، داوا لە منداڵەکان بکە بەدەستە ڕەنگاوییەکانیان وێنە بکێشن بێ بەکارهێنانی هیچ کەرەستەیەکی تری نیگارکێشان.

### سوودی ئەم چالاکییە:

١– منداڵەکان ترسیان لە کارکردن دەشکێت.

٢– ئەزموونێکی نوێ لە کارکردن فێردەبن و هاوڕێیەتی نێوان منداڵەکان پتەو دەبێت.

٣– توانای داهێنان و خەیاڵکردنیان فراوان دەبێت و بیر لە بیرۆکەی تر دەکەنەوە.

٤– ڕەنگی نوێ دەدۆزنەوەو هەوڵدەدەن ڕەنگە کۆنەکان دووبارە نەکەنەوە.

٥– کاتێکی خۆش و بەجۆش بەسەر دەبەن و ئاسوودەیی و ئارامیان پێدەبەخشێت.



(وێنەی ٤– ١٠)



(وێنەی ٤– ٩)

## چالاكی ٣:

### نیگارکێشان بە ئەكریلیك

لە چالاكییەكانی ڕابردوودا، منداڵەکە ئەزموونی زۆرتری بەدەستهێناوە، بۆیە لەم چالاكییەدا دەزانێت چی دەکات و چۆن دەکات، لەسەر مامۆستایە تەنها منداڵەکە ئاڕاستە بکات.

### کەرەستەی پێویست:

١- بەکارهێنانی هۆڵی چالاکی، ئەگەر نەبوو دەتوانیت منداڵەکان لە ڕاڕەوەکاندا، یان گۆڕەپانی زارۆخانەدا ڕێکبخرێن.(وێنەی ٤- ١١).

٢- پالێت، تا ڕەنگی ئەکریلیکەکەی لەسەر ڕۆبکرێت.

٣- فڵچەی تایبەت بە بۆیەی ئەکریلیك (کەمێك پەرەموچەکانی ڕەقە هاوشێوەی فڵچەی بۆیەی ڕۆنی- زەیتی).

٤- کاغەزی قەبارە گەورە(ڕۆڵ ، یان ٥٠×٧٠سم).

٥- کاغەزەکان لە دیوار بدرێت و ئامادەبێت بۆ کارکردن ، یان لەسەر مێز ئەنجامی بدەن، یان لەسەر سێپایە. (وێنەی ٤- ١٣)

٦- منداڵەکان بەروانکەی کارکردن بپۆشن.

### ئاڕاستەکردن:

مامۆستا، یان چاودێر داوا لە منداڵەکان دەکات، تا وێنەیەك بکێشن، کە خۆیان حەزی پێدەکەن، بەڵام ئەگەر پێت باش بوو داوایان لێبکە وێنەی زارۆخانەکەیان بکێشنەوە.(ئەوە تەنها پێشنیارە)، منداڵەکان ئازاد بکە لەوەی دەیکێشن، یان خۆت بابەتێکیان بۆ هەڵبژێرە لە ژینگەی خۆیانەوە نزیك بێت.(وێنەی ٤- ١٣)



(وێنەی ٤- ١١)

### سوودی ئەم چالاکییە:

١- منداڵەکە تێدەگات، کە دەتوانێت و دەزانێت.

٢- توانای کارکردنی باش دەبێت و ماسوولکەو عەقڵی هاوسەنگ دەبێت.

٣- ئاستی بینینی جوان دەبێت و توانای ڕاڤەکردنی بەهێزدەبێت.

٤- ڕەنگی نوێ دەدۆزێتەوە.

٥- بیرۆکەی نوێی بۆدێت و توانای پێشنیارکردنی باش دەبێت.



(وێنەی ٤- ١٣)



(وێنەی ٤- ١٢)

## چالاکی ٤:

### لەبەرگرتنەوە — مۆنۆتایپ

منداڵەکان وردە وردە ئەزموونیان باش دەبێت و لە بەکارهێنانی ڕەنگە شلەکان ڕادێن. لەم چالاکییەدا بە باشی بۆت دەردەکەوێت چەند ئاستی جوانناسی منداڵەکان چۆتە سەرو توانای خەیاڵکردن و تێبینی کردنیان بەرز بۆتەوە و ئاستی بینینیان بەهێز بووە. تۆ تەنها بیرۆکەکەیان بە گوێدا بچرپێنەو کەرەستەیان بۆ دابین بکە، ئنجا دەزانیت، کە منداڵەکان چی دەکەن و چۆن دەیکەن؟

### کەرەستەی بەکارهێنان:

١– ڕەنگی ئەکریلیک.

٢– نایلۆنی ڕوون (سلیڤان).

٣– کاغەزی A3، یان (٥٠×٧٠سم)



(وێنەی ٤– ١٥)

### ئاڕاستەکردن:

مامۆستا، یان چاودێر داوا لەمنداڵەکان دەکات لە هەر ڕەنگێك کەمێك لەسەر کاغەزەکەیان بڕێژن، با هەر ڕەنگێك بەجیاو تێکەڵی نەکەن دواتر نایلۆنە سلیڤانەکە بخەنە سەر ڕەنگەکەو دواتر بە پەنجە ڕەنگەکان بڵاو بکەنەوە بە دڵ و خواست و ویستی خۆیان (وێنەی ج–١٤)، دواتر شێوازو ڕەنگی جیاوازترو جوانتر دەبینن کە لەمەوپێش نەدیتویانەو نە هەستیان پێکردووە. دوای بڵاوەپێکردنی ڕەنگەکان نایلۆنە سلیڤانەکە بەهێواشی هەڵبگرە.(وێنەی ٤– ١٥). تابلۆیەکی هونەری جوان دەبینیت. دوای وشك بوونەوە منداڵەکە دەتوانێت کەرەستەی تر لەسەر بلکێنێت وێنەکە.(وێنەی ٤– ١٦) ، یان دەتوانێت بۆ پانکردنەوەو تێکەڵکردنی ڕەنگەکان کەرەستەی تر بەکاربێنێت. (وێنەی ٤– ١٧).

### سودی ئەم چالاکییە:

١– ڕەنگی نوێ و ناوازە دەبینێت.

٢– ئاستی جوانناسی باڵا دەبێت.

٣– توانای داهێنان و بیرۆکەی نوێی بەخەیاڵدادێت.

٤– تێڕامان و ئاستی کارامەیی بەهێزدەبێت.



(وێنەی ٤– ١٦)



(وێنەی ٤–١٧)



(وێنەی ٤– ١٤)

# وانەی دووەم

**تەوەر: ناسینەوەو هەڵبژاردنی ڕەنگەکان.**

**بابەت: ڕەنگکردن**

**کاتی دیاریکراو: ١٠ وانە** (بەپێی پلانی دیاریکراوی مامۆستا، دەتوانرێ کاتی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت).

---

# ڕەنگکردن

سەرەتا پێویستە مامۆستا، هێدی هێدی ڕەنگە سەرەکییەکان بە منداڵ بناسێنێت لەڕێگەی ژینگە تایبەتییەکەی منداڵ خۆیەوە، دواتر منداڵەکان ئاڕاستە بکات بۆ ڕەنگکردنی وێنەکان لە (٣-١) تا (٣-١٠). دواتر هەل بۆ منداڵەکان بڕەخسێنێت، تا لەسەر بابەتی ناو وێنەکە بدوێ. چەند دەزانێ و چەند دەتوانێ با گفتوگۆ بکات. هەروەها پێویستە مامۆستا تەنها گفتوگۆکان ڕێکبخات و پرسیار بوروژێنێت و زۆر نەچێتە ناو باسەکەوە. تەنها ڕێخۆشکەربێت بۆ پێدانی زانیاری کەم و ورد بە منداڵەکان ، یان پرسیار بوروژێنێ لە خەیاڵی منداڵەکاندا. تەنانەت دەبێت مامۆستا پێشوەخت، خۆی ئامادەکردبێت و پلانی دروست و تەواوی بۆ وانەکە دانابێت.

## ئامانجی وانەکە:

١- ناسین ولێدوان لەبارەی ڕەنگ و دووبارە ناسینەوەیان.

٢- پێکگرتن و هاوشێوەکردنی ڕەنگەکان لە ژینگەی دەوروبەری منداڵەکە.

٣- ئاشنا بوون و شارەزابوون لەسەر جۆری ڕەنگ و کەرەستە جیاوازەکان.

٤- پەیداکردنی کارامەیی و ئەزموونی زۆرتر.

٥- شارەزابوون لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەنگەکان.

٦- هەڵبژاردن و بەکارهێنانی جۆری ڕەنگەکان لە شوێن و جێگەی خۆیدا.

٧- ڕەواندنەوەی بێئارامی و ترسی منداڵەکان لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی ڕەنگەکان.( لەوانەکانی ڕابردوو کار لەسەر ئەم خاڵە کراوە بزانە ئەنجامی هەبووە، بەراوردێك بکە لەسەر ڕەفتاری ڕابردوو ئێستای منداڵەکان).

## ئەرکی مامۆستاو چاودێر:

١- سەرەتا کەرەستەو ڕەنگە جیاوازەکان بە منداڵەکان بناسێنە.

٢- شێوازی بەکارهێنانیان پێ بڵێ و ڕوونکردنەوەی پێویستیان پێبدە.

٣- منداڵەکان ئاڕاستە بکە و ڕێگەی ئاسان و کورتیان پیشان بدە.

٤- ڕەنگەکان بەراوردبکە لەگەڵ ئەو شوێنەی هەڵبژاردووە ڕەنگی بکات. بۆنموونە:

بۆ ئاسمان ← ڕەنگی (شین) پێشنیار بکە.

بۆ گژووگیا ← ڕەنگی (سەوز) پێشنیار بکە.

پێویستە مامۆستاو چاودێر لەسەر ڕەنگە بڵاوەکان زۆرتر بوەستن و نەچنە وردەکاییەوە، ئەگەر ویستت منداڵێك ڕەنگێك بەکاربێنێت، هەوڵبدە لەڕێگەی پێشنیارکردنەوە بێت نەك سەپاندن. هەروەها هەوڵبدە زۆر خۆ لە کاری منداڵەکان وەرنەدەیت، تا خەیاڵکردن و بیرکردنەوەیان نەشێوێت، چونکە هەندێکجار منداڵ حەز دەکات ڕەنگی گوڵەکە پەمەیی بێت، نەك سوور، ئەمەش پەیوەستە بە ویست و حەزی منداڵەکە. بیرت نەچێت منداڵ لە سەرەتای کۆکردنەوەی زانیاریدایەو حەز دەکات هەموو جۆرو شێوەیەك تاقیبکاتەوەو تۆش، وەك مامۆستا لێگەڕێ، با منداڵەکە ئەزموون بکات(ئەزموون فێریان دەکات). ئەوەی لەسەر مامۆستاو چاودێرە تەنها هەل ڕەخساندنە بۆ منداڵەکان و هەندێك جار ئاڕاستەکردنیان گرنگە لەکاتی پێویستدا.

٥- پێویستە مامۆستاو چاودێر فشاری دەروونی لەسەر منداڵەکان دروست نەکەن، بەهۆی هەڵە بەکارهێنان، یان نەشیاوی بەکارهێنانەکە، چونکە هەندێکجار منداڵ حەز دەکات دنیابینی خۆی بەسەر ڕەنگکردنەکەوە دیاربێت، واتە(منداڵ چی دەزانێت ئەوە دەکێشێت، نەك چی دەبینێت) ئەمەش پەیوەستە بەو فەلسەفەیەی، کە منداڵ خۆی هەیەتی لەو تەمەنەدا.(لەپێشەکیدا ڕوونمان کردەوە).

## چالاكی: ١

منداڵەكان بەرە دەرەوەی پۆل و لە باخچەی زارۆخانەكە دایان بنێ و ئەم پرسیارانەیان لێبكە:

١- چی دەبینن؟

٢- ڕەنگی ئەو كەرەستانەی لە دەوورو پشتتانە چ ڕەنگێكە؟

٣- داوایان لێبكە نیگاری ئەم شتانەی دەیبینن بیكێشنەوە، جا هەرچییەك بێت كێشە نییە(وێنەی ٥- ١)، لەوانەیە سەرەتا بۆ منداڵەكان كەمێك ئەستەم بێت، بەڵام فشاری زۆریان لێمەكەو هەوڵبدە هانیان بدەیت و هاوكاریان پێشكەش بكە. دواتر منداڵەكان بە دنیابینی و خەیاڵكردنی خۆیان وێنەكە دەكێشن. لەوانەیە وێنە كێشراوەكە لە وێنە ڕاستەقینەكە نەچێت(واتە شتە بینراوەكان) بەڵام منداڵەكان خەیاڵی خۆیان تێكەڵ بە وێنەكانیان دەكەن. ئەم چالاكییە چەندین جار دووبارە بكەوە، بەڵام گۆشەو شوێنەكان بگۆڕە (وێنەی ٥- ٢).

### كەرەستەی بەكارهاتوو:

١- كاغەزی A4 ، یان كارتۆنی A4. (ئەگەر تێنوسێكی نیو A4 ، یان هەبێت باشترە).(وێنەی ٥- ١)

٢- (قەڵەم ڕەنگی دار، پاستیلی چەور، ماجیك) لەبەر ئەوەی منداڵەكان ئەزموونی ئەكریلیكیان كردووە، لەوانەیە حەز بكەن بە ڕەنگی ئەكریلیك كاربكەن و تۆش هانیان بدە.(وێنەی ٥- ٣)

٣- بۆردێك، یان مێزی كاركردن ، یان سێپایە.(وێنەی ٥- ٣).

لە كۆتاییدا، وێنەكان بۆ منداڵەكان نمایش بكە لە پێشانگەی پۆلدا، تا هەموو منداڵەكان كاری یەكتر ببینن و گفتوگۆی لەسەر بكەن.



(وێنەی ٥- ٢)



(وێنەی ٥- ١)

## سودی ئەم چالاکییە:

١- منداڵەکان لەدەرەوەی هۆڵی چالاکی نیگار دەکێشن و ژینگەیەکی نوێی کارکردن تاقیدەکەنەوە.

٢- شێوازی کارکردنیان دەگۆڕێت لە بیرکردنەوەوە بۆ بینین. واتە ئەم جارە هەوڵدەدەن شتەکە ببینن، ئنجا بیر دەکەنەوە.

٣- هاوسەنگی دروست دەکات لەنێوان بینین و خەیاڵکردندا.(وێنەی ٥- ٤)

٤- ئاستی کارامەیی و تێبینیکردنی زۆر باش دەبێت و هەوڵدەدات لە شتە ڕاستەقینەکان نزیك بێتەوەو لێیان تێبگات.(وێنەی ٥- ٥).

٥- بە باشی ڕەنگەکان دەناسێتەوەو هەوڵدەدات لەجێگەو شوێنی خۆیان ڕەنگەکان بەکاربێنێت. (وێنەی ٥- ٣).



(وێنەی ٥- ٣)



(وێنەی ٥- ٤)



(وێنەی ٥- ٥)

## چالاکی ٢:

**کاری سەربەست (نیگارکێشان لەسەر نیگار)**

**ئەم چالاکییە، وەك هەڵسەنگاندنێك وایە بۆ هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی کاری هونەری و ڕەفتاری منداڵەکان لە ڕابردوو و ئێستادا.**

## جۆری چالاکی:

**مامۆستا کارە کۆنەکان دەخاتەوە گەڕ (وێنەی ٥- ٦)، کە منداڵەکان کاری (مۆنۆتایپ ، یان ئازاد ، یان بە ئەکریلیك لەسەر کاغەز کێشاوە) دواتر هانی منداڵەکان دەدات بە قەڵەم ڕەنگی دار، یان ماجیك، یان پاستیل کاری تری لەسەر بکەن.(وێنەی ٥- ٧) پێشنیار بکە بۆ منداڵەکان دڵیان چ وێنەیەك دەخوازێ ئەو کارە بکێشن دواتر منداڵەکان ئاڕاستە بکەو هانیان بدە دڵیان چی دەخوازێت بە پاکترین ڕەنگ و جوانترین شێوە بکێشن. دوای تەواو بوونی کارەکان، سەیرێکی تابلۆکان بکەو ئەم پرسیارانە لەخۆت بکە:**

١- منداڵەکان، ڕەنگەکانیان چۆن داناوە؟

٢- هاوسەنگی و هاڕمۆنی لەناو پێکهاتەی ڕەنگەکاندا دەبینیت؟

٣- منداڵەکان چەند جیاواز دەردەکەون لە چالاکییەکانی ڕابردوو؟

٤- ئاستی جوانناسییان چەند هەڵکشاوە؟

٥- ئاستی حکایەتخوانی و گفتوگۆی منداڵەکان چەند چۆتە پێش؟

٦- زانیارییەکانیان چەند زیادی کردووە؟

٧- ئاستی پێشکەوتن و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کەرەستەکان چەند باش بووە؟

٨- ئایا پێویستیان بە تۆ ماوە، یان هەر پشت بەتۆ دەبەستن؟

٩- توانای بڕیاردانیان بەهێزبووە؟

١٠- ئایا توانای خۆڕێکخستنیان گەشەی کردووە؟

١١- ئایا ئاستی کارامەیی و ژیری و تێبینی کردنیان پێشکەوتووە؟

**هەموو ئەو پرسیارانەو چەندین پرسیاری تر لەخۆت بکەو هەڵسەنگانیان بۆ بکە، دواتر بزانە ئامانجی وانەکەت پێکاوە، یان هێشتا نەگەیشتویتە ئەو مەرامەی بۆی تێدەکۆشیت لە وانەکەتدا.**



(وێنەی ٥– ٦)



(وێنەی ٥– ٧)

(٣ – ١)





دوای ڕەنگکردن، لە گفتوگۆکاندا، جیاوازی ئەم دوو وێنەیە بکەن.

(٣ – ٢)



ئەم وێنەیە چییە؟

چەند باڵندەن؟

چۆن دەخوێنن؟

چ ڕەنگێکت بۆ هەڵبژاردوون؟ ناوی ڕەنگەکانم پێبڵێ.

(٣ – ٣)



**ئەمە بێچووی چ ئاژەڵێکە؟ لەکوێ دەژیت؟  حەزی لە چییە؟  چ ڕەنگێکت بۆ هەڵبژاردووە؟**

(٣ – ٤)



ئەم وێنەیە ڕەنگ بکە، شوان چی دەکات؟ ئەم نیشانەیەی سەر سەبەتەکە مانای چییە؟ سوودی چییە بۆ ژینگە؟

(٣ – ٥)



شوان و بەفرین چی دەکەن؟ باسی ڕەنگی بەکارهاتوو لەلایەن منداڵەکان خۆیانەوە بکە.

(٣ - ٦)



ئەم وێنەیە ڕەنگ بکە، پێت باشە ڕەنگی جلەکانیان چۆن بێت؟ خۆت ڕەنگەکان هەڵبژێرە.

ڕەنگین و ئازاد، دوو منداڵی پاك و خاوێنن. داوا لە منداڵەکان بکە لەسەر پاکوخاوێنی گفتوگۆ بکەن.

(٣ - ٧)



**ڕزگارو شەوبۆ، گرنگی بە پاك و خاوێنی دەدەن. باسی گرنگی پاکوخاوێنی بۆ منداڵەکان بکە ئەم وێنەیە ڕەنگ بکە.**

(٣ – ٨)



وەك مامۆستا هەوڵبدە منداڵەكان زۆرترین ڕەنگ لەم وێنیەدا بەكاربهێنن، ئنجا بزانە دەتوانن ڕەنگەكان بە پاكی و بە باشی دابنێن. هەل بە منداڵەكان بدە، تا لەسەر وێنەكە بدوێن.

**(٣ – ٩)**



**پێویستە منداڵەکان پێش ڕەنگ کردن لەسەر ئاژەڵەکە بدوێن. پێیان خۆشە ئەم سەگە چ ڕەنگێک بێت؟ لێگەڕێ با منداڵەکان خۆیان ڕەنگەکان هەڵبژێرن و دواتر هەڵسەنگاندنیان بۆ بکە.**

(٣ – ١٠)



ئەم ئاژەڵە ناوی چییە؟ لە کوێ دەژیت؟ کێ دەتوانێت وەك ئەو بمیاوێنێ؟ پێت خۆشە ئەم پشیلەیە چ ڕەنگێك بێت؟ بۆ چی؟ ئەگەر منداڵەکان نواندنیش بکەن خراپ نییە.

# تەوەری چوارەم



## Handcraft  کاردەستی

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: کارکردن بە کەرەستە جیاوازەکان**

**کاتی دیاریکراو: بەشە وانەکان دابەشکراون بەسەر وانە تایبەتمەندەکان.**

---

# کاردەستی Handcraft

**لەم چالاکییەدا، منداڵ هەست بەخۆی دەکات و هەستێکی نویٚ لە ژیانی دروست دەبێت. بە تایبەت چالاکیەکانی گەشەیان کردووەو ڕاهێزانی زۆری پێکراوە، تا هەوڵەکانی باشترو باشترین بێت. منداڵ لەم قۆناغەدا کارامەییەکانی پێشکەوتووەو ڕاهێزانی زۆری پێکراوەو توانا لەشەکی و عەقڵییەکەی گۆڕاوە لە (نازانم بۆ دەزانم) و (ناتوانم بۆ دەتوانم) هەنگاو دەنێ ئەمەش هەنگاوێکی زۆر باشە لەم قۆناغەدا. لەم تەوەرەدا مامۆستا چالاکی کاردەستی بە منداڵەکان دەکات، تا جووڵە ماسوولکەییەکانیان هاوسەنگ بێت لەگەڵ خەیاڵکردن و گەشەی هزرو بیریان. منداڵ لەم چالاکییانەدا زۆرتر هەست بەدەوروبەری دەکات و بەرچاوی ڕوونترە، بۆیە لەسەر مامۆستا پێویستە بەکەمێك خۆماندووکردنەوە لەگەڵ منداڵەکە بمێنێتەوە. ئەگەر بە سەرپەرشتی مامۆستاو چاودێرەکان منداڵەکان بە گروپ کار بکەن باشترە. مامۆستا نابێت منداڵەکان فەرامۆش بکات. پێویستە هەمیشە چاوێکی لەسەریان بێت بۆ ئەوەی منداڵەکان ئازاری یەکتر نەدەن، تا ماوەیەك ڕێنوێنی و ڕێنیشاندەری منداڵەکان بێت، تا دەگاتە ئاستی خۆڕێکخستن. لەم قۆناغەدا منداڵەکە هەوڵدەدات خۆی ڕێکبخات و کۆنتڕۆڵی خۆی لەدەست نەدات. ئەمەش ئەنجامی بەدەست هاتووی ئەم کارەیە.**

## کەرەستەی بەکارهاتوو:

پێویستە مامۆستا لەم تەوەرەدا هەموو ئەو کەرەستە جیاوازانە تاقیبکاتەوە لەگەڵ منداڵەکان، تا وانەیەکی جیاوازتر لە وانەکانی پێشووتر دەرکەوێت و منداڵەکان هەست بە نائومێدی و دڵتەنگی نەکەن. هەوڵدان بۆ تاقیکردنەوەی کەرەستە جیاوازەکان منداڵ دڵخۆش دەکات و دڵشادیان دەکات و ئەزموونی نویٚ بەدەست دێنن.

## مەبەستی سەرەکی لەم تەوەرە:

١- کارزانی و کارامەیی تازە فێردەبن و کەرەستە باوەکان تێدەپەڕێنن و کەرەستەی نویٚ تاقیدەکەنەوە.

٢- وانە باوەکان ڕەت دەکەن و شێوازێکی نوێی کارکردن ئەزموون دەکەن.

٣- دڵخۆشکردنی منداڵ و بەسەربردنی کاتێکی خۆش.

٤- هاوسەنگی زۆرتر دروست دەبێت لەنێوان هەر پێنج هەستەوەرەکاندا.

٥- گەشەی لەشەکی پێش دەکەوێت و باشتر کۆنترۆڵی ماسولکە گەورەو بچووکەکانی دەکات.

٦- توانای هاوڕێگرتنی باش دەبێت و دەتوانێت بیٚ کێشە کارەکانی لەناو گروپەکەیدا کار بکات.

٧- هەستی بەرپرسیارییەتی گەشە دەکات و پارێزگاری لە کەرەستەکان دەکات.

٨- ئاستی جوانناسی زۆرباش گەشە دەکات و هەوڵی پێشچوونی زۆرتر دەدات.

٩- فێردەبێت بە هەموو کارێك ڕازی نەبێت و داوای کاری جوانتر و نەخشینتر دەکات.

١٠- منداڵ هەوڵدەدات هەموو کەرەستەیەك تاقیبکاتەوەو ئەم هەنگاوەش دەرفەتێکی باشە.

١١- هەل بۆ منداڵ دەڕەخسێنیٚ بیرو خەیاڵکردن و تێڕامانی فراوانتر بکات.

١٢- توانای داهێنان بۆ منداڵەکان دەڕەخسێنیٚ.

١٣- فێری ئیتیکی کارکردن دەبێت و ڕێز لە کات دەگرێت.

**ئەرکی مامۆستاو چاودێر لەم تەوەرەدا:**

١- بەشداری پێکردنی سەرجەم منداڵەکان.

٢- گروپەکان چالاکتر بکات و ئەرکی نوێیان پێبدات (سەرۆکی گروپ ساز بکات).

٣- ئاستی چاودێریکردن و ئاراستەکرنی منداڵەکان بەرزتر بکاتەوە، چونکە منداڵەکان پێویستییان بە هاوکاریکردن و چاودێریکردنی زۆرترە.

٤- لەسەر هەر کەرەستەیەك زانیاری تەواو بە منداڵەکان بدات، تا بتوانن لە شوێن و جێگەی خۆیدا بەکاری بهێنن.

٥- منداڵەکان پێویستی زۆریان بەکات هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان و لەسەر مامۆستا و چاودێرەکانە کاتی زۆرتر بۆ منداڵەکان تەرخان بکەن.

٦- نابێت پەلە لە منداڵەکان بکرێت و هەراسان بکرێن.

٧- پێویستە ڕێز لە خواست و ویستی منداڵەکان بگیرێت، لەوەی دەیکات و دەیڵێت.

## ئامانجی تایبەت بە گەشەپێدانی هەستی جواننناسی لای منداڵانی ژێر تەمەنی خوێندن. لەم تەورەدا ئەم ئامانجانە بە دەستدێن:

**یەکەم: ئامانجە زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ئەم تەوەرە:**

منداڵ ئامانجە زانیارییەکانی ڕاست دەکاتەوە، کە لەمەوپێش نەیتوانییوە بەدەستیان بێنێت یان نەیتوانییوە ئەنجامیان بدات، هەروەها ئەم دەستەواژانە بۆ جارێکی تر نوێدەکاتەوەو خۆی پێ دەوڵەمەند دەکات:

((دەیناسێت، دەیبیستێت، جیاوازی دەکات، شیدەکاتەوە، ڕوونی دەکاتەوە، گفتوگۆی دەکات، شیتەڵی دەکات، دەیسەپێنێت، هەستی پێدەکات)).

**ئەم دەستەواژانە دەبنە هەوێنی کارکردن لەم تەوەرەدا وەك:**

- منداڵ ڕەنگەکان دەناسێت.
- منداڵ چی لە سروشتدا دەبینێت ئەوا ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بە ڕەنگەکانەوە.
- منداڵ جیاوازی دەکات لە نێوان ڕەنگەکان.
- منداڵ ناشیرین لە جوان و ڕێك لە ناڕێك جیادەکاتەوە.

• منداڵ ڕەنگە تاریك و ڕەنگە کراوەکانی لا ڕووتر دەبێت.
• منداڵ لەگەڵ مامۆستاکەی گفتوگۆ دەکات لەسەر ئەو پێکهاتانەی لە ناو وێنەکەیدا هەیە.

## دووەم: ئامانجە ویژدانییە بەدەست هاتووەکانی ئەم تەوەرە:

منداڵ ئامانجە ویژدانییەکانی گەشە پێدەدات لەم تەوەرەداو هەوڵدەدات پێشیان بخات و جارێکی تر لەگەڵ هاوڕێکانیدا ڕێکیان بخاتەوەو ئەم دەستەواژانەش دەگرێتەوە:

((دەتوانێت، حەزی لێدەبێت، پێشنیار دەکات، هاوکاری پێشکەش دەکات، ئارەزووی لێدەبێت، بەشداری دەکات)).

**لەڕێگەی ئامانجی بە دەستهاتوو لە منداڵەکاندا ئەنجامێکی باشمان دەست دەکەوێت بۆ نموونە:**

• منداڵ دەتوانێت شوێنی ژیانی خۆی ڕێکبخات و گرنگی پێبدات.
• حەز دەکات بەشداری لە ڕازاندنەوەی ژووری تایبەتی خۆی، یان لە پۆلەکەیدا بکات.
• پێشنیار دەکات بۆ ڕێکخستن و پاککردنەوەی پۆلەکەی، یان ژورەکەی.
• هاوکاری پێشکەش دەکات لە کێشانی تابلۆی هونەریدا (کاری هونەری).
• ئارەزوو دەکات سەردانی مۆزەخانەو پێشانگە هونەرییەکان بکات.
• بەشداری دەکات لە پێشانگە هونەریەکانی باخچەی منداڵانەکەیدا (چالاکییە جۆراوجۆرەکان).
• حەز دەکات بەشداری بکات لەو گەشتانەی ڕێکدەخرێن بۆ ناوچە سروشتییەکان.

## ئامانجە بە دەست هاتووەکانی هەستەجووڵەی ئەم تەوەرە:

منداڵ لەم تەوەرەدا ئامانجە هەستەجووڵەکانی گەشە پێدەدات و دەبێتە هەوێنی کارەکانی. ئەم دەستەواژانەش دەگرێتەوە:

((هەڵیدەوەشێنێ و دەیبەستێتەوە، دروستی دەکات و ڕێکی دەخات، دروستی دەکات، چاپی دەکات، ڕەنگی دەکات، هێڵکاری دەکات، نەخشەسازی دەکات، وێنەی دەکێشێت)).

منداڵەكان دەیانەوێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئەم چالاكییانە ئەنجام بدەن. واتە لەڕێگەی ڕاڤەكردن و شیكردنەوەی ئەم دەستەواژانەی لای سەرەوە وەك:

- هەڵوەشاندن و لێكدانەوەی وێنەی پەزڵ (وێنەی دیمەنە سروشتیەكان – وێنەی جووڵە ناشیرین و جوانەكان...).
- شێوەكان دروست بكات و ڕێكیان بخاتەوە (خانوو – گوڵ – ئاژەڵ – باڵندە...).
- شێوە بە كەرەستە جیاوازەكان دروست بكات (هەویر – قوماش – پێستە...) بەم كەرەستانە ئەم شێوانە دروست بكات، كە لە ژینگەی دەوروبەریدا هەیە.
- چاپكردن بكات بە (فڵچە – گەڵای دار – ئیستەمپا، پەپوولەی جوانی – دروستكردنی كەرەستەكانی ڕازاندنەوەی جەژنی لەدایك بوون – بۆنە جیاوازەكان). ڕەنگ كردنی هەندێ لە دیمەنە جوانەكان (دار – گوڵ – پەپوولە – ئاژەڵ – باڵندە).
- هێڵكاری (گەڵای دار – پەڕە موچ – گوڵ – پەپوولە).



منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن هەموو كەرەستەیەك تاقیدەكاتەوە بە مەبەستی ئەزموونكردن و كۆكردنەوەی ئەو زانیارییانەی، كە نییەتی.

## هەڵسەنگاندن:

پێویستە مامۆستا لە کۆتایی هەر وانەیەکدا (کۆتایی هەفتە) هەڵسەنگاندن بۆ هەر یەکێك لە منداڵەکان بکات لەسەر ئەم خشتەیە، تا بزانێت ئاستی گەشەو کارامەیی منداڵەکان لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا وانەکە توانیوییەتی جێگە بگرێ لە ناخی منداڵەکەدا؟

| ڕیزبەندی پێشبینی کراو بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەیەی لە ڕێگەی کەرەستەو شێوەکانەوە | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی منداڵ: | ژووری: | | |
| ناوی مامۆستا: | وانەی: | ڕۆژ: / / | |
| پێکهاتە داواکراوەکان | هەڵسەنگاندن | | |
| | نایاب | زۆرباشە | باشە |
| ئامادەکردنی کەرەستەو پێداویستییەکان. | | | |
| کێشانی شێوەی داواکراو. | | | |
| بەکارهێنانی مقەست بەشێوەیەکی ڕاست و دروست. | | | |
| هەڵبژاردنی ڕەنگە شیاوەکان. | | | |
| بەکارهێنانی شێوەی هەمەجۆر. | | | |
| بەکارهێنانی تەنها یەك شێوە. | | | |
| لەکاتی کارکردندا پشت بەخۆی دەبەستێت. | | | |
| لەکاتی کارکردندا ڕەچاوی پاکوخاوێنی دەوروبەرو کارەکەی دەکات. | | | |
| ڕەچاوی یاساکانی خۆپارێزی کارکردن دەکات. | | | |
| بەرتەکی منداڵەکە چۆنە بۆ داخوازییەکانی مامۆستا؟ | | | |
| حەزو ئارەزووەکانی لە کارەکەدا ڕەنگ دەداتەوە. | | | |
| کارەکەی بە تەواوی بەجێگەیاندووە؟ | | | |

# وانەی یەکەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: هەویرکاری**

**کاتی دیاریکراو: ٧ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت چالاکییەکان بەپێی کات درێژکەیتەوە)**



چەند بەرهەمێکی هەویرکاری منداڵان

## هەویرکاری

منداڵ حەز بە هەویرکاری دەکات، چونکە نەرمەو دەتوانێ چی بوێ لێی دروست بکات. منداڵەکە ئازاد بکە لەوەی دەیزانێ دروستی بکات. ئەوەی نەیزانی، یان نەی توانی هاوکاری بکەو کارئاسانی بۆ بکە. هەروەها ڕێنیشاندەری منداڵەکە بکە، کە دەتوانێت و دەزانێت. سەرەتا منداڵ بەهۆی کەم ئەزموونی لە کارەکە دەکشێتەوە، بەڵام کە هاتە ناو پرۆسەکە ترسی دەشکێت و خۆشکار و کارزان دەبێت. پێویستە کارەکان لەژێر چاودێری مامۆستاو چاودێرەکاندا ئەنجام بدرێت.

**کەرەستەی پێویست:**

١- هەویری ڕەنگاو ڕەنگ.(وێنەی ٦- ١)

٢- پێویستە هەویرەکە بەسەرنەچووبێت، واتە ڕەق نەبووبێت، یان درزی نەبردبێت.

٣- کەرەستەی هاوکاری.(وێنەی ٦- ٢).

٤- ئەگەر چالاکییەکان لەسەر مێز ئەنجام بدرێت گونجاوترە بۆ منداڵەکان.(وێنەی ٦- ٣).

**ئامانج لەم چالاکییە:**

١- تاقیکردنەوەی کەرەستەی جیاواز.

٢- گەشەپێدانی هەستی دەستلێدان و بینین.

٣- گەشەپێدانی: (خەیاڵکردن، تێبینی کردن، سەرنجدان).

٤- تێکەڵکردن و شێلانی هەویر بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.

٥- فێربوون و ناسینی چەندین شێوەی جیاوازی بەرهەم هاتوو.

٦- لەگروپەکەیدا گیانی هاوکاری و هاوڕێیەتی پێش دەکەوێت(بەکۆمەڵایەتی دەبێت).



(وێنەی ٦- ٢)



(وێنەی ٦- ١)

## ئاڕاستەکردن:

مامۆستا منداڵەکان ئاراستە دەکات بۆ کارکردن، سەرەتا باسێك هەڵدەبژێرێت بۆ نموونە: داوا لە منداڵەکان دەکات شێوەی ئاژەڵی ماڵی دروست بکەنەوە. خۆیان بابەتەکە هەڵدەبژێن و دواتر لەسەر مامۆستایە خاڵی دەستپێکیان بۆ دیاری بکات و ئنجا چاودێریان بکات و ڕێنماییان پێبدات. سەرەتا منداڵەکان پێویستیان بەکەمێك سەرپەرشتیکردن هەیەو دواتر خۆیان ڕێڕەوی کارکردنی خۆیان دەدۆزنەوەو تۆش وەك مامۆستا ڕێنیشاندەریان بەو هانیان بدە.(وێنەی ع– ٣)



(وێنەی ٦– ٣)

## گرنگی مامۆستاو چاودێر:

پێشکەشکردنی هەر هاوکارییەك منداڵەکان ئاسوودەو دڵخۆش دەکات و ئارامی و دڵنیاییان پێدەبەخشێت. پێویستە مامۆستا لەم کاتەدا جیاوازی تاکایاتی لەنێوان منداڵەکان لەبەرچاو بگرێت و بە یەك ئاست سەیری توانای کاری هەموو منداڵەکان نەکات، چونکە بیرکردنەوەو توانای گەشەی لەشەکی و ژیری هەر منداڵێك جیاوازە، بۆیە پێویستە مامۆستا ئاگاداری ئەم سەرنجە بێت.

## چالاکی:

داوا لە منداڵەکان بکە لە ماڵەوە بە قوڕ چەند شێوەیەکی جوان دروست بکەن و دایبنێن، تا وشك دەبێتەوە، دواتر لەگەڵ خۆیان بیهێنن بۆ باخچەی منداڵان.(وێنەی ٦- ٤) هەوڵبدە خۆیان خاوەن بیرۆکەی کارەکە بن و تۆ تەنها ئەرکیان پێبدە.

## سوودی ئەم چالاکییە چییە بۆ منداڵ؟

١- فێردەبێت خۆی بەدوای کەرەستەو شێوازی پەیداکردنیاندا بگەڕێت و دواتر بەدەستیان بێنێت.

٢- فێردەبێت کێشە خۆییەکانی چارەسەر بکات.

٣- فێردەبێت پشت بەخۆی ببەستێت لە کارەکەداو دواتر ئەگەر بۆی نەکرا هانا بۆ کەسانی دەوروبەر دەبات.

٤- ئاستی کارامەیی و توانا لەشەکی و ژیرییەکانی بەرز دەکاتەوە.

٥- توانای خەیاڵکردن و تێبینی کردنی بەهێزدەبێت. دواتر سەرنجەکانی دەبنە تێڕامان.

٦- ئاستی خۆڕێکخەری بەرزدەبێتەوە لە مام ناوەندەوە بۆ باش.

٧- هەوڵدەدات کەرەستەی جێگرەوە بدۆزێتەوە لەبڕی کەرەستەی سەرەکی، بەوەش ئاستی داهێنانی باش دەبێت.(وێنەی ٦- ٥)



(وێنەی ٦- ٥)



(وێنەی ٦- ٤)

## وانەی دووەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: بەکارهێنانەوە**

**کاتی دیاریکراو: ٧ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت چالاکییەکان بە پێی کات درێژکەیتەوە)**

# بەکارهێنانەوە Recycling

لەم بەشەی کارکردندا پێویستە منداڵ هەموو کەرەستەیەکی نەرم و بەکارهاتوو بەکاربهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری لە ژێر چاودێری مامۆستادا. ئەم شێوازی کارکردنە کێشە ماسوولکەییەکانی منداڵ چارەسەر دەکات و لایەنی هزری و بیری منداڵەکان بەهێز دەکات و توانای خەیاڵکردنیان فراوان دەکات. وەك مامۆستا پێشنیار بخە بەردەم منداڵەکە، دواتر هەلی بۆ بڕەخسێنە با خۆی پێشنیاربکات و داهێنان لە کارەکەیدا بکات.

## کەرەستە پێویستییە سەرتاییەکان

١- مقەست (باشترە قەبارەی بچووك و دەسکی نایلۆن بێت و نووك تیژ نەبێت).

٢- کەتیرەی وشك (ستیك).

٣- دەزوو، داو، خوری.

٤- کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگە.

٥- قوماشی ڕەنگاوڕەنگی لەزگە.

٦- قاپ و کوپی سەفەری (کاغەزی بێت).

٧- هەر کەرەستەیەك، کە منداڵەکە پێی پەیدادەکرێت بەومەرجەی لەبازار نەیکرێت، واتە پارەی پێنەدات، وەك: (کارتۆنی فرێداروی پێلاو، قوتوی شامپۆ، کە لەماڵەوە بەتاڵ بووەو بیشوات و بیهێنێت بۆ باخچەی منداڵان، پاکەتی شەربەت، یان هەر پارچەیەك کە بەخەیاڵتدا دێت.) هەوڵبدە خەیاڵی منداڵەکان بجووڵێنیت، تا بیری خۆیان بخەنە گەڕ. خۆیان پێشنیارت بۆ بکەن لەبارەی ئەو کەرەستەیەی حەزی پێدەکەن کاری تێدابکەن. (هەوڵبدە پێشنیارەکانیان ڕەت نەکەیتەوە، دوای ڕاڤەکردن). بڕوانە هەندێك لەو کەرەستە نمایش کراوانەی (وێنەی ٧- ١).

٨- ڕەنگ (ئەکریلیك، ماجیك، بۆیەی ئاوی...).

## کەرەستەی جیاواز (وێنەی ٧– ١)



## سوودەکانی کاردەستی بەکارهێنانەوە بۆ منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن:

١. هاوسەنگی دروست دەکات لە نێوان لەش و عەقڵدا.

٢. هێزی کارکردنی باش دەبێت و توانا ماسولکەییەکانی توندو تۆڵ دەبێت.

٣. ئاستی تێبینی کردن و داهێنانکردنی زۆر دەچێتە پێش و بیرۆکەی نوێ دادەڕێژێت.

٤. خۆی یەك لادەکاتەوە، کە دەتوانێت و دەزانێت.

٥. گیانی ململانێی زۆردەبێت و هێزی غیرەکردنی باڵادەبێت (دەیەوێت لە زۆر باشەکان بێت).

٦. ئاستی پێشنیارکردنی پێش دەکەوێت و دەچێتە قۆناغی زۆر باش.

٧. هاوسەنگی کۆمەڵایەتی دەچێتە قۆناغێکی جێگیرو مامەڵەی ڕاست و دروست لەگەڵ هاوڕێکانی دەکات.(وێنەی ٧– ٢)

٨. هەوڵدەدات لەکاتی پێویستدا پێی نەنگی نەبێت، کاتێك داوای هاوکاری لە دەوروبەری بکات، یان خۆی بەکەم نەزانێت. واتە ئەگەر نەزانێت زۆر بەلایەوە ئاساییە کە داوای هاوکاری لە هاوڕێکانی بکات. ئەمەش هەنگاوێکی زۆر مەزنەو پێویستە مامۆستا لەبەرچاوی بگرێت و تێبینی بکات.(وێنەی ٧– ٣)

٩. منداڵەکان فێردەبن دووبارە سوود لەو کەرەستە بێکەڵك و فڕێدراوانە وەربگرنەوەو دووبارە لەکارێکی هونەری جواندا بەکاری بهێننەوە. دواتر ڕەنگیان دەکەن.(وێنەی ٧– ٤)





(وێنەی ٧– ٣)

(وێنەی ٧– ٢)

## ئەرکی مامۆستا:

لەم وانەیەدا کاری ئاڕاستەکردن دەکات و منداڵەکان وریا دەکاتەوە لەوەی ئەنجامی دەدەن. هەر بۆیە، پێویستە مامۆستاو چاودێر ورتر و ژیرانە تر ئاگایان لە منداڵەکان بێت، چونکە ئاستی کەرەستە بەکارهاتووەکان بەرز دەبێتەوەو پێویستە مامۆستا چاوێکی لەسەر منداڵەکان بێت، تا ئازاری یەکتر نەدەن، لەوانەشە نەتوانن، یان نەزانن بەکاریان بهێنن، یان بیرۆکەی شێوازی بەکارهێنانیان نەبێت. لەسەر مامۆستایە، چاودێرەکان ئاگادربکاتەوە، کە چاو لەسەر منداڵەکان هەڵنەگرن و وریابن.(وێنەی ٧- ٥)

مامۆستا ئەرک بە منداڵەکان دەسپێرێت، تا کارێك ئەنجام بدەن بەو مەرجەی مامۆستاش لەگەڵ منداڵەکان کار بکات، ئەگەر پێشتر مامۆستا کارێکی نموونەیی ئامادە کردبێت باشترە، تا بیرۆکەو مەبەستەکە چاکتر بگاتە منداڵەکان و لێی تێبگەن. بەڵام مەرج نییە منداڵەکان شتە درووستکراوەکەی مامۆستا دووبارە بکەنەوە، بەڵکو درێژە پێدەرو خەیاڵکردنی منداڵەکان واڵا دەکات و توانای سەرنجدان و تێبینی کردن و داهێنانیان بەهێز دەکات و بیرۆکەی نوێ لای منداڵەکان دروست دەکات.

بیرت نەچێت ئەم چالاکییە بەرلەوەی ئەنجامدانی کارێکی هونەری بێت بە سەربردنی کاتێکی خۆش و بەجۆشە لای منداڵەکان. کەواتە نابێت خۆشی و شادییەکانی منداڵەکە فەرامۆش بکەیت و تەنها چاوت لەسەر کارە هونەرییەکەبێت.

کەواتە هەل بۆ منداڵەکان برەخسێنە، تا دەتوانن خەیاڵبکەن و دواتر پێشنیارت بۆ بکەن، چونکە ئەگەر تۆ شێوازی کارکردنەکەت خستە بەردەمی منداڵەکان، ئنجا توانای هۆشی و بیری خۆیان بەگەڕ دەخەن و بیردەکەنەوە چ پێشنیارێکت بۆ بکەن، تا ببێتە جێگەی تێڕامان و پاشان جێبەجێکردنی. کەواتە هەل ڕەخساندن بەشێکە لە پرۆسە گشتییەکەو مامۆستا نابێت لەیادی بکات.

**<u>له کۆتاییدا</u>: منداڵەکان جیهانێکی نوێ دەدۆزنەوەو شێوەی جیاواز جیاواز دروست دەکەن و ئاستی لێکبەستن و پێکەوەگرێدانیان گەشە دەکات و هەستی بینین و دەستلێدانیان فرە پێش دەکەوێت.(وێنەی ٧– ٦)**



**(وێنەی ٧– ٥)**



**(وێنەی ٧– ٤)**



**(وێنەی ٧– ٦)**

**منداڵ بەهۆی دەستلێدان و دواتر بەهۆی هەستی بینینەوە دەتوانێت کەرەستەو مەتریاڵەکان لێکجیابکاتەوەو دەزانێت دوای ئەزموونکردن چۆن و بەچی و لەکوێدا بەکاریانبهێنێت؟ ئەوەی لەسەر مامۆستاو چاودێرە تەنها چاودێریکردن و ئاراستەکردن و هاوکاریکردنییانە لە کاتی پێویستدا، تا منداڵەکان هەست بە نائومێدی نەکەن.**

## چالاكی:

داوا لە منداڵەكان بكە لە داری ئایسكریم بوكەڵەی بچووك دروست بكەن، با بوكەڵەكان هەمەجۆر و فرە ڕەنگ بن. یەك نموونەیان پیشان بدەو بزانە ئەوان دەتوانن چۆن خەیاڵ بكەن؟(وێنەی ٧– ٧).



(وێنەی ٧– ٧)

### كەرەستەی بەكارهاتوو:

١– داری ئایسكریم.
٢– قەڵەم ڕەنگی ماجیك.
٣– كاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ، یان كۆنە گۆڤار.
٤– كەتیرەی وشك (ستیك).
٥– مقەست.

### مەبەست لەم چالاكییە:

١. منداڵ فێردەبێت توانا خۆییەكانی گەشە پێبدات.
٢. هەستەكانی بینین و دەستلێدانی منداڵ باشتر گەشە دەكەن.
٣. ئاستی كارامەیی پێشدەكەوێت.
٤. ڕەنگ و شێوەكان پێك دەچوێنێت و دەزانێت كام ڕەنگ بۆ چ شوێنێك بەكاردێت؟



(وێنەی ٧– ٨)

٥. توانای گەڕان و دۆزینەوەی باش دەبێت.
٦. توانای لێكهەڵوەشاندن و لێكبەستنەوەی پێش دەكەوێت.
٧. قۆناغێكی باش لە ئاستی جوانناسی دەبڕێت و بەهەموو شتێك ڕازینابێت.
٨. ئاستی نواندن و گفتوگۆی پێشدەخات و دەتوانێت لەگەڵ دەوروبەری گفتوگۆ بكات.
٩. بیرتیژ دەبێت.
١٠. زانیاری دەربارەی گەلێك ئامێرو كەرەستەو سەرچاوەكانیان و چۆنییەتی كڕین و پەیداكردنییان پەیدا دەكات.(وێنەی ٧– ٨)
١١. منداڵ فێردەبێت كاتی بێكاری بە شێوەیەكی بەكەڵك و بەرهەمدار بەسەر بەرێت.
١٢. منداڵ فێردەبێت هەموو كارێك پێویستی بەپلان هەیە ئەگەر پلانی نەبێت كارەكەی ئەنجامی نابێت. كەواتە فێردەبێت بۆ هەر كارێك پلانێك دابڕێژێت.

# وانەی سێیەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: لکاندن – کۆلاج** Collage

**کاتی دیاریکراو: ٧ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان درێژکەیتەوە بەپێی کات)**

## لکاندن – کۆلاج Collage



**مەبەست لە لکاندنی دوو کەرەستە، یان زیاتر بۆ دروستکردنی بابەتێکی جوانی هونەری بە پێی ویست و خواستی خۆمان.**

## کەرەستەی پێویست:

١. کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگی بریقەدار.

٢. کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگی لەزگە.

٣. قوماشی ڕەنگاو ڕەنگی لەزگە.

٤. کەتیرەی وشك (ستیك).

٥. مقەست.

٦. کاغەزی A4 - A3

٧. کەرەستەی جۆراو جۆر.




(وێنەی ٨– ١)

## ئەرکی مامۆستا:

پێش ئەوەی وانەکە دەست پێ بکات، پێویستە مامۆستا چەند نموونەیەك لەبەرچاوی منداڵەکان و بەهاوکاری منداڵەکان دروست بکات بۆ ئەوەی منداڵەکان لە مەبەستی داواکراو تێبگەن.(وێنەی ٨– ١).

## ئاڕاستەکردن:



(وێنەی ٨– ٢)

مامۆستا منداڵەکان ئاراستە دەکات بۆ کاری هونەری و داوا لە منداڵەکان دەکات کاغەزە ڕەنگاو ڕەنگەکان بەو شێوەیە بڕن، کە خۆیان مەبەستیانە. واتە سەرەتا پێویستە منداڵەکان بیربکەنەوە چی بکەن دواتر کارەکە ئەنجام بدەن.

بۆ ئەم کارە پێویستە منداڵەکە بیر لە پلاندانان بکاتەوە، لەسەر مامۆستاو چاودێرەکانە منداڵەکان بەو ئاڕاستەیەدا بەرن، کە پێویستە پلان بۆ کارەکەیان دابنێن. ئەوەش پێویستی بە فێرکردن و ڕاهێزانی منداڵەکان هەیە. بۆ نموونە ئەگەر وێنەی کەروێشك بکێشن پێویستە شێوەی کەروێشك لەبەرچاو بگرن، یان هەر شێوەیەك کە لە خەیاڵیاندایە. (بیرکردنەوە ئنجا کارکردن.) (وێنەی ٨– ٢).

**گفتوگۆ:**

لەم وانەیەدا زۆر گرنگە مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکان بکات و پرسیاریان لەبارەی بیرۆکەو شێوازی پلاندانانەکەیان لێبکات، تا بزانێت ئاستی تێگەیشتنی منداڵەکان لە بیرۆکەی مامۆستاکە چەندە؟ دوای هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بیرۆکەی منداڵەکان مامۆستا چاودێرەکان ئاڕاستە دەکات بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵەکان و پێشکەشکردنی هاوکاری لەکاتی پێویستدا. لەهەمانکاتدا پێویستە چاودێرو مامۆستا ئاگایان لە ڕەفتاری منداڵەکان بێت، نەکا زەبر لەیەکتر بدەن، یان نەزانن کەرەستەو پێداویستییەکان بەکاربهێنن هەموو ئەو کێشانە لەڕێگەی گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵەکان چارەسەر دەکرێن و دواتر منداڵەکە خۆی خۆی ئاڕاستە دەکات.( وێنەی ٨– ٣)



(وێنەی ٨– ٣)

**ئامانجی بەدەستهاتوو:**

١– منداڵەکان پشت بەخۆیان دەبەستن لە کارکردندا.(وێنەی ٨– ٤)
٢– توانای خۆگونجاندن و ئاستی کۆمەلایەتییان بەرز دەبێتەوە.(وێنەی ٨– ٥)
٣– ئاستی دەستڕەنگینیان باش دەبێت و توانای بیرکردنەوەو ئەندێشەیان فراوان دەبێت.
٤– توانای داهێنانیان بەهێز دەبێت و بیرۆکەی نوێیان بە خەیاڵدادێت.(وێنەی ٨– ٦)
٥– سوود لە کاتی بێکاری وەردەگرن.
٦– ئاستی جوانناسییان گەشە دەکات و پێشدەکەوێت.(وێنەی ٨– ٧)



(وێنەی ٨– ٤)



(وێنەی ٨– ٥)



(وێنەی ٨– ٦)



(وێنەی ٨– ٧)



(وێنەی ٨– ٥)

## چالاکی ١:

ماموٚستا چەند ڕۆژنامەیەکی بەسەرچوو لەگەڵ خۆی دەباتە پۆلەوەو گروپ گروپ دابەشی سەر منداڵەکانی دەکات. دواتر داوا لە منداڵەکان دەکات بە مقەست وێنە جوان و سەرنج ڕاکێشەکان ببڕن و لە تەنیشت یەك و بەو شێوەیەی دەیانەوێت لێکی بدەن.(وێنەی ٨– ٨)

## منداڵەکان چی فێردەبن؟

١– فێردەبن چۆن کاغەز ببڕن و مقەست بەکاربهێنن.

٢– فێردەبن چۆن مامەڵە لەگەڵ کەرەستە جیاوازەکاندا بکەن.

٣– منداڵەکان فێردەبن هاوکاری پێشکەش بە یەکتربکەن.

٤– ئەزموونێکی نوێ تاقیدەکەنەوە.

٥– چێژ لە وانەکە وەردەگرن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن.

## ئەرکی ماموٚستا:

لەسەر ماموٚستاو چاودێرەکانە چاویان لەسەر منداڵەکان بێت و ئاڕاستەیان بکەن و هاوکاریان پێشکەش بکەن، تا منداڵەکان بە باشی ئامانجەکە ببپێکن و ئاسوودەبن لە کاتی کارکردندا. هەروەها لە سەر ماموٚستاو چاودێرەکانە ئارامی خۆیان لەدەست نەدەن و بەهێمنی وانەکە تێپەڕێنن.(وێنەی ٨– ٩)

لە کۆتایی چالاکییەکەدا پێشانگەی پۆل ڕێکبخرێت بۆ کارە بەرهەمهاتووەکەی منداڵەکان.



(وێنەی ٨– ٩)



(وێنەی ٨– ٨)

## چالاکی ٢:



(وێنەی ٨– ١٠)

مامۆستا پێشنیار بۆ منداڵەکان دەکات کاغەزە ڕەنگاو ڕەنگەکان بە مقەست و بە شێوەی جیاواز بڕن. بۆ نموونە سێگۆشەو لاکێشەو بازنە، یان هەر شێوەیەک منداڵەکان خۆیان حەزی پێدەکەن و دواتر داوایان لێبکەن ئەم پارچە براوانە بەیەکەوە بلکێنن. بزانە چی دەردەچێت؟ چۆن دەردەچێت؟ (وێنەی ٨– ١٠)

## چالاکی ٣:



(وێنەی ٨– ١١)

داوا لە منداڵەکان بکە بە کاغەزە ڕەنگاو ڕەنگەکان شێوەی گەڵای دار بڕن و دواتر بە ڕەنگێکی تر هاوشێوەی قەدو لقەکان بڕن. داوا لە منداڵەکان بکە هاوشێوەی دارە ڕاستەقینەکە کاغەزە براوەکان لێکبدەن.(وێنەی ٨– ١١)

پێویستە لەم چالاکییەدا منداڵەکان بە گروپ کارەکە ئەنجام بدەن و گروپی

(٤ یان ٥) منداڵ بێت. بزانە دەتوانن؟ چۆن ئەنجامی دەدەن؟

## چالاکی ٣:



(وێنەی ٨– ١٢)

پێشنیار بۆ منداڵەکان بکە، هەر منداڵێک ڕووپۆش (ماسك)ی تایبەت بە خۆی دروست بکات. پێویستە ئەم کارە بۆ چالاکی ماڵەوە وەك ئەرکێك بدرێت بە منداڵەکان و بزانە توانای ئەنجامدانی ئەم کارەیان هەیە یان نا؟ بێ ئەوەی ڕۆژی دواتر فشار لەسەر منداڵەکان دروست بکەیت. لە پۆلیشدا ئەم چالاکییە دووبارە بکەوە.(وێنەی ٨– ١٢)

## چالاکی ٤:

پێشنیار بۆ منداڵەکان بکە هەر گروپێك خواردنێك دروست بکەن بە کاغەزی بڕدراو (هەر خواردنێك خۆیان حەزی پێدەکەن.) گروپەکان سەرپشك بکە، کە ڕێك بکەون لەسەر خواردنێك و دواتر بەیەکەوە ئەنجامی بدەن.(وێنەی ٨– ١٣)





(وێنەی ٨– ١٣)

پیتزا ساردەمەنی

## تێبینی:

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی منداڵ (کوڕبێت یان کچ) زۆر حەز بە بڕین دەکات (بڕینی کاغەز، قوماش، کارتۆن، ڕۆژنامە، گۆڤار...) چێژی لێوەردەگرێت. هەروەها حەز بەو یاری و کارە هونەرییانە دەکات، کە زۆرترین ئازادی تێدایە. دەبێت زۆر وریابیت و نا بێت منداڵەکان زۆر وابەستە بکەیت و تەنها بەکارێکەوە بیان بەستیتەوە. بۆیە پێویستە دوای ئاڕاستەکردن و پێدانی ڕێنمایی و زانیاری پێویست، لێ گەڕێ ئەوجا منداڵەکان خۆیان کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و بزانەو ببینە چی دەکەن؟ سەرەتا هەندێك منداڵ کێشە دروست دەکەن و هەندێکی تریان ناتوانن و هەندێکی تر نازانن، بەڵام دوای ئەوەی تۆ هاوکاریان دەکەیت و دڵنیایان پێدەدەیت، دواتر هەموو کارەکە بە ئاسانی دەچێتە پێش و منداڵەکان لە مەبەست و داخوازیەکەت تێدەگەن. تێگەیشتن زۆر گرنگە بۆ منداڵ و ئەمەش هەروا ئاسان نییەو پێویستی بەکات و کەمێك ماندووبوون هەیە. دواتر هەموو کارەکان، وەك خۆت دەتەوێ هەنگاوی باش هەڵدەگرێ و پێش دەکەوێ.

جار جارە بیرو بۆچون و پێشنیارەکان بخە بەردەم منداڵەکان و بزانە ڕایان چییەو چۆنە؟ بزانە ئایا خۆیان دەتوانن پێشنیار بکەن؟ ئایا دەتوانن بە تەنیاو بێ هاوکاریکردن کارەکە ئەنجام بدەن؟ بەڵام وریابە هەمیشە منداڵەکان بخە گروپەوەو مەهێڵە بەتەنیا لە قۆناخی یەکەمدا کار بکەن. دوای ئاشنا بوون و یەکترناسین، پاشان بەتەنیاش کاربکەن ئاساییەو توانا خۆییەکانیان تاقیبکەنەوە.

## مامۆستاو چاودێری بەڕێز:

ئاگاداری جیاوازی ڕەگەزی بە لە پۆلەکەتداو هەمیشە کچەکان کەمێك ئارامترو هێمنترو خۆگرترن، بەڵام کوڕ تاوگیری زۆرترەو پڕ جووڵەن، جگە لەهەندێ جیاوازی نەبێت، کە لە هەردوو ڕەگەزدا بەئاسانی هەستیان پێدەکەین. کچ حەزی لە ڕازاندنەوەو وردەکاری زۆرترەو زۆرتر لە سەر کارە هونەریەکە دەمێنێتەوە. بەڵام کوڕ کەمتر لەسەر کارە هونەریەکە دەمێنێتەوەو زووتر کارەکە تەواو دەکات و پشوودرێژ نییە لە کارکردن. پێویست دەکات ئەو منداڵانەی زوو لە کارکردن دەبنەوە ئاڕاستەیان بکەین و تێبینی و ڕێنوێنی زۆرتریان پێ بدەین، چونکە هەمیشە کارەکانیان بە نیوەچڵی جێدەهێڵن.(پێویستە پرسیاری زۆریان لەبارەی کارەکەوە لێبکەیت، تا زانیارییە نیوەچڵەکانت بۆ تەواو بکات).

# وانەی چوارەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: خوری، دەزوو، داوکاری**

**کاتی دیاریکراو: ٧ وانە (دەتوانی بە پێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت چالاکییەکان بەپێی کات درێژکەیتەوە)**

---



## خوری، دەزوو، داوکاری

**یەکێك لەو کاردەستییانەی منداڵ زۆر حەزی پێدەکات لە باخچەی منداڵان خورییە. هۆکارەکەشی (ڕوونە، نەرمە، بەکارهێنانی ئاسانە بەکەمێك وریایی، تا ئاڵۆز نەبێت، جەستە پیس ناکات و منداڵ هەراسان ناکات). لەو ڕووەشەوە، هەردوو ڕەگەز (کوڕو کچ) کاری پێدەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش، پێویستمان بەچەند هەنگاوێك هەیە، لەوانە:**

**سەرەتا دەبێت پلان دابنێین و کەرەستە سەرەتاییەکان ئامادە بکەین و بیخەینە بەردەست وەك:**

- ✓ **مقەست.**
- ✓ **خوری، دەزوو، داو، لۆکە، گۆرەوی، دەستکێش، قوماش...**
- ✓ **کارتۆن، یان مقەبا، یان تەپەدۆر.**
- ✓ **کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگی لەزگە.**
- ✓ **قوماشی ڕەنگاو ڕەنگی لەزگە.**
- ✓ **دەرزی (دەمبوس).**

## ئاڕاستەکردن:

سەرەتا بیرۆکەی کارەکە بە منداڵەکان دەڵێین، پاشان کارتۆنێکی (٤٠×٤٠سم) یان (٣٠× ٣٠سم) دەبڕین و ئامادەی دەکەین بۆ کارکردن. ئیدی خورییەکە دەدەینە دەست منداڵەکان و پێیان دەڵێین لە کارتۆنەکەی وەرپێچن. پاشان لە هەر ڕەنگێك کەمێك، تا بەشێوەیەکی جوان ڕاست و چەپی پێبکەن و شێوەیەکی جوانمان بۆ دەردەچێت. لەو چوارچێوەیەشدا، پێویستە خۆت یەکەم نموونە لەبەرچاوی منداڵەکان ئەنجام بدەیت، تا لە مەبەستەکە تێبگەن، دواتر منداڵەکان سەرپشك بکە لەوەی، کە خۆیان چ جۆرە پلانێك دادەڕێژن و چۆن جێبەجێی دەکەن؟(وێنەی ٩– ١).

پاشان منداڵەکان دەتوانن شێوەیەك بڕن. بۆ نموونە وێنەی میوەیەك لەسەر کارتۆنەکە دروست بکەن و دواتر بیبڕن، ئنجا بە خورییەکە ڕووپۆشی بکەن.(وێنەی ٩– ٢)

بۆ ئەو مەبەستەش، پێویستە مامۆستا چاودێری و سەرپەرشتی کارەکان بکات و لەکاتی جێبەجێکردنی پلانی منداڵەکاندا چاو لەسەر منداڵەکان هەڵنەبڕێت و خۆی ئاڕاستەیان بکات، تا کورترین ڕێگا هەڵبژێرن. مخابن، زۆر جار دەبینین منداڵ هەڵە دەکات، بەڵام ئەوە نیشانەی نەزانین نییە، بەڵکو نیشانەی کەم ئەزموونییە. بۆیە لەسەر مامۆستا پێویستە نەرم و نیان و بەخۆداگربێت و بەسەر منداڵەکەدا دەنگ بەرزنەکاتەوە، هەر بۆیە کاتێك هەڵەیەك دەکات لە جێبەجێکردندا، ئەوە پێویستی بە دڵنیایی و متمانە بەخشینە لەلایەن مامۆستاوە. کەواتە پێویستە کات بە منداڵەکان بدەیت بۆ جێبەجێ کردن، تا وانەکە وەك پێویست بێت نەك (١٥ یان ٢٠) خولەك بێت و منداڵەکە فریای هیچ نەکەوێت (وەك مامۆستا بڕیاربدە چەندت کات پێویستە — لە پلانەکەتدا ئاماژەی پێبدە).



(وێنەی ٩– ٢)



(وێنەی ٩– ١)

## چالاکی ١:

داوا لە منداڵەکان بکە دوو پەنجەی یەکەم جووت بکەن و خورییەکەی لیَ بئاڵێنن، دوای تێئاڵانی (١٠ یان ١٥) جار، پەنجە لە خورییەکە بێننەدەرو سەرپێچی بکەن و گرێیەکی لێبدەن. لەم چالاکییەدا فێری دروستکردنی ریشوو (زەنگوڵە، گوڵێڵکە) دەبن. بۆ ئەمەش پێویستە مامۆستا لەبەر چاوی منداڵەکان نموونەیەك دروست بکات و دواتر منداڵەکان ئاڕاستە بکات.(وێنەی ٩- ٣)



(وێنەی ٩- ٣)

## چالاکی ٢:

دارێکی وشك ئامادە بکەو داوا لەمنداڵەکان بکە، خوری ڕەنگاو ڕەنگ، وەك ئەوەی خۆیان دەیانەوێت لە دارەکەی بئاڵێنن (وەرپێچن) بەشێوەیەکی کەمێك توند، تا خورییەکە شۆڕنەبێتەوەو شێوەیەکی جوان وەربگرێت.(وێنەی ٩- ٤) بۆ ئەو مەبەستەش وا پێویستە ئەم چالاکییە بە گروپ ئەنجام بدرێت، هەر گروپێکیش دارێکی پێبدە. (با منداڵەکان ئەم چالاکییە لە ماڵەوە دووبارەبکەنەوە).



(وێنەی ٩- ٤)

## چالاکی ٣:

داوا لە منداڵەکان بکە بۆ ڕۆژی دواتر قوتویەکی بەتاڵ، یان شوشەیەکی بەتاڵ (یان هەر کەرەستەیەکی تر) لەگەڵ خۆیاندا بهێنن (دوای پاککردنەوەو شۆردنی لە ماڵەوە) داوا لە منداڵەکان بکە بە خوری ڕووپۆشی قوتووەکە بکەن بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت.(وێنەی ٩- ٥)



(وێنەی ٩- ٥)

سەرنج بدەو تێبینی بکە:

بزانە منداڵەکان چی فێربوون؟ چۆن کار دەکەن؟ چۆن ڕەفتار لەگەڵ کەرەستەکانی بەردەستیان دەکەن؟ چۆن ڕەفتار لەگەڵ یەکتر دەکەن؟ لە هەمووی گرنگتر ئاستی تاوگیریان چۆنە؟

کەواتە، مامۆستای وانەی هونەر دەبێت کەرەستەکان بە وریایی و ئاگاییەوە هەڵبژێرێت بە شێوەیەکی باش و پاك، کە مەترسی بۆسەر گیانی منداڵەکان دروست نەکات، چونکە منداڵ بوونەوەرێکی ناسکەو توانای نەخۆشکەوتن و بەرگەی زەبری کوشندە ناگرێت، بۆیە پێویستە کەرەستەکان لەڕووی تەندروستییەوە هەستەوەری لای منداڵەکان دروست نەکات، چونکە هەندێك منداڵ پێستیان هەستەوەرییان هەیە لەگەڵ مادە (مەتریاڵە) جیاوازەکاندا.

لە لایەکی تریشەوە، پێویستە مامۆستا ئاگاداری جۆری داهێنراوی خوری بێت، واتە بزانێت چەند جۆر خوری لەبازاڕدا هەیە و زانیارییان لەبارەوە کۆ بکاتەوە.

## جۆرەکانی خوری:

یەکەم، خوری چنین (نەرم و تۆپە)(وێنەی ٩– ٦). دووەم، خوری ئامادە ڕەنگاوڕەنگەو (٣٠سم درێژەو خواردەبێتەوەو زۆر پێویستی بە بڕین ناکات و دووبارە بەکاردەهێنرێتەوەو کەم خەرجییەو بۆ منداڵانی ژێر تەمەنی خوێندن زۆر شیاوە.(وێنەی ٩– ٧).





(وێنەی ٩– ٦)






(وێنەی ٩– ٧)

## چالاکی ٤:

**مامۆستا منداڵەکان ئاڕاستەدەکات بۆ چەندین چالاکی هەمەجۆر، تا منداڵەکان بە ئازادی دەربڕین سوود لە هەست و ویستەکانی خۆیان بکەن، ئنجا داوایان لێدەکات بە دڵی خۆیان بە خوریە ئامادەکان شتێك دروست بکەن، هەوڵبدە خۆت لە بەرچاوی منداڵەکان چەند نموونەیەك دروست بکەیت (بەومەرجەی لاسایی تۆ نەکەنەوە)، ئنجا هەلیان بۆ بڕەخسێنەو سەرنج و تێبینی خۆتیان پێبڵێ، تا لە مەبەستی داواکارییەکەت تێبگەن و هەراسانیش مەبە کاتێك منداڵەکان لە داواکارییەکە تێناگەن، بۆیە نەرموونیان بەو ئارامی خۆت لەدەست مەدە. لە دواییدا، دەبینین لەگەڵ یەکەم تاقیکردنەوەدا منداڵەکان هەست بە خۆشی دەکەن و ئەزموونێکی نوێ دەچێتە سەر خەرمانەی کارکردنیان. بڕوانە ئەم وێنانە:**









# وانەی پێنجەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت:  نیگارکێشان بە لمی ڕەنگاو ڕەنگ**

**کاتی دیاریکراو: ٧ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت  لە کۆرسەکەدا، چالاکییەکان بە پێی کات درێژکەیتەوە)**

---

## نیگارکێشان بە لمی ڕەنگاو ڕەنگ Sandpainting



## کەرەستەی بەکارهاتوو:

١- لمی ڕەنگاو ڕەنگ، دەبێت ئەم جۆرە لمە ئامادەکراوە بەشێوەیەک بێت، کە مەترسی بۆسەر تەندروستی منداڵی ژێرتەمەنی خوێندن دروست نەکات. بۆ ئەو مەبەستەش ڕەنگەکان زۆر بە جوانی و سەرنج ڕاکێشی ئامادەکراون، تا منداڵ سەرسام بکەن. شایانی باسە لە وانەکانی پێشوودا گوتمان منداڵ زۆر حەز بە کەرەستەی نەرم دەکات لە کاری هونەریداو ئەم کەرەستەیەش یەکێکە لەو مەتریالانەی منداڵ حەزی پێدەکات. هەر بۆیە ئەگەر لە بازار ئەم جۆرە لمەت چنگ نەکەوت، ئەوا دەتوانی خۆت (برنج ڕەنگ بکەیت یان ماش و نۆک و نیسك و ...) ئامادە بکەیت، بەلاّم باشترینیان لمەکەیە، ئەگەر نا برنجیان بۆ ڕەنگ بکە بە (ڕەنگی شەربەت، یان بۆیەی ئاوی بە مەرجێك مەترسی بۆ سەر تەندروستی منداڵەکان دروست ناکات و پێکهاتەکەی سروشتییە).(وێنەی ١٠- ١).

٢- ڕەحەتی ئامادە، یان بە قامیش بۆی دروست بکە، (قەسەب).(وێنەی ١٠- ٢)

٣- شوشەی ڕوونی بەکارهاتوو (شوشەی ئاوەتەماتە، سۆس، ساس، بۆن...).(وێنەی ١٠- ٣).

٤- هەندێك جار وێنەی ئامادەکراو بە لمەکە پڕ دەکەنەوە.(وێنەی ١٠- ٤).

٥- کەوچك و بێڵی باریکی پلاستیکی.

٦- قاپی سپی، یان پەرداخی ڕوونی پلاستیکی.(وێنەی ١٠- ١)



(وێنەی ١٠- ١)



(وێنەی ١٠- ٢)



(وێنەی ١٠- ٣)



(وێنەی ١٠- ٤)

**سوودەکانی ئەم چالاکییە بۆ منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن:**

١– منداڵ ئاسوودە دەکات و ئارامی پێدەبەخشێت.

٢– هزرو بیرو خەیاڵی فراوان دەکات و توانای داهێنانکردنی دەچێتە قۆناغێکی باشترەوە.

٣– مادەیەکی تر تاقیدەکاتەوەو ئاستی جوانناسی باشتر دەکات.

٤– بیرۆکەی نوێی بۆ دێت و بیر لە کاری نوێ دەکاتەوە.

٥– ئاستی کۆمەڵایەتی و دانبەخۆداگری پێشدەکەوێت.

**ئەرکی مامۆستاو چاودێر:**

پێویستە منداڵەکان لەژێر چاودێری مامۆستا، یان چاودێرەکاندا کاربکەن و مامۆستاش پێشوەخت خۆی ئامادەکردبێت و منداڵەکانی لەسەر شێوازی کارکردن ڕاهێنابێ، تا کارکردنەکەی ئاسان بێت و منداڵەکان لە داخوازی مامۆستا تێبگەن. بێگومان ئەمەش پێویستی بە ئاڕاستەکردن هەیە، تا منداڵەکان ڕەنگەکان لە سەریەك دادەنێن بەوەش بەش بەش و شێوەیەکی جوان و شەپۆلاوی دەنەخشێنێ، دواتر منداڵەکە ڕێچکەی کارکردنی خۆی دەدۆزێتەوەو فێردەبێت و داهێنان لە بیرۆکەکاندا دەکات و دەزانێت کاری چییە؟ (وێنەی ١٠– ٥) و (وێنەی ١٠– ٦)



(وێنەی ١٠– ٥)



(وێنەی ١٠– ٦)

# وانەی شەشەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت:  یاریکردن لە ناو لمدا**

**کاتی دیاریکراو: ((سەردانی بەشی زانیاری بکە))**

---

# یاریکردن لە ناو لم



**پاکوخاوێنی مەرجی کارکردنە، لەگەڵ منداڵەکان ڕێکبکەوە، تا یاسای کارکردن دابڕێژن.**

## گرنگی یاریکردن لەناو لمدا:

لم یارییە ئاسودەکەی منداڵان، چونکە خاوەنی سروشتێکی نەرمەو منداڵ حەزی پێدەکات و یاری پێدەکات و وێنەی لەناودا دەکێشێت و چۆنی بوێت ئاوا مامەڵە لەگەڵ لمەکەدا دەکات. ئەوە جگە لەوەی جەستەش پیس ناکات و خۆشدێت بەدەستەوە. وەك کاری هەویرکارییەکە وایەو منداڵ دڵخۆش دەکات، چونکە بە ڕاستی دەستی بەر لمەکە دەکەوێت و لە تەنێکی نامۆوە دەگۆڕێت بۆ هاورێیەکی خۆشەویست.(وێنەی ١١– ١).



(وێنەی ١١– ١)

## ئەرکی مامۆستاو چاودێرەکان:

پێویستە مامۆستا لە کاتی کارکردندا چاودێری منداڵەکان بکات و ئاڕاستەیان بکات، تا منداڵەکان ئازار بە یەکتر نەگەیەنن و بەر یەك نەکەون تەنانەت لە زۆربەی وڵاتاندا یاریکردن بە لم، وەك یەکەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لە کوردستانیش بە پێی دیزاین و فراوانی باخچەی منداڵان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و تۆش پێویستە هۆڵێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەیت.(وێنەی ١١– ٢).



(وێنەی ١١– ٢)

## جۆرەکانی حەوزی لم:

١- هۆڵی داخراو.(وێنەی ١١– ٣)

٢- هۆڵی کراوە.(وێنەی ١١– ٤)

٣- حەوزی بچووك (قەبارەکەی سنوردارەو هاوشێوەی حەزێکی مەلەکردنە یان لە تەشتێکی بچووك دەچێت.(وێنەی ١١– ٥).



(وێنەی ١١– ٣)



(وێنەی ١١– ٤)



(وێنەی ١١– ٥)

به سێ جۆر دەتوانین سوود لەو لمە وەربگرین، یەکەم لە ناو هۆڵی داخراودا بۆ وەرزی زستان.



دووەم، حەوزی بچووك و گەڕۆك بۆ كاتی بەهارو هاوین و پاییز. سێیەم لە گۆڕەپانی باخچەی منداڵانکەدا حەوزی گەورەو مام ناوەند سازبکرێت بۆ کاتی هەتاو.(وێنەی ١١– ٦). هەروەها دەشتوانین حەوزە بچووکەکانیان بۆ بگوزاینەوە بۆ حەوشەی باخچەکە و منداڵەکان لەژێر چاودێری مامۆستادا یاریەکانی خۆیانی پێ ئەنجام بدەن.(وێنەی ١١– ٥)

(وێنەی ١١– ٦)

## پێویستە بۆ سازکردنی حەوزی لم ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەیت:



(وێنەی ١١– ٨)

- ☒ لە بە لۆعەی ئاو بەدووربێت، تا شێ و کەڕو دروست نەکات.
- ☒ لە دەست شۆر بە دووربێت.
- ☒ ئاوەڕۆی چێشتخانەی نەچێتەوە سەر.
- ☒ شوێنەکەی مەترسیدار نەبێت.
- ☒ فرەوان و گەورەبێت، تا منداڵەکان بەریەك نەکەون.(وێنەی ١١– ٧)
- ☒ دیوارەکانی نەخشێنرابێت بە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ.(وێنەی ١١– ٨)
- ☒ پەنجەرەی گەورەی تێدبێت و نزم بن، تا ڕووناکی تیشکی خۆر بێتە ژوورەوە.
- ☒ بە بەردو بلۆك دەورە نەدرابێت و پێویستە کەرەستەکان لە تەختەو پلاستیك دروست کرابێت، تا زەبر بەر جەستەی منداڵەکان نەکەوێت لەکاتی کەوتندا.(وێنەی ١١– ٩)



(وێنەی ١١– ٧)



(وێنەی ١١– ٩)

## کەرەستەی بەکارهاتوو:

١- حەوزی لم (هۆڵی داخراو، هۆڵی کراوە، حەوزی گواستراوە، حەوزی جێگیر).

٢- کەرەستەی بەردەستە.( وێنەی ١١- ١٠) و (وێنەی ١١- ١١).

٣- ئەگەر لمەکە زۆر وردو وشك بوو، پێویستە چاویلکە لە چاو بکەن.(وێنەی ١١- ١٢).

٤- پۆشینی بەروانکە، یان جلی تایبەت.(وێنەی ١١- ١٣).

٥- پێویستە سەرجەم کەرەستەکان لە پلاستیك دروستکرابێتن.(وێنەی ١١- ١٤)



(وێنەی ١١- ١٠)



(وێنەی ١١- ١١)



(وێنەی ١١- ١٢)



(وێنەی ١١- ١٣)



(وێنەی ١١- ١٤)

## زانیاری:

یاری ناو لم له سیستەمی پەروەردەیی نوێدا به یەکێك له چالاکییه باوەکانی باخچەی منداڵان دادەنرێت، هۆکارەکەی بۆ چەندین خاڵ دەگەڕێتەوە، لەوانە:

١- چێژ به منداڵ دەبەخشێت.

٢- ئازادی زۆرتر به منداڵ دەدات.

٣-گەشەی ماسوولکەو هۆشی منداڵ باش دەکات.

٤- توانای خۆڕێکخستن و خۆگونجاندن و بەکۆمەڵایەتی کردنی باش دەبێت.

٥- بواری زۆرتره به هۆی جووڵەی زۆرو ئازادەوە.

٦-توانای خەیاڵکردن و داهێنانی زۆر دەکات.

٧-هاوڕێی نویٚ دەگرێت و ڕەفتارەکانی باشتر ڕێکدەخات.

کەواته پێویسته بەڕێوەبەر، وەك یەکەیەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم یاریکردنەدا بکات و ڕۆژانه له خشتەی وانەکاندا جێگیری بکات. هەروەها لەسەر مامۆستای وانەی هونەریش پێویسته، وەك یەکەیەکی هونەری مامەڵە لەگەڵ ئەم وانەیەدا بکات و منداڵەکان ئاڕاسته بکات بۆ دروستکردن و ئەنجامدانی چەندین چالاکی جۆراوجۆر لەناو لمەکەدا. جگه لەوەش خۆی سەرپەرشتی یەکەی شێوەکاری منداڵەکان بکات و هانیان بدات بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری وەك:

١- دروستکردنی وێنه لەناو لمدا.

٢- دروستکردنی پەیکەری جۆراوجۆر، که خۆیان حەزی پێدەکەن.

٣- بەکارهێنانی قاڵبی جۆراوجۆر بۆ سازکردنی پەیکەرەکان.

٤- دروستکردنی (شار، گەڕەك، ترافیك، ڕێگە...)

٥- چیرۆك بهۆننەوەو له شێوەکاندا ڕەنگ بداتەوە.

بۆ هەموو ئەوانەش پێویسته مامۆستا به هاوکاری چاودێرەکان بوار بۆ منداڵەکان بڕەخسێنێت و لەسەر شێوەو وێنەکان بدوێن. بۆ نموونه: منداڵ هەندێکجار چیرۆك دەهۆنێتەوەو دەیهەوێت ئەو شێوەیەی دروستی کردووه، یان نەخشاندویەتی به گفتوگۆ بیگێڕێتەوە، یان گفتوگۆی لەبارەوه ساز بکات. کەواته ئەرکی مامۆستا هەل ڕەخساندنەو بواردانه به منداڵەکه، تا لەبارەی بابەتەکەوه بدوێت. بەم کارەش منداڵەکه هەنگاوی گەوره دەهاوێت و ئاستی زمانەوانی باش و پاراو دەبێت.

## وانەی حەوتەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: هونەری ئامادەکردنی خواردن و ماڵداری**

**کاتی دیاریکراو: هەفتەی یەك بەشە وانە.**

# هونەری ئامادەکردنی خواردن و ماڵداری



یەکێك لەو بابەتانەی مامۆستا کە لە باخچەی منداڵان نابێت فەرامۆشی بکات، ئامادەکردنی خواردنە (چێشتلێنان). چونکە منداڵ زۆر حەزدەکات لەگەڵ دایکیدا لە چێشتخانە دەست لە کەرەستە بەردەستەکانی دایکی وەربدات (کوڕ یان کچ). جا ئەوەی لێرەدا گرنگە، فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵە لەسەر ئەو کەرەستانەو شێوازی مامەڵەکرن و چۆنیەتی بەکارهێنانیانە لە شوێن و کاتی گونجاودا.

## کەرەستەی پێویست:

١- چەقۆ، چنگاڵ، کەوچك، قاپ، سینی، تەختەی جنین، شیشی تەختە.(وێنەی ١٢- ١).

٢- گوشەری میوە (عصارە).(وێنەی ١٢- ٢)

٣- سەوزەو میوە (کەرەوز، بیبەری شیرین، خەیار، تەماتە، کاهو، سێو، پرتەقاڵ...) هەر کەرەستەیەك خۆت پێت پەسند بوو یان شیاو بوو بۆ خواردن.(وێنەی ١٢- ١).

٤- (هەویر)ئامادەکردنی هەویرەکە لە باخچەی منداڵان. ڕۆژێك تەرخان بکرێت بۆ فێرکردنی منداڵەکان لەسەر شێوازی ئامادەکردنی هەویر (نان، کێك) دواتر هەویرەکە بخرێتە فڕنی باخچەی منداڵان و دوای ئامادەبوون بخورێت.(وێنەی ١٢- ٣).



(وێنەی ١٢- ١)



(وێنەی ١٢- ٢)





(وێنەی ١٢- ٣)

٥- بەروانکەی چێشتخانە، هەوڵبدە هەر منداڵێك بەروانکەی خۆی هەبێت بۆ ئەم وانەیە، چونکە ئەمەش جۆرێکە لە ئاکار و هونەری پاکوخاوێنی و پێویستە منداڵی لەسەر ڕابهێنرێت.(وێنەی ١٢- ٣).

## ئەرکی مامۆستا:

١- ئەرکی مامۆستایە هەوڵ بدات ڕۆڵ بەسەر منداڵەکاندا دابەش بکات. بۆ نموونە: (شوانە) تۆ بەیانی خەیارێك بهێنە (نازی) تۆ بەیانی دەتوانی چیمان بۆ بهێنیت؟ بەم شێوەیە، هەوڵ بدە لە یەك، یان دوو دانە زۆرتر نەبێت و پێش وەختە پلانت دانابێ، تا بزانیت چی دەکەیت؟ چۆن دەکەیت؟ ئەگەر باخچەی منداڵان خۆی کەرەستەکان دابین بکات باشترە.

٢- پاك و خاوێنی و ئارامی و بێدەنگی مەرجی کارکردنە و پێویستە منداڵەکە پێش وەخت لەو بوارە ئاگادار بکرێتەوەو ڕاهێزانی پێکرابێت.(یاسای کارکردن)

٣- لەسەر مامۆستایە منداڵەکان فێربکات چۆن مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکان بکەن؟ وەك (بەکارهێنانی چەقۆ، چنگاڵ، چۆنیەتی وردکردن و تێکەڵکردن، یان شێلان و قاڵبکردن).

٤- لە کۆتاییدا مامۆستاو چاودێرەکان خوانێك ئامادەبکەن و نمایشێکی جوان و ڕازاوە بۆ منداڵەکان و بەرهەمەکانیان ساز بکەن، تا منداڵەکان بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان لەم کارەدا ببینن.(وێنەی ١٢- ٤).



(وێنەی ١٢- ٤)

## منداڵەکان چی فێربوون؟

**١- فێردەبن چۆن خۆیان خواردنی خێرای خۆیان ئامادەبکەن؟(وێنەی ١٢- ٥)**



**(وێنەی ١٢- ٥)**

**٢- فێردەبن چۆن هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هاوڕێکانیاندا بکەن و لەسەر یەك خوان دابنیشن.(وێنەی ١٢- ٦).**



**(وێنەی ١٢- ٦)**

٣- منداڵەکان کاتێکی خۆش بەسەردەبەن و چێژ لە ڕۆژەکە وەردەگرن و دڵشاد دەبن بەو کارەی ئەنجامیان داوە، چونکە هێزی متمانەیان زیادی کردووە.(وێنەی ١٢- ٧).



(وێنەی ١٢- ٧)

٤- فێری هونەری کارکردن دەبن و توانای خۆڕێکخستن و خۆئامادەکردنی باشیان دەبێت و پلان دادەنێن بۆ هەرکارێك کە مەبەستیان بێت بیکەن.(وێنەی ١٢- ٨).

٥- کاتی بێکاریان بە شێوەیەکی بەسوود پڕدەکەنەوەو گیانی هاوکاریکردنیان لا چرۆ دەکات.

٦- ڕێز لە پیشەکە دەگرن، چونکە خۆیان یەکێکن لە کارەکتەرەکان.



(وێنەی ١٢- ٨)

# تەوەری پێنجەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: بڕین و لێکبەستن و ڕەنگ کردن**

**کاتی دیاریکراو: مامۆستا بەپێی پلانەکەی چالاکییەکە دابەش دەکات.**

---

## بڕین و لێکبەستن و ڕەنگ کردن

لەم قۆناغەدا، منداڵ هەنگاوی باشی هەڵگرتووەو ڕاهێزانی پێکراوە. لەش و هزرو بیری گەشەی کردووە. بۆ ئەو مەبەستەش ئێستا دەمانەوێت توانستە هزری و گەشە لەشەکییەکانی تاقیبکەینەوە، تا بزانین ئەو هەنگاوانەی ناومانە، تا چەند جێی خۆی گرتووە؟ هەروەها بزانین ئەو پلانەی لە وانەکانی ڕابردوودا تاقیمانکردنەوەو جێبەجێمان کردن، تا چەند کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی منداڵەکە جێهێشتووە؟ ئەمە جگە لەوەی پێویستە منداڵەکان هەموو کارەکە لە پۆلدا ئەنجام بدات و پێویست ناکات مامۆستا کاریماڵەوە بدات بەسەر منداڵەکەدا، چونکە ئاڕاستەکردن و ڕێنمایکردن و چاودێری کردن، لە ئەستۆی مامۆستاو چاودێرەکان دایە. هەروەها مامۆستا دەزانێ پلانەکەی چۆن و بە چ ڕێگەیەك ئاڕاستە دەکات و جێبەجێ دەکات؟ بۆ نموونە: بە پێی هەر وانەیەك زانیاری تەواو لەسەر لاپەڕەکە نوسراوەو بیخوێنەوەو منداڵەکانی پێ ئاڕاستە بکە. لەگەڵ ئەوەشدا نەرم و نیانی و ئارامگرتن لەگەڵ منداڵەکان مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی کارەکەیەو دواتر هەڵسەنگاندن بۆ کارە ئەنجام دراوەکە بکە.

## ئەرکی مامۆستا:

ئەرکی مامۆستایە لە کۆتایی هەروانەیەکدا هەڵسەنگاندن بۆ منداڵەکان بکات و ئەم پرسیارانە لە خۆی بکات بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- تاچەند ئاستی وردبینی منداڵەکان گەشەی کردووە؟

٢- تا چەند ماسوولکەکانیان گەشەیان کردووەو توانای گرتن و بەکارهێنانی مقەستیان باش بووە؟

٣- تا چەند دەتوانن کۆنتڕۆڵی کاغەزو وێنەکانی بەردەستیان بکەن (پیسیان ناکەن، نایان دڕێنن، لەشوێنی خۆیان دایان دەنێن).

٤- تێبینی ئاستی تێگەیشتنی منداڵەکان بکەو هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی پرسیارکردنەکانیان بکە.

٥- سەرنج بدە شێوازی مامەڵەی منداڵەکان لەگەڵ یەکتری و بزانە ئاستی کۆمەڵایەتییان پێشکەوتووە؟

٦- سەرنج بدە ڕەفتاری منداڵەکان و بزانە دەتوانن پشت بەخۆیان ببەستن و توانای خۆئاڕاستەکردنیان گەشەی کردووە؟

٧- تێبینی ئاستی گفتوگۆکردنی منداڵەکان بکەو بزانە ئاستی زمانەوانییان لە چ ئاستێك دایەو بزانە وشەو دەستەواژەی هونەری بەکار دەهێنن؟

٨- تێبینی ئاستی دنیابینی منداڵەکان بکەو بزانە ئێستا چۆن لە ژیان و ژینگەی دەووروبەریان دەڕوانن؟

٩- سەرنج بدە ئاستی کارامەیی و دەستڕەنگینی منداڵەکان و تێبینی ژیرییان بکە.

ئەمەو چەندین تێبینی و سەرنجی تر، کە پێویستە مامۆستاو چاودێرەکان لە خشتەی هەڵسەنگاندنی ڕۆژانەو هەفتانەدا تۆماری بکەن و هەنگاو بە هەنگاو ئاستی منداڵەکان لەبەرچاو بگرن وەك ئەم خشتەیە:

# هەڵسەنگاندن

**ئامانجی هەڵسەنگاندن: تێبینی کردن و سەرنجدان.**

**ئەنجامی فێرکاری: فێربوونی (بڕین، لکاندن، ڕەنگ کردن، گەشەپێدانی هەستەکان).**

**ئامرازی هەڵسەنگاندن: بینین و گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵەکان.**

**ئەنجامێکی دڵخۆشکەرە (بەڵێ) / ئەنجامێکی دڵخۆشکەر نییە (نەخێر)**

| کارامەیی | پێشبینی هەڵسەنگاندن | |
|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر |
| توانای بەکارهێنانی مقەستی باشە؟ | | |
| ناسینەوەی شێوە بڕاوەکان پێش بڕین و دووبارە لێکدانەوەیان. | | |
| جێگەو شوێنی بڕاوەکان پێدەزانێتەوە؟ | | |
| دەزانێت چی دەبینێت؟ | | |
| پشت بەخۆی دەبەستێت لەکاتی کارکردندا؟ | | |
| لەکاتی دیاریکراودا کارەکە ئەنجام دەدات؟ | | |

# پەیژەی هەڵسەنگاندن

## ڕێنمایی کردنی جۆراوجۆر لەکاتی جێبەجێ کردندا

**ئەنجامی فێرکاری:** وێنەی لێکدراوی ڕەنگاو ڕەنگ.

**ئامرازی ڕێنمایی کردن:** پەیژەی هەڵسەنگاندن.

| ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن | نایاب | زۆرباشە | باشە |
|---|---|---|---|
| کەرەستەو پێداویستییەکان بەکاردێنێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکە. | | | |
| بەشداری کردن لە چالاکییەکە. | | | |
| وێنەکان  بە فیرۆنادات و هەڵە ناکات لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەدا. | | | |
| وێنە بڕاوەکان دەلکێنێت  بە جێگەی دیاریکراو بە شێوەیەکی ڕێکوپێك. | | | |
| هەڵبژاردنی ڕەنگەکان. | | | |
| هاوکاری پێشکەش بە هاوڕێکانی دەکات. | | | |
| پشت بە خۆی دەبەستێت لەکاتی کارکردندا. | | | |
| پارێزگاری لە پاکوخاوێنی شوێنکارەکەی دەکات. | | | |
| وابەستەی ئەوکاتە دەبێت، کە بۆی دیاریکراوە لە کاتی جێبەجێکردندا. | | | |
| تێبینی و سەرنجەکانی مامۆستا بەهەند وەردەگرێت. | | | |
| گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێکانی و مامۆستادا دەکات لە کاتی پێویستدا. | | | |

## وێنەی ژمارە (١)



پارچەکان ڕەنگ بکەو بە مقەست بیان بڕە، دواتر بە یەکیانەوە بلکێنەوە.( کەتیرەی وشك بەکاربهێنە)

## وێنەی ژمارە (٢)



پارچەکانی خوارەوە بە مقەست لێبکەوە، دواتر بە یەکیان بلکێنەوە، ئنجا ڕەنگیان بکە.

## وێنەی ژمارە (٣)



- ✓ ئەم وێنانە ڕەنگ بکە.
- ✓ دواتر بە مقەست بیان بڕە.
- ✓ ئەو وێنانەی دەنگیان لێوەدێت و دەنگەکەیان دەبیستین بیلکێنە ناو وێنەی گوێکە.

## وێنەی ژمارە (٣)



# وێنەی ژمارە (٤)




**بە دەستەکانم کۆمەڵێک کار ئەنجام دەدەم.**

- ✓ **وێنەکان ڕەنگ دەکەم.**
- ✓ **ئەو کارانەی بەدەستەکانم ئەنجامی دەدەم لێی دەکەمەوەو دەیلکێنمە ناو لەپی دەستم.**

## وێنەی ژمارە (٤)

✓



## وێنەی ژمارە (٥)






**خۆم و خێزانکەم، وێنەکان ڕەنگ بکەو دواتر بیان بڕەو بیانلکێنە ناو خانەی داواکراو.**

## وێنەی ژمارە (٦)






خۆم و خێزانکەم، وێنەکان ڕەنگ بکەو دواتر بیان بڕەو بیانلکێنە ناو خانەی داواکراو.

## وێنەی ژمارە (٧)

**لەناو خانووەکەماندا خێزانەکەمان دەژیت، وێنەی ئەندامانی خێزانەکەت ڕەنگ بکەو دواتر بیلکێنە بە شوێنی دیاریکراودا.**









**ئەندامانی خێزانەکەم.**

## وێنەی ژمارە (٨)





ماڵەکەمان دەرگاو پەنجەرەی هەیە. خانووەکە ڕەنگ بکەو دواتر دەرگاو پەنجەرەکە ببڕەو بیلکێنە بە شوێنی دیاریکراو.

**وێنەی ژمارە (٩)**



## وێنەی ژمارە (٩)









**ماڵەکەمان، گەرماو، ژووری نوستن، چێشتخانە، ژووری دانیشتنی هەیە. وێنەکان ڕەنگ بکەو دواتر بیان بڕەو بیان لکێنە بە شوێنی دیاریکراو.**

## وێنەی ژمارە (١٠)





**لەم وێنەیەدا، گۆڕانکاری شێوەی مانگ دەبینم، شێوەکان دەبڕم و بەپێی پێویست لە جێگەی خۆی دەیانلکێنم.**

## وێنەی ژمارە (١١)



خواردنە خۆشەکانم.

ئەو خواردنەی زۆر حەزی پێدەکەم دەیبڕم و لەشوێنی مەبەست دایدەنێم.

## وێنەی ژمارە (١١)



جۆری خواردنەکان

## وێنەی ژمارە (١٢)



وێنەی سەوزەو تەماتەو خەیارو دەلوجەکە دەبڕم و لەناو قاپەکەی دەلکێنم، زەلاتە دروست دەکەم.

## وێنەی ژمارە (١٣)



وێنەکان ڕەنگ دەکەم و جۆرێکی تر لە زەڵاتە دروست دەکەم. ناوی خواردنەکان بڵێ.

**وێنەی ژمارە (١٤)**

**ئەمە وێنەی چییە؟ ڕەنگی بکەو پارچەکانی ببڕەو بەیەکییەوە بلکێنە.**



## وێنەی ژمارە (١٥)



ئەوە وێنەی چ گیاندارێکە؟ باسی بکەو دوای ڕەنگکردن وەك خۆی لێبکەوە.

## وێنەی ژمارە (١٦)



پارچەکانی ئەم گوڵە ببڕەو دواتر هەرپارچەیەك بە شوێنی خۆی بلکێنە.

وێنەی ژمارە (١٧)



## وێنەی ژمارە (١٧)

**لەم وێنەیەدا سوڕی باران بارین دەبینم، وێنەکانی خۆی ببڕەو هەریەکەیان بخە شوێنی دیاریکراو.**

**دواتر ڕوونکردنەوەی لەسەر بدە.**



## وێنەی ژمارە (١٨)




وێنەکان دەبڕم و لەشوێنی خۆی دادەنێم. دواتر سروشتەکە ڕەنگ دەکەم.

## وێنەی ژمارە (١٩)

**پارچەکانی ئەم ئۆتۆمبێلە دەبڕم و هەریەکەیان دەخەمەوە شوێنی خۆی. دواتر ڕەنگی دەکەم.**



## وێنەی ژمارە (٢٠)



پێویستە کام لەم کەرەستانە بخرێنە ناو جانتاکە؟ ڕەنگیان بکەو دواتر بیانبڕە.

## فەرهەنگۆك

| كوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
|---|---|---|
| ئارامگرتن، ئۆقرەگرتن، تویێتكەگرتن | استقرار | Stability |
| ئازادی | الحرية | Liberty |
| ئاست | مستوى | Level |
| ئاگاداری، وریاكردنەوە | الانتباه | Attention |
| ئاكار | اخلاق | Moral |
| ئامێر، ئامراز، كەرەستە | آلة، أدة | Instrument |
| ئارەزوو، حەز، مەبەست | مَيل، اسلوب | Tendency |
| ئەزموون (تاقیكردنەوە) | اختبار، تجربة، خبرة | Experience |
| ئەزموونگەری | اختباري، تجريبي | Experimental |
| ئەنجام | نتيجة | Result |
| ئەندێشەكردن، خەیاڵكردن | التخيل | Imagination |
| ئەندێشە، خەیاڵ | خيال، تصور | Imagination |
| ئێرەیی، ئیرەیی، چكۆسی، كندۆسی، حەسوودی | حسد، غيرة | Envy, Jealousy |
| ئیشی دەست، كاردەستی | أعمال يدوية | Handdicraft |
| بەخۆزان | واع ذاته | Self conscious |
| بەخۆگونجاو | متاوق الاجزاء، منسجم مع ذاته | Self consistent |
| بەخۆوەگلان | الاستغراق في الذات | Self approbation |
| بەخۆوەگلاو | منغمس في الذات، الانغماس الذاتي | Self indulged |
| بەرتەك | استجابة، الاستجابة | Response |
| بەرتەكی خوازەكی | لاستجابة الارادية | Voluntary Reaction |

| | | |
|---|---|---|
| Manager | مدير | بەڕێوەبەر |
| Inference, deduction | أستدلال | بەڵگەهێنانەوە، بەرەنجام |
| Induction | الاستقراء، تجنيد، إحداث، تقليد، تخليق | بەڵگەهێنانەوەی مادی |
| Intuition | الحدس | بەهرە |
| Inspiration | الهام | بەهرە، سرووش |
| Acquired | المكتسب | بەهرەگیر |
| Generalization | التعميم | بڵاوکراوە (گشتاندن) |
| Basis | اساس، عنصر اساسي | بنەڕەت، بنچینە |
| Field | مجال | بوار |
| Learning field | مجال التعلم | بواری فێربوون |
| Inheritance | وراثة | بۆماوەیی، ڕەگەما |
| Poster color | اللوان بوستر | بۆیەی پۆستەر |
| Gouache color | اللوان جواش | بۆیەی گواش |
| Water color | اللوان المائية | بۆیەی ئاوی |
| Acrylic color | اللون اكريليك | بۆیەی ئەکریلیك |
| Recollection | استذكار، تذكر | بیرهێنانەوە |
| Idies | أفكار | بیرۆکە |
| Anxiety | قلق | بێئارامی، پەژارە، بێئۆقرە، دوودڵ |
| Experiment | تجربة | تاقیکردنەوە، ئەزموونکردن |
| Edgy | منفعل | تاوگیر |
| Emotion | إنفعال | تاوگیری، (هەڵچوون بۆ ئەم دەستەواژەیە بەکارنایەت چونکە مرۆڤ هەڵناچێت بەڵکو تاوێك گیر دەبێت) |
| Emotions | انفعالات | تاوگیریەکان |

| | | |
|---|---|---|
| Privacy | خصوصية | تایبەتمەندی |
| Translation | ترجمة | تەرجومە، (وەرگێڕان) |
| Preparation | الاستعدادات، تنظيم، تنسيق | تەیاری، ڕێکخستن، خۆئامادەکردن |
| Fear | خوف | ترس |
| Ability | قدرة | توانا |
| Adaptability | قابلية التكيف | توانای ڕاهاتن، توانای خۆگونجاندن |
| Visual elements | العناصر البصرية | توخمە بینیەکان، پێکهاتە بەربینیەکان |
| Anger | غضب | توڕەیی |
| Notice | الملاحظة | تێبینی |
| Observation | مراقبة | تێبینی |
| Introspection | استبطان، التأمل | تێڕامان |
| Contemplating | التفكير | تێڕامان، لێوردبوونەوە، سەرنجدان |
| Satisfying, Satiation | الاشباع، اشباع | تێربوون |
| Comprhension | فهم | تێگەیشتن (چەمك) |
| Common understanding, Mutual understanding | الفهم المشترك | تێگەیشتنی هاوبەش |
| Rivalry | تناحر | تێك بەربوون |
| Mix | خلط | تێکەڵاوکردن |
| Destruction | هدم، تخريب | تێکدان، ڕوخاندن |
| Destruction | تدمير، تخريب | تێکدان، ڕووخاندن |
| Damage | عطب | تێکچوون |

| | | |
|---|---|---|
| Concord, Accord | تفاهم، وفاق | تێگەیشتن |
| Dysfunctional system | اختلال النظام | تێکهەڵدایی |
| Scrimmage | مشاجرة | تێکهەڵقژان (تێکهەڵپڕژان) |
| Learning theory | نظرية التعلم | تیۆری فێربوون |
| Reward | ثواب، مكافأة | پاداشت، خەڵات |
| Prophylaxis | وقاية | پاراستن |
| Thrift | ادخار | پاشەکەوتکردن، زۆرکردن |
| Background | خلفية | پاشخان، پاشینە |
| Motive | الدافع | پاڵنەر |
| Relationship | علاقة، صلة | پەیوەندی |
| Reinforcement | تعزيز، تقوية، تعزز، تعميق | پتەوکردن، بەهێزکردن |
| Dynamic | حركي، ديناميكي | پڕجووڵە، جووڵە (بزێو) |
| Dynamic character | شخصية ديناميكية | پڕجووڵە، کەسێتی پڕجووڵە، جرپن |
| Program, programme | برنامج | پڕۆگرام، بەرنامە |
| Plan, policy, project, outline, schedule, schema | خطة، برنامج، مشروع، خريطة، هدف، غاية | پلان، نەخشەڕێگە |
| Scheme | مخطط | پلانبۆداڕێژراو |
| Depict | وصف | پیاهەڵدان، باسکردن |
| Prophecy, forecast | تنبؤ، تكهن | پێشبینی، نوقڵانە |
| Artisan | حِرَفي، صنائعي | پیشەگەر |
| Elements of abstraction | عناصر التجريد | پێکهاتە ڕووتەڵەکیەکان |
| Artistic elements | العناصر الفنية | پێکهاتە هونەریەکان |
| Structure | تركيب، بُنية | پێکهاتە، پێکهاتەی هونەری، بنەمای هونەری |

| | | |
|---|---|---|
| Measure | قياس | پێوانە |
| Criterion | معيار، محك | پێوەر |
| Need for knowledge | الحاجة الى المعرفة | پێویستی زانیاری |
| Biological needl | الحاجات البايولوجية أو الحيوية | پێویستیە بیولۆجیەکان، زیندەکی |
| Body | جسم | جەستە، لەش، بەدەن |
| Physical | جسدي | جەستەیی، لەشەکی، تەنیەتی |
| Delinquent | جانح | جرپن، لاسار، سەرکێش |
| Delinquency | الجنوح | جرپنی، لاساری |
| Esthetic, aesthetic | علم جمال | جواناسی، جوانزانی |
| Differences | الفروق الفردية | جیاوازی تاکایەتی |
| Disparity, inequality, difference, variance, disproportion, contrast | تفاوت، تباين، فارق، غير متساو | جیاوازی، جودایی، نایەکسان |
| Integration | تكامل | جێبەجێبوون، تەواوبوون |
| Execution | أداء، تنفيذ، إعدام، إنجاز، إجراء، عمل حاسم | جێبەجێکردن، بەجێهێنان |
| Desire, inclination | رغبة، ميل | حەز، ئارەزوو |
| Abreaction | تفريغ، تنفيس | خاڵیبونەوە، دامرکانەوە، ڕەوینەوە |
| Sad | محزن | خەمگین |
| Depression | الاكتئاب، هبوط | خەمۆکی، دڵتەنگی |
| Dreams | الأحلام | خەون، خەونبینی |
| Self realization | تحقيق الذات | خۆبەدیهێنان |
| Self- centeredness | التمركز حول الذات | خۆخۆیی |

| | | |
|---|---|---|
| (Autocentrism) | | |
| Self closing | ذاتي الانغلاق | خۆداخەر |
| Self accusation | انتقاص من الذات، الاتهام الذاتي | خۆداشکاندن |
| Self accusation | اتهام الذات | خۆدانەگومان |
| Self expression | التعبير عن الذات | خۆدەربڕین، گوزارشتکردن له خود |
| Self reformation | اصلاح الذات | خۆدروستاندن |
| Inborn | فطري | خۆڕسکی، ڕەچەڵەکی، سروشتی |
| Self discipline | ذاتي الانضباط | خۆڕێکخەر |
| Self abuse | اذلال الذات | خۆشکاندن |
| Joy | فرح | خۆشیی |
| Self assertion | تأكيد الذات | خۆچەسپاندن |
| Self control | ضبط النفس | خۆگری، دانبەخۆداگرتن |
| Self rising | ذاتي الاخمار، ذاتي قابل للاخمار | خۆگور (وەکو خۆڕسك) |
| Self acting | ذاتي الفعل آلي | خۆکار |
| Self action | الفعل الذاتي | خۆکاری |
| Self denial | انكار الذات | خۆنایاندن، نکوڵی لەخۆکردن |
| Self abandonment | التخلي عن الذات | خۆنەویستی |
| Self contradictory | مناقض نفسه | خۆهەڵوەشێن |
| Egoism | انانية | خۆویستی، (خۆپەرست) |
| Family | الأسرة | خێزان |
| Customs and traditions | العادات و التقاليد | داب و نەریت |
| Distribution | توزيع | دابەشکردن |

| | | |
|---|---|---|
| Isolation | عزل | دابڕان، تەریك كردنەوە، جیاكردنەوە |
| Invention | ابداع | داهێنان |
| Inventor | مبدع | داهێنەر |
| Incubation | حضانة | دایەنگە، گۆشگری |
| Stupid (Moron) | الغبي، (المأنون) الغباوة (المورونية) | دەبەنگ، لاژك، كەودەن، گەوج |
| Expressionism | التعبيرية | دەبڕینخوازی |
| Expression | تعبير | دەرېڕین، گوزارشت |
| Psyche | نفس | دەروون |
| Insight | الاستبصار | دەروونبینی |
| Inner self | ناشيء في باطن الذات | دەروونزا |
| Conclusion | استنتاج | دەرئەنجام |
| body | هيئة | دەستە |
| Handmade | يدوي | دەستكرد |
| Artificial | إصطناعي | دەستكرد، دروستكراو |
| Fanaticism | التعصب | دەمارگیری |
| Enrichment | غنى، إثراء، خصوبة، سعة، أناقة، ترف | دەوڵەمەندكردن |
| Creating symbols | خلق الرموز | دروستكەری هێما، دروستكردنی هێما |
| Mental bygiene, Psychological heath | الصحة النفسية | دروستی دەروونی، دروستی دەرونایەتی |
| Mental retardation | التاخر العقلي | دواكەوتنی هۆشەكی |
| Situation | حالة، وضع، موقف، حال، | دۆخ، بار، چۆنییەتی |

| | | |
|---|---|---|
| | ظرف، مركز | |
| Development | استنباط | دۆزینەوە، داهێنان، هەڵێنجان |
| Phenomenon | ظاهرة | دیاردە |
| Learning debate | مناقشة التعلم | دیمانەی فێربوون |
| Sight | منظر | دیمەن |
| Androgyny, Effeminacy | تخنث | ژنانی، نەمێریی |
| Culture | ثقافة، حضارة | ژیاری، ڕۆشنبیری |
| Environment | البيئة | ژینگە |
| Oscillation | تأرجح، تذبذب | ڕا ڕا، دودڵ |
| Ornament | زينة، زخرفة، ديكور | ڕازاندنەوە |
| Ornamentation | تزيين، تزين، (مصدر زينة) | ڕازاندنەوە |
| Reality | حقيقة، واقع | ڕاستی |
| Real | واقعي، حقيقي | ڕاستییەکی، ڕاستێتی |
| Communication | اتصال | ڕاگەیشتن، پەیوەندیگرتن |
| Analysis, Explanation | تحليل، تفسير | ڕاڤە، ڕاڤەکردنی بابەتێك |
| Habituation | التعود | ڕاهاتن (گونجاندن، سازاندن) |
| Strengthening | تقوية | ڕاهێزان |
| Training | تدريب، تدرب، تمرين، توجيه | ڕاهێنان |
| Integration | تكامل | ڕەخسکان |
| Critic | ناقد | ڕەخنەگر |
| Art critic | الناقد الفني | ڕەخنەگری هونەری |
| Sex | الجنس | ڕەگەز، نەژاد |
| Diffuse behaviour | السلوك المشتت | ڕەفتار بڵاو، ڕەفتاری پەرشوبڵاو، ڕەوشتی پەرتوبڵاو |
| Behavior | سلوك | ڕەفتار، ڕەوشت، کردار |

| | | |
|---|---|---|
| Behaviorism | السلوكية | ڕەفتاریەتی، ڕەوشتایەتی |
| Instinct | غريزة | ڕەمەك |
| Paint, colour | لون، صبغ، طلاء | ڕەنگ |
| Daltonism<br>Achromatism | عمى الالوان<br>عمى الالوان العام | ڕەنگ کوێری |
| Cool colours | الألوان الباردة | ڕەنگە ساردەکان |
| Primary colours | الالوان الاولية | ڕەنگە سەرەتاییەکان |
| Dyer | صباغ، صابغ | ڕەنگکار |
| Colouring, colouring | تلوين بشكل فني | ڕەنگکردن |
| Tempra colours | الألوان تمبرا | ڕەنگی تێمپرا |
| Pastel colour | لون باستيل | ڕەنگی پاستیل |
| Oil colour | اللون الزيتي | ڕەنگی ڕۆنی |
| Glass colour | لون الزجاج | ڕەنگی شوشە |
| Gouache colours | ألوان الغواش | ڕەنگی گواش |
| Fresco colours | الوان الفريسكو، الألوان في الهواء الطلق | ڕەنگی فریسکۆ |
| Dyeing | خضاب، صَبَغَ، صِبغ | ڕەنگی کردن، ڕەنگکار |
| Water colours | الألوان المائية | ڕەنگی ئاوی |
| Acrylic colour | اللون اكريليك | ڕەنگی ئەکریلیك |
| Course of development | سير النمو | ڕەهەندی فراژووتن |
| Abstract | تجريد | ڕوتەڵەك، (ڕوتکراوە، داماڵدراو لە وێنە، داماڵدراو لە شێوە) |
| Frustration | احباط (خيبة) | ڕوخاندن، سەرنەکەوتن |
| Method | طريقة | ڕێباز، ڕێگە |
| Labial | شفوي | زارەکی |
| Kindergarten | روضة الاطفال | زارۆخانە، باخچەی منداڵان |

| | | |
|---|---|---|
| | | زارۆك: بە كرمانجی یانی منداڵ خانە: بە هەورامی یانی ئەو شوێنەی لێی کۆدەبنەوە، یان خانو. (زارۆخانە) کتومت لە بڕی وشە ئینگلیزییەکە دانراوە. |
| Cognition | معرفة | زانیاری |
| Kataphasia | التهتهتة، ثقل اللسان | زمان گرتن، لاڵ، زمان پەڵتی |
| Linguistics | علم اللغة | زمانەوانی، زماننناسی |
| Compelling | اجبار، قهر | زۆرلێکردن |
| Intelligence | ذكاء | زیرەکی |
| Adaptation | التكيف | سازان، ڕاهاتن (خۆگونجاندن) |
| Resources | مصادر | سەرچاوە |
| Springs | منابع | سەرچاوە، سەرچاوەکان |
| Queruous | مشاكس | سەرکێش |
| Attractive | جذاب | سەرنجڕاکێش |
| Quotient | الحاصل | سەرئەنجام، ئەنجام |
| Nature | طبيعة | سروشت |
| Passional nature | الطبيعة الانفعالية | سروشتی تاوگیر |
| Confidence limits | حدود الثقة | سنوری متمانە |
| Triangle | مثلث | سێگۆشە |
| Expert | خبير، صاحب خبرة | شارەزا، بەئەزموون |
| Skill, expertise, experiences | مهارة، خبرة، ممارسة | شارەزایی، کارامەیی، لێزانی |
| Agitation, disturbance | اضطراب | شڵەژان، ناڕێکی |
| Analysis | تحليل | شیکردنەوە، شرۆڤەکردن |

| | | |
|---|---|---|
| Style, method, manner, way, mode, technique | أسلوب، نمط، سلوك، نسق، نوع، وضع | شێواز، شێوە، ڕێگا |
| style, pattern, type, fashion, manner, modality | نمط | شێواز، چەشن، بابەت، شێوە |
| Direct style | الاسلوب المباشر | شێوازی ڕاستەوخۆ |
| Engineering forms | أشكال هندسية | شێوە ئەندازەییەکان |
| Form, Figure | صورة، شكل | شێوە، دیمەن، وێنە، ڕوخسار |
| Formalism | صوري | شێوەخوازی، دیتەنی، وێنەیی |
| Behaviour therapy | العلاج السلوكي | چارەی ڕەفتاری، چارەکردنی ڕەوشتی |
| Activity | نشاط، فعالية | چالاکی |
| Repression | كبت | چەپاندن، سەرکوتکردن |
| focus, concentration, concentricity, condensation | تكثيف، تكاثف، تركيز، تلخيص، نتاج التلخيص، كتلة مكثفة | چەسپاندن، چەقاندن، دامەزراندن |
| Axial education | تربية محوري | چەقی پەروەردە |
| Concept | مفهوم، فكرة | چەمك، بیرۆکە |
| Square | مربع | چوارگۆشە |
| Taste | ذوق، (تذوق الفني) | چێژ |
| Gustation | الذوق | چێژ، تام |
| Artistic taste | التذوق الفني | چێژی هونەری |
| Hummour, Funny mock | سُخرية، سخرَ | گاڵتە: بەبابەتێکی هونەری یان ئەدەبی کە ببێتە هۆی پێکەنین |
| Bright | لماع، مشرق | گەش، ڕووناك، درەوشاوە |
| Optimism | تفائل | گەشبین، خۆشبینی |

| | | |
|---|---|---|
| Development | نمو | گەشە |
| Growth | نمو | گەشە، وەرار |
| Developing the ability to criticize | تنمية القدرة على النقد | گەشەپێدانی توانستی ڕەخنەگرتن |
| Motor growth | النمو الحركي | گەشەجوڵە |
| Gallery | جاليري، صالة عرض فني | گەلەری، گالێری |
| Adult | راشد | گەورە، هەراش، پێگەییو |
| Convulsion | تشنج | گرژبوون، بارگرژی |
| Muscle tension | توتر عضلي | گرژی ماسولکەیی |
| Group | مجموعة، فئة | گروپ، کۆمەڵە |
| Psychological node | العقدة النفسية | گرێی دەروونی |
| Ceramic | سيراميك، فخار | گڵێنەکاری، سیرامیك |
| Isolation | منعزل | گۆشەگیر |
| Solitary | منعزل، وحيد، فريد، منفرد | گۆشەگیر، تەنیا |
| Introversion | انطواء | گۆشەگیر، کەسێك پەنگدەخواتەوە، خۆیدەخواتەوە |
| Social isolation | انعزال اجتماعي | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی |
| Agree | توافق | گونجان، ڕێککەوتن |
| Fantastic | خيالي | فەنتازی، خەیاڵی |
| Polychrome, miscellenous | متنوع، متنوع الالوان | فرەڕەنگ |
| Brush | فرشاة، فرشة | فڵچە |
| Learning | تعليم | فێربوون |
| Festival | مهرجان، احتفال | فێستیڤاڵ، ئاهەنگ گێڕان |
| Pencil | قلم رصاص | قەڵەم ڕەساس |

| | | |
|---|---|---|
| Pyramid | هرم | قوچەك |
| Gulp | بلع | قووتدان |
| Touching | مؤثر | کارتێکەر |
| Reaction | رد فعل، رجع | کاردانەوە، پەرچەکردار |
| Metal | معدن | کانزا |
| Glue | صمغ | کەتیرە |
| Raw material | مواد خام | کەرەستەی خاو |
| Person | شخص | کەس |
| Personality | الشخصية | کەسایەتی |
| Atmosphere, General mode | وضع، وضع العام | کەش، بارودۆخی گشتی |
| Utilization | استخدام، استغلال، انتفاع | کەڵك وەرگرتن، بەکارهێنان |
| Practicability, procedure, practice | عملية، إجراءات، عملية، طريقة، أسلوب | کردار، کرداری، پڕاکتیکی |
| Barrier | حاجز، عقبة | کۆسپ، بەربەست |
| Society | مجتمع | کۆمەڵ، کۆمەڵگە |
| Problem | مشكلة | کێشە، گیروگرفت، ئاریشە |
| Psychological conflict | الصراع النفسي | کێشەی دەروونی، ململانێی دەروونی |
| Skewness, deviation | انحراف | لادان |
| Aberration | جنوح، انحراف، ضال، شاذ | لاساری، سەرکێش، ڕێزپەر |
| Imitation | تقليد، المحاكاة | لاساییکردنەوە، لاساکردنەوە، دەمەلاسکێ، چاولێکەری |
| Biased | منحاز | لایەنگیر |
| Capacity, literacy | الكفاءة، القابلية | لەبار، چوستی، توانست، لێهاتویی |

| | | |
|---|---|---|
| Proceedings, procedure, steps | إجراءات، محضر، متابعة، مقاضاة، أحداث، التصرف | لێپرسینەوە، بەدواداچوون |
| Skilful | بارع، مُتفنن | لێهاتوو |
| Muscle | عضلة | ماسوولکە |
| Fatigue | التعب، اعياء | ماندووبوون، کۆڵدان، شەکەت بوون |
| Mongolism | المنغولية | مەنگۆلی |
| Backward child | طفل متخلف | منالی دواکەوتوو، بیرکۆڵ |
| Museum | متحف | مۆزەخانە |
| Brain | دماغ | مێشك، دەماغ |
| Agnosticism | اللاأرادية | نازانمکاری، بێخۆویستن |
| Conflict | صراع | ناکۆکی، ململانێ، کێشە |
| Alienation | اغتراب، خلل عقلي، انسلاخ، تغرب، ضياع | نامۆیی، تاران، نامۆیی دەروونی، کەسێکی هۆشڕۆیشتووە |
| Inartistic | غير فني، بدون موهبة | ناهونەری، بێهونەری |
| Abnormal | شاذ، غير عادي | نائاسایی، نامۆ |
| Embroidery | تطريز | نەخشکاری بە دەرزی و دەزوو، دەزوکاری، دەرزیکاری |
| Skin disease | المرض الجلدي | نەخۆشی پێست |
| Mores | عرف، عادات | نەریت (داب و نەریت)، عورف |
| Habit | عادة | نەریت، خوو |
| Dissonant | مُتنافر | نەشیاو، نالەبار جیاواز، نەگونجاو |
| Constant | ثابت، ثبوت | نەگۆڕ، جێگیر، چەسپاو |
| Evaluation, Estimate, | تقدير، تقييم، التثمين، التخمين | نرخاندن، خەملاندن |

| | | |
|---|---|---|
| Estimation | | |
| Projection | اضفاء، الاسقاط | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| Assessment | التقويم | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| Sample | عينة | نموونە |
| Oil painting | رسم بالوان الزيتي | نیگارکێشانی ڕۆنی |
| Children's drawing | رسوم الأطفال | نیگاری منداڵان، وێنەی منداڵان |
| Belonging | الانتماء | هاتنەڕیز، گەشەکردن، لایەنداری |
| Cooperation | تعاون | هاریکاری، هاوکاری، هەرەوەز |
| Modern | معاصر | هاوچەرخ، مۆدیرن، نوێ |
| Adolescence | مراهقة | هەرزەکاری، باڵقبوو |
| Feeling | شعور | هەست |
| Unacenesthesia | عدم الاحساس بالذات | هەست بەخۆ نەکردن |
| Feelings | الأحاسيس | هەستەکان، هەست پێکردن |
| Consciousness | احساس، حس | هەستکردن |
| Sensation | احساس | هەستکردن |
| Aesthetic sense | الحس الجمالي | هەستی جوانناسی |
| Sensitive "Sensitivity" | حساسية | هەستیاری، هەستەوەری |
| Cavalletto, Stand. | ستاند، حمال | هەڵگری تابلۆ، ستاند، ڕاگر |
| Attitude | موقف، اتجاه | هەڵوێست، ئاڕاستە |
| Attitudes | اتجاهات | هەڵوێستەکان، ئاراستەکان |
| Idea | فكرة، فكر | هزر، بیر، بیرۆکە |
| Cause | سبب، علة | هۆ |
| Art | الفن | هونەر |
| Fine Arts | الفنون الجميلة | هونەرە جوانەکان |
| Artist | فنان | هونەرمەند |

| | | |
|---|---|---|
| Artistic | فني | هونەری |
| The art is the language of communication | الفن لغة اتصال | هونەری ڕاگەیشتن، زمانی هونەری ڕاگیشتن، هونەر زمانی پەیوەندیکردنە |
| Abstract art | الفن التجريدي | هونەری ڕووتەڵەك |
| Graphic arts | فن جرافيك | هونەری گرافیك |
| Modern art | فن معاصر | هونەری هاوچەرخ |
| Symbol | رمز | هێما، سیمبول |
| Allegoric, allegorical, Symbolic | رمزي | هێمایی |
| slow learner | بطيء التعلم | هێواش فێربوون، سست فێربوون |
| Accuracy | الدقة | وردی، پوختی |
| Excitation | اثارة، الاثارة | وروژاندن |
| Delayed Response | استجابة مرجأة | وڵامدانەوەی دواخراو، بەرتەکی دواخراو |
| Conscience | وجدان | ویژدان |
| Imagingation | الخيال، تخيل | وێناکردن، ، خەیاڵکردن، وێنا، خەیاڵ |
| Image | صورة | وێنە |
| Image mental | صور ذهنية | وێنەبیریەکان |
| Assistant | مساعد | یاریدەدەر |
| Readiness | الاستعداد | ئامادەیی |
| Vocabulary | مفردات | یەکەکانی زمان |
| Lesson Vocabulary | مفردات الدرس | یەکەکانی وانە |
| Lesson units | وحدات الدرس | یەکەکانی وانە |

## سەرچاوە کوردییەکان


- جۆن، ستیڤن کلبەرت. زمانی جەستەی ڕەنگ، تێگەیشتن لە پەیامە نهێنییەکانی مرۆڤ. و: مینە – کەمال حەسەن. لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە. ٢٠٠٧
- سەعید، فایەق. تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار – چاپخانەی ڕەنج – سلێمانی، ٢٠٠٤
- سەعید، فایەق – هەراسانکردنی منداڵ لەنێوان ماڵ و قوتابخانەدا – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر – ٢٠٠٧
- سەعید، فایەق – قوتابخانەکان ڕوویان لە قیبلە نیە – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر – ٢٠٠٨
- پیربال، فەرهاد – زمانی حەیزەران – چاپخانەی ڕەنج – سلێمانی، ٢٠٠٦
- عەلی، خەلیل. بنەماکانی پەروەردەی هونەر لە زارۆخانەو خوێندنگاکان. چ٢، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠١٦
- عەلی، خەلیل. پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناخی بنەڕەتی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی– ٢٠١٤.
- سلێمان، حسن – سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنی هونەری تەشکیلی – ئەمینداریتی ڕۆشنبیری و لاوان – هەولێر – وەرگێرانی نەژاد عزیز سورمیٚ – چاپی یەکەم – بەغدا – ١٩٨٦
- د.تاهر، عبدالستار. قاموسی دەروون ناسی، ئینگلیزی– عەرەبی– کوردی، چ١، چاپخانەی عەلاء، الوزیریە، بەغدا، ١٩٨٥
- مستەفا، محمد– فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر، ئینگلیزی–کوردی، چ٢، لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١٢.
- عبداللە، مجید– فەرهەنگی سەرچاوە، عەرەبی–کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٤
- د.عمر، محمد– فەرهەنگی مەورید، ئینگلیزی–کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣
- محەمەد، مەسعوود– زاراوەسازی پێوانە، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر– هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١١


## سەرچاوە عەرەبییەکان


- البسیوني، محمود. الفن و تربیة الوجدان: دار المعارف – ١٩٨٥.
- إبراهیم، زکریا (د.ت). فلسفة الفن في الفکر المعاصر. القاهرة، مصر.
- أبو شعیرة، خالد. مدخل الی التربیة الفنیة، ط١، عمان، دار جریر– الأردن، ٢٠٠٠.
- بدري، مالك. سایکولوجیة رسوم الاطفال – دار الفرقان للنشر و التوزیع ٢٠٠١.
- برکلیمي، جان. بحث في علم الجمال. القاهرة. دار نهضة مصر، ١٩٧٠.
- البسیوني، محمود. أسرار الفن التشکیلي – قاهرة – دار المعارف ١٩٨٠.
- البسیوني، محمود. الرسم في المدارس الابتدائیة، ١٩٨٥.
- البعلبکي، منیر (المورد) قاموس انکلیزي – عربي، دار العلم للملایین، بیروت ١٩٧٥.

– جاردنر، هوارد.كتاب نظرية الذكاءات المتعددة – مصدر: الملتقى التربوي – من قسم الكتب الكترونية .٢٠١١
– خميس، حمدي. نحو معيار موضوعي لفن – القاهرة – ١٩٧٥.
– خميس، حمدي. طرق تدريس الفنون لدور المعلمين و المعلمات العامة – بيروت، لبنان – المركز العربي للثقافة و العلوم
– خميس، حمدي. طرق تدريس الفنون، ط٣، .١٩٩٣
– داغر، كميل قيصر. اندريه ريتون. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات، ١٩٧٩.
– دولة الامارات العربية المتحدة، منهج التربية الفنية للتعليم الأساسي، ط٣، ١٩٩٦.
– ديون، جون. الفن خبرة – ترجمة: زكريا ابراهيم – القاهرة – دار النهضة العربية – .١٩٦٣
– روزنتال، م. و يودين، ب و (لجنة من العلماء و الاكاديميين السوفياتيين) ترجمة: سمير كرم. دار الطليعة – بيروت، .١٩٨٠
– ريد، هربرت. الفن اليوم – ترجمة: محمد فتحي و جرجيس عبده – مصر، دار المعارف ١٩٨٥.
– زكي، لطفي محمد. نظريات في السلوك الفني و تطبيقاتها التربوية – قاهرة: دار المعارف ١٩٦٩.
– زهراء عاطف زكريا. تنمية قدرات الطفل – الرياض – الدار الوطنية الجديدة.
– سوزانا ميلر. سيكولوجية اللعب، ت: يسي، رمزي حليم، ط١، القاهرة، المكتبة العربية، ١٩٧٤.
– شلق، علي. الفن والجمال، ١٩٨٢.
– صالح، قاسم حسين. الابداع في الفن. بغداد: جامعة بغداد، ١٩٨٨.
– صنورة، مصري عبدالحميد. سيكولوجية التذوق الفني – القاهرة – دار المعارف ١٩٨٥.
– عاقل، فاخر. معجم علم النفس، (انكليزي– فرنسي– عربي) دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧١.
– عبدالمطلب أمين القريطي. مدخل الى سيكولوجية رسوم الاطفال – مصر: دار المعارف ١٩٩٥.
– العشماوي، محمد زكي. فلسفة الجمال في الفكر المعاصر. بيروت: دار النهضة العربية، ١٩٨٠.
– عطية، محسن محمد. مفاهيم في الفن والجمال.
– عوض، رياض. مقدمة في فلسفة الفن. طرابلس: جروس برس، ١٩٩٤.
– فرج، صفوة. الذكاء و رسوم الاطفال – القاهرة – ١٩٨٦.
– فضل، محمد عبدالمجيد. التربية الفنية – مداخلها، تأريخها، و فلسفتها – الرياض – عمادة شؤون المكتبات، جامعة الملك سعود– ١٩٩٦.
– لونفيلد، فيكتور. طفلك و فنه – ترجمة: سامي جمال و يوسف قطف – مصر – مكتبة الاداب ١٩٦١.
– مجاهد، عبدالمنعم. دراسات في علم الجمال. القاهرة: دار الثقافة، ١٩٩٠.
– محمد، علي عبدالمعطي. الابداع الفني و تذوق الفنون الجميلة، الأزرايطة: دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٠.
– مطر، أميرة حلمي. علم الجمال و فلسفة الفن – القاهرة: دار المعارف ١٩٨٩.
– منال عبدالفتاح. المهارات الاساسية للفنون البصرية لطفل الروضة – مكتبة زهراء الشرق ٢٠٠٥.

– منال عبدالفتاح، عواطف ابراهيم. المهارات اليدوية بين النظرية و التطبيق – مكتبة الانجلو المصرية ١٩٩٥.

– المهنا، عبدالله. التخطيط لتدريس التربية الفنية – الكويت: مكتبة الفلاح ١٩٩٣.

– هويمان، دنيس. علم الجمال، ت: أميرة حلمي طه. مراجعة أحمد فؤاد الأمواني. القاهرة: دار احياء الكتب العربية، ١٩٥٩.


## پێگە ئەلکترۆنییەکان:


taaif.net /showthred.php?t =19332
nooo.com/imagcache/3696:imagcache.jpg
picpanda.com
kindergarten-6.blogspot.com
neelwafurat.com
whyvizcomm.org
http://www.werarthah.com/special/cogn/home_toys.htm
http://www.balagh.com/woman/tefl/r00tgf.thm


## سەرچاوە بیانییەکان:


- Kackny; Jeffrery Quality in School Environments: Amultiple, Case Study. A: 4963. 12, no, 57, DAL, ph.D, Milwaukee, 1996.

- Tuman Donna Marie. Subject Matter ana the Fomal Artistic Characteristics of, Dal – a 59/07, Dissertation Abstract International, Childrens Drawing Colunbia University Teachers College, 1999.

- Charles Harrison and paul wood. Art in theory (1990) an Anthology of changing Ideas.

- Mcfee Degge &, June, Regent Art. Culure And Encironment Acatalyst for teaching Kendall, UI.S.A Hunt publishing Cmpany. 1980.

-Benware & deci(1984). The quality of learning with an active versus passive motivational set. American educationl reserch journal,21,755,765

–Leon,m.(2000).journal of attention disorders, 4(1).27-47

-Wolfson,A. (1998).sleep schedules and daytime functioning in adolescents. development, 69(4)875-887

–Brt,C,the structure of the mind,brit, J.Educ. psychol.,19,1949,pp.100-112

-The international encyclopedia of education. Research and studies V6 M-O, 1985

-Stewart, Eric Lane (1991). Using music in the classroom, Mathematics teacher, V.84,N.8,Nov

-Kestrom, J.M. (1998) the untapped power of music: Its red in the curriculumand Its effect on acadmic achievement. Nassp bullentin, 82,34-43
–petra bosse: salt dough,condon newyork, sydney, 1996
–thomassina smilh: finger puppet london, newyork, 1996

- Asher, Steven R., Peter D. Renshaw, and shelly Hymel.

  1992. "Peer Relations and the Development of Social Skill." In the young child: Reviews of Research, Vol.3, Shirley Moore and Catherine Cooper, eds., 137-58. Washington, DC: NAEYC.

  - Ayers, William. 1989. The Good Preschool Teacher: Six Teachers Reflect on their Lives. New York: Teachers College Press.

  - Evans, Betsy. 1992. "Helping Children Resolve Disputes and Conflicts." High/Scope Extensions (May/June).

  - Hartup, Willard W. 1983. "Peer Relations." In Socialization, Personality, and Social Development, Handbook of Child Psychology, Vol. 4, E. Mavis Heatherington, ed., Paul H. Mussen, series ed., 103-96. New York: Wiley.

  - Satir, Virginia. 1988. The New Peoplemaking. Mountain View, CA: Science and Behavior Books, Inc.

  - Wichert, Susanne. 1989. Keeping the Peace. Philadelphia: New Society Publishers.

  - Buzzelli, Cary A. 1992. "Young Children's Moral Understanding: Learning About Right and Wrong." Young Children 47, no. 6 (September): 47-53.

  - Beilin, Harry. 1957. Studies in the Cognitive Basis of Language Development. New York: Academic Press.

  - Bruner, Jerome. Interaction in Human Development. Hillsdale, NJ: L. Erlbaum Associates.

  - Goodman, Yetta, and Kenneth Goodman. 1981. "Twenty Questions About Teaching Language." Educational Leadership 38, no. 6 (March): 437-42.